# شڤایک لە شەڕی دووەمی جیهانیدا

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

بێرتۆڵد برێشت

# شڤایک لە شەڕی دووەمی جیهانیدا

وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە

کەریم پەڕەنگ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

بێرتۆڵد برێشت
شڤایک لە شەڕی دووەمی جیهانیدا
وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٧٩
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤٧٤ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆکان نووری سەعید

# پێشەکی

کەریم پەڕەنگ

بێرتۆڵد برێخت یەکێک بوو لە داهێنەرە گەورەکانی سەدەی بیستەم و یەکێک لە ناوە هەرە گرینگەکانی جیهانی شانۆ، کە هەتا ئەمڕۆش بە یەکێک لە دانپێدانراوە نایابەکان دادەنرێ کە میراتێکی بە پیت و دەوڵەمەندی بۆ جیهانی شانۆ لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە. بەڵام پێگە و پلە و پایەی ئەدەبیی هەردەم بەبێ مشتومڕ نەبووە، چونکە برێخت چ وەکو مرۆڤێکی مارکسی و چ دەرۆستیی سیاسی بۆ جیهانێکی مرۆڤانە، کە کارە ئەدەبیی و داهێنانەکانی خەملاندووە، بووەتە مایەی ململانێ و جەمسەرگەریی. زۆرجاریش دژوازییەکانی چ وەکو مرۆڤ و چ وەکو داهێنەر بۆ هەموو کەسێک مایەی قبووڵکردن نەبووە. بەڵام ڕەنگبێ هەر ئەم خەسڵەتانە بن برێخت لەوانەی تر جودا بکەنەوە و مۆرکێکی برێختیانەی پێوە بنێن. برێخت خۆی هەرگیز لە کارەکانی خۆی وەکو بەرهەمی سەرومڕ و تەواوبوو نەڕوانیوە، بگرە پتر وەکو «هەوڵ» ناوزەدی کردوون و وەکو وەڵام بۆ گیروگرفتەکانی سەردەم و چاکترکردنی کۆمەڵگە بەرنامەڕێژیی بۆ کردوون. هەر لەبەرئەوەیە زۆرجار تاقە یەک شانۆنامەی برێخت هەڵگری هەمان ناونیشان بە دوو سێ دەقی جیاوازی هەندێ جار بە یەکتر دژواز دەیانخوێنینەوە، ئەمەش زۆرجار تۆژەر یان ڕەخنەگر یان وەگێڕ و تەنانەت هەندێ جار دەزگای وەشانەکانیش تووشی گێرمە و کێشە

دەکا. گومانی تێدا نییە، دەتوانرێ برێخت وەکو گرینگترین و کاریگەرترین شانۆکاری ئەڵمانیزمانی سەدەی بیست لە قەڵەم بدرێ. ئەوەی پێش هەموو شتێک داهێنانی برێخت ناوازە دەکا بەستنەوەی شانۆنامەنووسی و شانۆکارییە، واتە برێخت تەنیا شانۆنامەنووسی سەرمێزی نووسین نەبوو، بگرە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی کاری دەرهێنانەوە، بەڵام نەک هەر تەنیا لەم ڕێیەوە سەرسوڕهێنەرانە داهێنانەکانی بە بینەران و خوێنەران گەیاندووە. لەم ڕوانگەیەوە، بەستنەوەی نووسین و پرۆڤەکاریی، دەتوانرێ برێخت بە کلاسیکییەکانی یۆنان، شێکسپیر یان مۆلێر بەراورد بکرێ.

برێخت لە ڕێی تیۆری و شیکارییە گرینگەکانییەوە ڕێخۆشکەر بووە بۆ فراوانترکردن و زیاتری تێگەیشتنمان لە شانۆ و ئەو پرەنسیبانەی ئەو کاری تێدا کردوون.

سەرباری ئەمەیش، کە برێخت وەکو پراوەکار شانۆکارێکی بە سەلیقە و لێهاتوو و بەهرەمەند بووە. دانسقەیی دەستکەوتی برێخت وەکو تیۆریکار دیار و ئاشکرایە. لەلایەکەوە بەهۆی ئاوێتەکردنی ئەو وروژاندنە کاریگەر و سەرسوڕهێنەرانەی لە ڕێی نووسینەوە بەرجەستەی دەکردن، لەلایەکی ترەوە بەڵام سەبارەت بە ڕۆچوونی بە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی لە کۆمەڵگە. بێگومان برێخت بە پشتبەستن بە داهێنانی شانۆیی چەمکگەلێکی نوێی هێنایە ناو جیهانی شانۆوە، کە لە تۆژینەوە تیۆریکانیدا هەندێ جار بە جێگۆڕکێ، هەندێ جاری تریش لە پاڵ یەکەوە بەکاری دەهێنان.

برێخت شانۆکارێکە کە حیسێب بۆ عەقڵی تێگەیشتنکارانەی بینەر دەکا، لەزەتی تێگەیشتن لە شانۆی برێشدا پێگەیەکی بەرفراوانی هەیە، بۆیە ڕێکەوت لە شانۆیەکی ئاوادا ئیتر جێی نابێتەوە. لە جیاتی

وەهمی گەمە، نمایشێکی جیهانی هونەری سەربەخۆ بە کارەکتەرەوە، دەبێ شانۆیەکی نامۆکار کە ڕووت دەکاتەوە و خۆی کەشف دەکا بەرجەستە بکرێ. تا ئەو ئاستەی برێخت پێوەندی نێوان شانۆ و ژیانی ڕاستەقینەی وەکو سەرمەشق بۆ درامای مۆدێرن سەرلەنوێ پێناسە کرد: دیواری چوارەمی وەهم خوڵقێنەر لە شانۆی مەلحەمی برێشدا لە ئارادا نامێنێ و تێگەیشتنێکی نوێی بینەر زاڵ دەبێ. بە پێی بیرکردنەوەی برێخت ئەم بینەرە لە گێڕەرەوەیەکی ناکارا و تەنیا وەرگرەوە دەبێتە ڕەفتارکارێکی کارا و بەرهەمهێن.

تەجریدکردن هەندێ جار بە یارمەتی گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی بنەماگەی دراماتورگی برێخت پێک دەهێنێ. ئاوێتەکردنی ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژوویی کارتێداکردنەوە و خەملاندن و داڕشتن و گونجاندنی لەگەڵ ڕوحی سەردەمدا گرینگترین سیماکانی شانۆی برێختن.

«شڤایک لە شەڕی دووەمی جیهانیدا» نەک تەنیا هەر یەکێکە لە سەرکەوتووترین شانۆنامەکانی برێخت، بگرە لە ساڵەکانی چلی سەدەی بیستەمەوە یەکێکە لە سەرکەتووترین شانۆنامەکان لە ناوەوە و دەرەوەی دەڤەری شانۆی ئەڵمانیزماندا.

«شڤایک لە شەڕی دووەمی جیهانیدا» نموونەیەکی زیندووی شانۆی مەلحەمی برێختە. لەم شانۆنامەیەشدا برێخت نایەوێ ڕووداوێک بەرجەستە بکا و بینەر بکاتە بەشێک لە ڕووداوەکان و لە کردارێکیانەوە تێوەگلێنێ، بگرە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە و وا لە بینەر دەکا تێڕامێنێ و کارایی بێدار بکاتەوە و بە بەڵگە کار دەکرێ و بینەر بۆ مەعریفە دەورووژێنرێ.

ئێمە لەم پێشەکییە کورتەدا ناتوانین شانۆی برێخت و شانۆنامەکانی و تیۆرییەکانی بەتێروتەسەلی بە خوێنەری کورد بناسێنین، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەگەر بە ئاماژەی کورتیش بێ لەم پڕۆژەیە و لە پڕۆژەکانی داهاتوومان‌دا برێخت کەمێک لە خوێنەری کورد نزیک بکەینەوە و بە شانۆنامە و نووسینەکانی پتر ئاشنای بکەین.

## ژیننامەیەکی کورت

بێرتۆڵت برێخت یان برێخت لە ساڵی ١٨٩٨دا لە ئاوگسبورگ لە ئەڵمانیا لەدایک بووە. برێخت لەناو خێزانێکی بورژوا گەورە بووە و پاشان مارکسییەکی توندی لێ دەرچووە. هەر لە ساڵەکانی قوتابخانەیدا دەست بە بڵاوکردنەوەی شیعرو چیرۆکەکانی دەکا. پەخشانێک، کە تێیدا دژی شەڕ دەوەستێتەوە و ستایشی ناکا- بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی مامۆستاکانییەوە- خەریک بووە ببێتە هۆی ئەوەی لە قوتابخانەی دواناوەندی وەدەرنرێ. ئەو ئەزموونانەی لە کاتی ئەرکی برینپێچیی لە نەخۆشخانەی سەربازییدا کردوونی، بۆ هەردەم ڕەتکردنەوەی توندڕۆیانەی بۆ شەڕ بەهێزتر دەکەن.

لە دواییدا برێخت دەبێتە یەکێک لە پێشکەوتووخوازترین نووسەرانی کۆماری ڤایمار. سەرەتاکانی ئەدەبیی وەکو ڕەخنەگری شانۆ، کورتەچیرۆکنووس و کارکردن لە کابەرێتدا دەست پێ دەکا. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا خەڵاتی کلایستی دەدرێتێ. میونیخ، دواییتر بەرلین دەبنە چەقی کارکردنی. لە ناوەڕاستی بیستەکاندا لە ڕێی خوێندنەوەی مارکسەوە پاڵنەری کارە ڕەخنەییەکانی هەتا ئەو کاتەی

له کۆمەڵگە باشتر دەبینێتەوە و ڕوانگە و جیهانبینییەکانی پتر بۆ دەسەلمێ. شانۆیی وەکو «ئۆپرای سێ قروشی» یان «سەرکەوتن و نشوستی شاری ماهاگۆنی» ناو و دەنگێکی زۆری بۆ پەیدا دەکەن. له ساڵی ١٩٢٧دا له ژنی یەکەمی جیا دەبێتەوە؛ دوو ساڵ دواییتر هێلینه ڤایگڵی ژنه ئەکتەر دەخوازێ، که دوایيتر دەبێته یەکێک له نمایشکاره به ناوبانگەکانی "دایکه ئازا"و زۆر شانۆگەریی تریشی.

دوای دەستەڵات گرتنه دەستی هیتلەر ئاسۆی ئەڵمانیا بۆ برێختی کۆمۆنیست تەنگ دەبێتەوە. ڕۆژێک پاش سووتانی ڕایخستاگ (پەرلەمانی ئەڵمانیا) برێخت وڵات بەجێ دەهێلێ و ڕوو دەکاته تاراوگه. به سەر پراگ، ڤیێنا و سویسرادا دەچێ بۆ دانیمارک. نێزیکی سڤێندبۆرگ له گوندێک خانوویەک به کرێ دەگرێ، لەوێ گرینگترین کارەکانی سەرهەڵدەدەن، وەکو «دایکه ئازا». هەڕەشەی نێزیکبوونەوەی شەڕ له دوایيدا بۆ سوێد، فینلەندا، شورەوی و له ساڵی ١٩٤١دا بۆ وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕاوی دەنێ، که له دوایيدا له سانتا مۆنیکا (کالیفۆرنیا) جێگیر دەبێ. لەوێ ناسیاویی لەگەڵ تاراوی تردا (وەکو هاینریش مان و ئەلفرێد دوێبلیندا) پەیدا دەکا. دەست بەوە دەکا، سیناریۆ بۆ هۆلیوود بنووسێ. لەو سەروبەندەدا کتێبەکانی له ئەڵمانیا سوتێنراون و مافی هاونیشتمانیەتیی لێ سەندرایەوە- ئەمەیش نه سەیره و نەش مایەی سەرسوڕمانه، چونکه برێخت به درێژاییی کات وەکو شەڕەنگێزێکی پڕ وشه و کردار دژی هیتلەر، ناسیۆنال سۆسیالیزم و شەڕ خۆی سەلماندووە.

له پاش شەڕ برێخت دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و له بەرلینی ڕۆهەڵات نیشتەجێ دەبێ. له ساڵی ١٩٤٩دا لەگەڵ هێلینه ڤایگڵدا ئەنسەمبلی

بەرلین دادەمەزرێنن، کە لە ساڵانی پاشدا کار لە مۆدیلی نمایشکردنی شانۆنامەکانی خۆیدا دەکا. لە ساڵی ١٩٥٦دا لە بەرلین بە دڵوەستان کۆچی دوایی کردووە.

## چەند دێرێک لەبارەی ئەم شانۆنامەیە

لە ٢٣ی جانیوەری ١٩٢٨دا لەسەر شانۆی ئەم نۆلندۆرفەرپلاتس لە بەرلین پێشهاتێکی سەرنجراکێش ڕووی دا، کە لە جیهانی شانۆدا دەنگی دایەوە: ئێرڤین پیسکاتۆر بە یارمەتیی شاشە، فیلم و لیبۆکی گرۆتێسکەوە سەرکێشییەکانی شڤایکی سەربازی سەلاری پشکێش کرد کە لە ڕۆمانی سەرکێشییەکانی شڤایکی سەربازی سەلار لە شەڕی جیهانیدای یارۆسلاڤ هاشەکەوە ئامادە کرابوو. یارۆسلاڤ هاشەک نووسەرێکی چیکیی بووە، لە ساڵی ١٨٨٣ لە پراگ لەدایک بووە. جگە لە دەرکێشییەکانی سەربازی ئازا شڤایک لە جەنگیی جیهانیدا چەندان کۆمەڵە شیعر و چیرۆک و نۆڤلێتی هەیە، بەڵام هیچیان لە ڕوانگەی ستاتیکییەوە بەم ڕۆمانەیدا ناگەن. لە ساڵەکانی شەڕی جیهانیی یەکەمدا هاشەک لەلایەن سوپای سوورەوە دەسگیر دەکرێ و تووسی سیل دەبێ. لە ساڵی ١٩٢٠دا دەگەڕێتەوە بۆ پراگ، بەڵام هەرگیز ئەم نەخۆشییەی لە کۆڵ نابێتەوەلە ساڵانی ١٩٢٠ هەتا ١٩٢٣دا ئەم ڕۆمانە بە زنجیرە لە پراگ بڵاو کرابووەوە، بەهۆی مردنی هاشەکەوە لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا لە ساڵی ١٩٢٣دا بە ناتەواوی مایەوە و کارل ڤانەکی هاوڕێی بە دوو بەرگ هەوڵی دا درێژە بە ڕۆمانەکە بدا، بەڵام بەهیچ جۆرێک تام و بۆنی شڤایکی هاشەکیان لێ نایە و، ئەو لەزەت و تەوسەی شڤایکی سەرەکیی پێ نووسراوە بە خوێنەر نادا. ئەوە لێهاتوویی و بە سەلیقەیی ماکس برۆد بوو کە هاشەکی دۆزیبووە

و ئەرک و ماندووبوونی ئەو بوو کە هاشەکی بە ئەدەبی جیهان ناساند و ئەو پلە و پایەیی بۆ ڕەخساند. ماکس برۆد هاشەک دەگەیەنێتە ئاستی ڕابەلێ و سێرڤانتەس لە ساڵانی ١٩٢٦/٧٢دا لە پراگ ڕۆمانەکەی هاشەک وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی ئەڵمانی و هەر زوو دەبێتە یەکێک لە کارە پڕفرۆشەکانی ساڵەکانی بیستی سەدەی بیست.

وەکو پیسکاتۆر لە کتێبی شانۆی سیاسیدا ئاماژەی بۆ دەکا، ئەوەی سەرنجیان بۆ ئەم کارە ڕاکێشاوە بەتایبەتی تێمای هەنوکەییی شەڕ، ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی تیژی هاشەک و ئەو ئەزموونەی، لە ڕۆمانێکی سەرکەتووی سیاسییەوە شانۆیەکی سەرکەوتووی سیاسی چێ بکرێ. ئەو سیناریۆیەی بۆ شانۆ ئامادە کردووە دەبێ "سەرجەمی بابەتی شەڕ لە بەر ڕووناکیی ساتیردا پێشان بدا و وزەی شۆڕشگێڕیی گەمە ڕوون بکاتەوە". لەم سەروبەندەدا ماکس برۆد مافی بە دراماکردنی بۆ خۆی مسۆگەر کردبوو و کاری تێدا دەکرد. بەڵام ئەنجامەکە لەگەڵ وێناکردنەکانی پیسکاتۆردا وێک نەدەهاتەوە. بۆیە بڕیاری دا بە یارمەتی برێخت و گاسباراو لانیادا کاری تێدا بکا. ئەم سیناریۆ نوێیە بە ناوی برۆد و ڕایمانەوە نمایش کرا لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیی لەگەڵ دەقەکەدا زۆر بەرچاو بوو.

برێخت ئەو کاتە بە چڕی کاری لە ڕۆمانەکەی هاشەکدا لەبارەی شەڕی یەکەمی جیهانیی و سیناریۆکەی برۆد- ڕایماندا کردبوو، بەشدارییەکی باشی لە دەقە نوێیەکەدا بۆ شانۆی پیسکاتۆر کردبوو و لەو کاتەوە خەونی بەوەوە دەبینی خۆی شانۆنامەیەکی شڤایک بنووسێ، هەتا لە ساڵی ١٩٤٣دا لە تاراوگەی ئەمەریکا بەدیهێنا. دەقی سەرەکی بۆ شانۆگەرییەکەی برێخت بێگومان ڕۆمانەکەی هاشەکە؛ لە

تەنیشتیشیدا گەیاندنێک بۆ دەقەکەی برۆد- رایمان و کارتێداکردنی دەستەجەمعیی پیسکاتۆر بەم شانۆگەرییەوە دەردەکەوێ. پیسکاتۆریش لە نووسینەکانی دواتری و دیمانەکانیدا ئاماژەی بۆ هاوپیوەندیی نوێکارییە تەکنیکییەکانی شانۆ و دراماتورگی مەلحەمی برێخت کردووە، بەتایبەتی پەنجەنومای ئامادەکردنی شڤایکی کردووە.

هیچ کاریگەرییەک وەکو دیمانەی برێخت لەگەڵ ڕۆمانی شڤایکی یارۆسلاڤ هاشەکدا لە کۆتاییی سالانی بیستی سەدەی ڕابردوودا نەیتوانیوە بەو جۆرە دیار و ڕوونە بخەملێنێ: لەلای زۆر لە کارەکتەرە گەورەکانی کردارێکی شڤایکانە دەبینرێتەوە، دیالەکتیکی شڤایک دەخوێنرێتەوە، تۆنێکی شڤایکی دەبینرێتەوە. بۆ برێخت ڕۆمانەکە پێگەیەکی تایبەتی لە ئەدەبی جیهانیدا داگیر کردووە و چەندان جاری خوێندووەتەوە و پێشنیازی کردووە خەڵکی تریش بیخوێننەوە، سێ بەندی یەکەمی وەرگێڕانەکەی هەموو کات لە کتێبخانەکەی بەردەستیدا بووە و هێڵێکی زۆری بە ژێر و بە سەر زۆر لە ڕستەکاندا هێناوە کە لە کاتی جیاوازدا پێی هەستاوە و هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتەی کاری لە ڕۆمانەکەدا کردووە بۆ ئامادەکردنی بۆ شانۆی پیسکاتۆر، هەندێکیشی دەگەڕێنەوە بۆ پلان بۆ شانۆنامەیەکی خۆی. کە زۆرجار کەڵکەڵەی وای لە سەردا بووە دەتوانین لە یاداشتنامەکانیدا بیخوێنینەوە:" [...] جارێکی تر دەمەوێ کار لە شڤایکدا بکەم، هەندێ دیمەنی ڕۆژانی کۆتاییی مرۆڤایەتی تێهەڵکێش کەم، بەجۆرێکی مرۆڤ بتوانێ لە سەرەوە هێزە سەروەرەکان و لە خوارەوە سەربازەکان ببینێ، کە لە پلانە گەورەکانیان لە ژیاندا دەمێننەوە". هاوشێوە لە ساڵی ١٩٢٨دا برێخت بیرۆکەیەکی لەو بابەتەی بە فریتس شتێرنبێرگ گوتووە:

"بیـرۆکـەیەکم بـۆ شـڤـایکی سـەرباز هەیە. دەمـەوێ لە بینایەکـدا لودندۆرف نمایش بکەم، کە چۆن لە بەردەم نەخشـەیەکی زۆر گەورەدا ڕاوەسـتـاوە. ژوورەکـە دەبێ ناوازە بەرز بێ، هـێندە بەرز دوو نهـۆم. لە سەر ئەم نەخشانە لودندۆرف فەرماندارییی بەتالیۆنە ئەڵمانەکان دەکا. بەرەو بەرەی ڕۆهـەڵات فـەرمـاندارییـان دەکـا – ئەو کـاتە لـە ڕووسـیـا شـۆڕش لە کلّپەدا بوو؛ دەیانبا بۆ ڕۆمـانیا؛ دەیانبا بۆ ئیتاڵیا. هێڵی بەرەی ناوەوەی بە دەسـتـەوەیە؛ سـیـسـتـەمێکی هێـڵێ ئاسنی نایابی بە دەسـتـەوەیە؛ بەڵام بەتالیـۆنەکان لە کاتی خـۆیدا ناگەن و بەو بەهێزییـە ناگەن کە ئەو پلانی بۆ داناوە. بەو ژمـارەیەشـەوە ناگەن کە ئەو دیاری کردووە. ئەرکەکە بەجێنایە – ئەی لەبەرچی بەجێنایە؟

لەژێر ئەو ژوورەدا کـە لودندۆرف نەخـشـەکـانی هەڵدەسـووڕێنێ و بەتالیۆنە ئـەڵمانەکان ئەملا و ئەولا پێ دەکا، شوێنێکی ژێرزەمین ئاسا هەیـە، کـە پڕە لە سـەرباز؛ ئەگـەر مـرۆڤ لـە نزیکەوە تەمـاشـا بـکا، بەشـێـوەیەک لـە شـێـوەکـان هەمـوو بە شـڤـایک دەچن. شـڤـایکەکـان دەجووڵێنرێن. ڕاستەوخـۆ بەرهـەڵستیی ناکەن، بەڵام یان ناگەن یان لە کاتی خۆیدا ناگەن. پێشهات هەن. پیشهـاتی هەردەم زیاتر و هەردەم فرە لایەنتـر، کـە دەبنە کۆسپ؛ کاتی زیاتریـان پێ دەچێ، ون دەبن. لە هیچ شـوێنێک بەرهـەڵسـتـیـیـەکی کارا نییـە؛ تەنانەت لە گفتـوگۆشـدا ئۆپۆزیسـیۆن هەیە، کە ڕاسـتـەوخـۆ ئاراسـتـەی دژی شـەڕ بێ؛ ملکەچی هەمـوو فـەرمـانەکان دەبن، ڕێز لـە لێپرسـراوەکـانیـان دەگرن، لە کـاتی ڕۆیشـتـندا دادەنیـشـتن کـاتێ فـەرمـانی مـارشـیـان پێ دەدرێ. بەڵام هەرگیز لەو کاتەدا بە شوێنی مەبەست ناگەن کە لودندۆرف لە سەرەوە لەسـەر نـەخـشـەکـەی دیاری دەکـا، هەرگـیـزیش بـە ژمـارەی تەواوەوە ناگەن".

پاڵنەری ڕاستەوخۆی بڕیاری برێخت لە ساڵی ١٩٤٣دا لە تاراوگەی ئەمەریکا دەست بە کارکردن لە شڤایکدا بکا ئاشکرا نییە. چەند مەبەستێک یەکانگیر بوون. شڤایک بووە هۆی زۆر دڵساردیی و بەدحاڵی بوون. ئێرڤین پیسکاتۆر، کە وەکو برێخت هەموو کات پلانی شڤایکی لە ناخیدا هەڵگرتبوو، لە ساڵی ١٩٣٣دا بەهۆی جیاوازەوە و لەبەر فیلمی شڤایک بە هاوبەشی لەگەڵ برێختدا لە نامەگۆڕینەوەدا بووە، لە ساڵی ١٩٣٩دا بۆ ئەمەریکا کۆچی کرد. پێشووتر زانیاریی لەبارەی بارودۆخی ئەمەریکا بۆ شیمانەی نمایشکردنی شڤایک کۆ کردبووەوە. پێیان گوتبوو پیسکاتۆر لە ئەمەریکا نەناسراوە و شڤایک بۆ ئەمەریکا نەگونجاوە. لەگەڵ ئەوەشدا پیسکاتۆر لە مۆسکۆ و پاریسەوە دوای کۆچکردنی بۆ ئەمەریکا گفتوگۆی لەگەڵ بریکارە ئەمەریکاییەکاندا درێژە پێ داوە، بەڵام سەرەنجام تەنیا ڕەتکردنەوەی یەک لە دوای یەکی چنییەوە: تێمای شەڕ ئاڵۆز و هەستیارە؛ ئەمەریکا نایەوێ گیروگرفتی لەگەڵ حکوومەتی ئەڵمانیادا تووش بێ؛ ترسی ئەوەشیان هەیە شڤایک، چ وەکو شانۆ چ وەکو فیلم مایەی سەرکەوتن نەبێ.

لە ١٩٣٩/٣/٣دا پیسکاتۆر لە نیویۆرکەوە بۆ برێختی نووسیوە، کە کورت ڤایل شڤایکی نمایش کردووە. لە یاداشتنامەیەکی دواییتری پیسکاتۆردا نوسراوە: "[...] ئەمجا سوپای ئەمەریکا، وەکو بە ڕێکەوت خوێندمەوە، خوێندنەوەی "شڤایک"ی لە سەربازەکان قەدەغە کردووە، بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات شڤایک دەربهێنم و کاری تێدا بکەم. کورت ڤایل لە کاتی هاتنیدا پێش هەمووماں بۆ نیویۆرک مادەکەی بە هەرزان بە نووسەرێکی ئەمەریکایی فرۆشتبوو کە ئێستا ناوەکەیم بیر نەماوە و ئەم شانۆنامەیە لەژێر ناوی جۆنی جۆنسن بە سەرکەوتووییەوە لەسەر شانۆی ئەمەریکایی پێشکێش کرابوو. بەڵام کە بێرت برێخت لەو

چرکەساتەدا و لەم بارودۆخەدا بۆ ئەم مادەیە فێڵی لێ کردم و زۆر بریندار کردم، تەنیا کاتێ دەتوانی لێی تێ بگەی، کە مرۆڤ هەوڵی دەرککردن بە بارودۆخی ژیانی تاراوگەمان بدا."

پیسکاتۆر یارمەتییەکی فرەی برێختی داوە بۆ گەیشتن بە تاراوگەی ئەمەریکا، لەوێ کاری بۆ دۆزیوەتەوە، بێگومان ئومێدی وا بووە لە داهاتوودا لەگەڵ برێختدا کار بکا. بەڵام برێخت پێی خۆشبووە لە کالیفۆرنیا بمێنێتەوە. لە دواییدا برێخت چەند جارێک پیسکاتۆری بینیوە، پیسکاتۆر نیازی نوێی خۆی بۆ کارکردن لە شڤایک لە شەڕی دووەمی جیهانیدا بۆ گێڕاوەتەوە. بەڵام برێخت لە پیسکاتۆر زووتر شڤایکی خستە سەر شانۆ و ئەم ڕەفتارەی برێخت پیسکاتۆری لە ناخەوە بریندار کردووە.

برێخت ئەم شانۆنامەیەی بە ئەڵمانی لە ئەمەریکا نووسیوە بۆ ئەوەی وەربگێڕێدرێتە سەر زمانی ئینگلیزی و لە شانۆیەکی ئەمەریکاییدا نمایش بکرێ لە کاتێکدا برێخت دەبوو لەگەڵ پیسکاتۆردا کاری ڕێژی بکا، بەڵام پیسکاتۆر لە بەر شڤایک دڵی لە برێخت شکابوو و بریختیش لە پیسکاتۆر دڵگیر بوو لەبەرئەوەی لێی نەدەپرسییەوە. برێخت لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا بە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی شڤایکدا چوونەوە و لەبەرئەوەی زۆر پاساژی شڤایک بە زاراوە نووسراوە و کارەکتەری گەمەگەرای شڤایک کۆسپ و تەگەرەیان بۆ وەرگێڕ دروست کردبوو. ئەمەو چەندان هۆی تر وایان کرد شڤایک لە ئەمەریکا نمایش نەکرێ. لەساڵی ١٩٤٦ەوە شانۆ ئەڵمانییەکان، لە پێش هەموویانەوە شانۆی ئەڵمانی لە بەرلین حەزیان دەکرد شڤایک بخەنە سەر شانۆ. برێخت کە هێشتا لە هەندەران بوو، بە ئاماژەی ئەوەی کە شڤایک هێشتا تەواو نەبووە، پرۆڤەکانی پووچەڵ کردەوە. ماوەیەکی کەم پێش

مردنی برێخت پلانی نمایشکردنی شڤایک له دەرهێنانی برێخت خۆی دارِێژرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٦دا برێخت مرد. ڕیژیسۆر هاری بوکڤیتس لە ساڵی ١٩٥٩دا بەهایەکی گەورەی دایە ئەم شانۆنامەیە و سەرسوڕهێنەرانە بۆ شانۆی ئامادە کرد. لەو کاتەوە زنجیرەی پێشکێشکردنی لەسەر شانۆکانی ئەڵمانیا و هەندەران نەپچڕاوە.

## هەڵوەشاندنەوەی کۆمیدیانەی نازیزم

بەهۆی توندوتیژیی نازییەکانەوە زۆر ڕەخنەگر و ڕاڤەکار ڕەخنەی ئەوەیان لە برێخت دەگرت کە لە "شڤایک لە شەڕی جیهانیی"دا توندوتیژیی بابەتەکەی کەم کردووەتەوە یان کۆمیدیایان بۆ دیکتاتۆرییەت بە نەگونجاو لە قەڵەم داوە. لەو بڕوایەدا بوونە ئەو کارەساتەی دیکتاتۆرێکی وەکو هیتلەر بەسەر مرۆڤایەتی هێناوە تێمای کۆمیدیا نییە، بگرە ئازار و نیگەرانییەکانی مرۆڤ دەبێ بەشێوەیەکی جیدی گوزارشتیان لێ بکرێ. نمایشە گاڵتەجاڕەکە یان دوور مەوداکە شەڕەنگێزانە کاری تێ دەکردن. بەڵام ڕەتکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گاڵتەجاڕانەی نازیزم، کە بە بەهانەی قوربانییەکان ڕەخنەی لێ دەگیرا بنەما میکانیزمییەکانی دراماکە نابینێ. چونکە لەوانەیە هەر کۆمیدیا بتوانێ قوربانییەکانی لە سەردەستیی ئیفلیجکەری فاشیزمی ئەڵمانی بپارێزێ، دەتوانێ بە دروستکردنی مەوداوە فاشیزم هەڵوەشێنێتەوە و لەو هەڕەشەیەی داماڵێ کە بووەتە هۆی دەستەوەستانیی قوربانیی. نمایشکردنی فاشیزمی ئەڵمانیا لە شێوەی کۆمیدیادا بە یەکەم نیگا ناچیز دەردەکەوێ بەهۆی دانسقەیی ئەو توندوتیژییە مێژووییەی بەرهەمی هێنا. چۆن دەتوانرێ ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەو ڕاونان و وەردەرنان، ئەشکەنجە و کۆمەڵکوژیی

لەگەڵ خەسڵەتەکانی کە دەدرێنە پاڵ کۆمیدیا وەکو لە ئارادا نەبوون، بێپەروایی و کۆتاییەکی بەختەوەر لەژێر یەک چەتردا کۆ بکرێنەوە؟

زۆر نووسەر وێراویانە بە ژانری ئەدەبی تر بەشێوەیەکی کۆمیدی گوزارشت لە ستەمکارێک یان دیکتاتۆرێک بکەن، بەڵام کەم شانۆکار وەکو برێخت جورئەتی ئەوەیان هەبووە هیتلەری کومێدی بخەنە سەر شانۆ، خستنە سەر شانۆی ستەمکارێک تا ئەو کاتە ڕووبەرێکی کەمی لە شانۆدا پێ درابوو. برێخت هەوڵی داوە پانتاییەکی کۆمیدی بۆ تێڕوانیمان لەبارەی دیکتاتۆر بۆ بخوڵقێنێ و بە چاوێکی کۆمیدییەوە لە ستەمکارییەکانی بڕوانین. ڕەنگبێ کەم کەس توانیبێتی وا بەسەرکەوتویی ڕووناکی بخاتە سەر ئەو ڕەهەندە پەنهانانەی دیکتاتۆر و کومیدیا بە یەکەوە دەبەستن.

بەمانایەکی تر تێڕوانین لە دیکتاتۆرییەت لە ڕەهەندە کۆمیدییەکەیەوە دەبێتە دەلاقەیەک بۆ تێڕوانین لە ئاسۆکانی پاڵنەرە شاراوەکانی خۆ گونجاندن لەگەڵ زوڵم و زۆردا. کە زوڵم و زۆر گەیشتە چڵەپۆپەی هیچ پاساوێک بۆ بێ ویژدانیی نامێنێتەوە و هیچ شتێک نابێتە هۆی پەشیمانیی لە هەلپەرستی. برێخت لە پانۆرامایەکی کۆمیدیدا دیکتاتۆرمان بۆ ڕووت دەکاتەوە و خاڵە لاوازەکانیمان بۆ نمایش دەکا.

لەم شانۆنامەیەدا برێخت بە پرۆژەیەکی کۆمیدی ڕووبەڕووی دیکتاتۆر دەبێتەوە و بە دیدێکی ڕەخنەگرانە تێڕوانینی خۆی نمایش دەکا.

## شڤایکی هەلپەرست

فیگوری شڤایک وەکو هەلپەرستێکی بە ڕەوشی دژە-پاڵەوان خەملاوەوە دەردەکەوێ، کە تێ دەگا چۆن بۆ قازانجی خۆی خۆی لەگەڵ ئەڵمانییە داگیرکەرەکان بگونجێنێ. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە

خۆئاگایی تاودەرەوەی شڤایکە لەبارەی هەڵبژاردنی ستراتیجییەکەی، کاتێ دوای پرسیار و وەڵام بۆ مەیخانەکە دەگەڕێتەوە و ئەم گەڕانەوەیەی دەبێتە هۆی سەرسامی. ئەوە فەرمانی داگیرکەری دیکتاتۆرە کە شڤایک بە ڕواڵەت دەکاتە هەلپەرست.

گریمانەی ئەم پرۆگرامی ڕەفتارە، کە لە هەمان کاتدا مانیفێستی دژە- پاڵەوانیی شڤایک بەرجەستە دەکا ئەوەیە: "زۆر شت لە خۆت داوا مەکە. ئەوە خۆی زۆرە، ئەگەر مرۆڤ لەم ڕۆژەدا هێشتا مابێ. مرۆڤ ئەوەندە بە ژیانی گەدەوە سەرقاڵە، کە ناپەرژێتە سەر هیچی تر." بەوە دەچێ هەموو کات بتوانرێ هەڵسوکەوتی شڤایک بگەڕێنرێتەوە سەر ئەم دروشمە. شڤایک هۆشیاریی پەیامبەریشی هەیە، وەکو لە دیمەنی حەوتەمدا لە زیندانی سەربازیدا دەیبینین. دەتوانرێ وتاردانی مشتومڕگەرانەی بۆ بەرگریکردنی لە ئایدۆلۆجیای نازیزم دژی بۆلشەفیزم وەکو فێرکردنی هاوزیندانەکانی لەبارەی ستراتیجی ڕاست بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ نازییەکاندا ڕاڤە بکرێ. شڤایک ماستاو- سارد- کردنەوە وەکو ستراتیجییەتی مانەوە دەگەیەنێ. تێزەی هەلپەرستیی کەمکردنەوەیەکی نەشیاو لە شڤایک بەرجەستە دەکا و بەرخودانی ڕوخێنەری نابینێ. لایەنگریی ڕووکەش لەگەڵ داگیرکەردا لە ڕاستیدا وەکو وێرانکردن خۆی دەنەخشێنێ.

کرستینە لایتەریتز باسی لایەنی هەرە کەمی بەرنامەی هونەر دەکا بۆ مانەوە. نەک قوربانیی لە ڕووی دوژمنێکی سەر دەستەوە، بگرە مانەوە پەرەدەستێنێ. پێوەندیی هەلپەرستیی ڕووکەش و تێکدان و ڕووخاندن شڤایک لە دوا دیمەندا وەکو ئەنجامگیریی بۆ پێش ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ هیتلەردا دەیکا:

"ئەگەر دەتەوێ لە شەڕ بمێنیتەوە، بە توندی دەست بەوانی تر و باوەوە بگرە، زیادەڕەویی مەکە، بگرە دەمت داخە، هەتا دەتوانی بەرخودان بکەی."

لێرەدا هەلپەرستیی وەکو ستراتیجی پەرەی پێ دەدرێ، هەتا هەلی بەرنگاربوونەوە و تێکدان و ڕووخاندن دێتە پێشێ. لەلای شڤایک زایەڵەی فیگوری شێتی کلاسیکییش دەناسینەوە، کە ڕێ دەدا بەبێ جوانکاریی ڕەخنە لە دەسەلاتداران بگرێ. ئەو گەمژەییەی هەردەم شڤایک پەنای بۆ دەبا هەوڵێکە بۆ خۆ ئازادکردن. ساکاریی بە ڕواڵەتی هەلپەرستیی و بێ وەیی و نمایش دەکا، بەڵام لە هەمان کاتدا تەوس بە سیستەمەکە دەکا . بەم جۆرە پڕکێشێ دەکا، لەلای شۆفاری گێستاپۆ بڕێتشنایدەر گازندە لە چۆنیەتیی خراپیی ئەو بۆمبەیە بکا کە بۆ هیتلەر دانرابوو. بەڵام بەپێچەوانەی فیگوری شێتی کلاسیکییەوە شڤایک ناتوانێ خۆی بە پاڵتۆی پارێزەری شێتیی داپۆشێ، چونکە ئەم شێتییە هیچ بە فریای ناکەوێ و لە زیندان توند دەکرێ.

سەرچاوەکان:

Knopf, Jan: Brecht Handbuch: Band 1. Stücke, Stuttgart, 2001.

Weisstein, Urich: Bertolt Brecht: Lehren des Exils, Frankfurt am Main, 1986, S.451-484

Weisstein, Ulrich: Bertolt Brecht und die Kpmödie, Frankfurt am Main, 1986, S.279-302

Jaretzky, Reinhold, Bertol Brecht, Reinbek bei Hamburg, 2006

## کەسەکان

شڤایک، بازرگانی سەگ لە پراگ

بالون، وێنەگر، هاوڕێی شڤایک

ئانا کۆپێچکا، مەیگێڕی میوانخانەی «بادە»

پرۆخاسکای لاو، کوڕی قەسابێک، عاشقی ئانا

برێتشنایدەر، شۆفاری گێستاپۆ[١]

بولینگەر، ڕێبەری دەستەی SS[٢]

کەشیشی بەرەی شەڕ

ئانا، کارەکەرێک

کاتی، هاوڕێی ئانا

میولەر ٢، شۆفاری SS

هیتلەر

هیملەر [٣]

---

(١) گێستاپۆ کورتەی Geheime Staatspolizei واتە پۆلیسی نهێنیی دەوڵەت، لە سەردەمی نازییەکاندا دەزگایەکی سەرکوتکاری و پۆلیسی سیاسی بوو بۆ لەناوبردن و ئەشکەنجەدان و چاودێریکردنی نەیارە سیاسییەکان و لە ساڵانی ١٩٣٣ هەتا ١٩٤٥ ئازادییەکی زۆری هەبوو. لە دادگەی نویرنبێرگدا وەکو ڕێخراوێکی تاوانکاریی لە قەڵەم درا(وەرگێڕ).

(٢) دەستەی پاراستن، لە ساڵی ١٩٢٥دا بە فەرمانی هیتلەر، لە سەرەتاوە بۆ پاراستنی هیتلەر خۆی دامەزرێنراوە، لە ساڵی ١٩٣٤ بەدواوە شێوە میلیشیایەکی بە خۆوە گرتووە، لە کاتی نازییەکاندا دەورێکی گەورەی لە هۆلۆکاوستدا هەبووە. (وەرگێڕ)

(٣) هاینریش هیملەر لە کاتی نازییەکاندا پێشەوای دەستەی پاراستن و سەرۆکی پۆلیسی ئەڵمانیا بووە دەوری سەرەکی لە هۆلۆکاوستدا هەبوو. (وەرگێڕ)

گوێرینگ[٤]
گوێبلز[٥]
فۆن بۆک[٦]
چەند کەسێکی لاوەکی

(٤) هێرمان گوێرینگ سوپاسالاری هێزە هەواییەکانی نازییەکان بوو لە شەڕی جیهانیی دووەمدا و دەورێکی گەورەی لە لەناوبردن و ڕاونانی ئۆپۆزیسیۆندا هەبوو، لە دامەزراندنی گیشتاپۆ و یەکەم ئۆردووگای کۆگەلیدا دەورێکی باڵی هەبوو. (وەرگێڕ)

(٥) یوسف گوێبلز لە سەردەمی نازییەکاندا لێپرسراوی سەرەکی شەڕ و وەزیری پڕوپاگەندە بوو، گوێبلز هیچ مەودایەکی بۆ ماسمیدیا نەهێشتەوە جگە لەوەی خۆی بۆ دیاری دەکرد. (وەرگێڕ).

(٦) فێدۆر فۆن بۆک ئەفسەرێکی سوپای ئەڵمانی بوو، دوایی بووە جەنەراڵ، لە جەنگی دووەمی جیهانیدا فەرماندەی لەشکر بوو. (وەرگێڕ).

## پێشنمایش لە دەڤەرە بەرزەکاندا

(مۆسیقای شەڕ. هیتلەر، گوێرینگ، گوێبلز و هیملەر بە دەوری گۆیەکی زەوییەوەن. هەموویان بالآیان زۆر بەرزە، جگە لە گوێبلز کە زۆر بالآی کورتە).

**هیتلەر:**

بەڕێزان هەڤالآنی حزب، پاش ئەوەی من ئەڵمانیام بە دەستی پۆلآیین خستە ژێر ڕکێفەوە دەتوانم دەست پێ بکەم، لە ئێستاوە سەرجەمی جیهان بخەمە ژێر ڕکێفەوە. بە ڕای من ئەمە پرسێکی تانک، فڕۆکەی شەڕ و ئەعسابی قایمە.

(دەستی دەخاتە سەر گۆی زەوی. پەڵەیەکی خوێناوی بە سەریدا بلآو دەبێتەوە، گوێرینگ، گوێبلز و هیملەر هاوار دەکەن «هایل»[(٧)]).

بەلآم، بۆ ئەوەی لە پەلەپەلدا لە بیرم نەچێ:

ئایا سەرۆکی ئازیزی پۆلیس و SS لە ڕاستیدا پیاوە بچووکەکە چۆن بیر لە من دەکاتەوە؟ من تەنیا مەبەستم ئەوەی ئێرە نییە بگرە ئەوەی نەمسا و چیکیش

---

(٧) وشەی "هایل" واتە سەلامەتیی، لە کاتی حوکمڕانیی نازییەکاندا "هایل هیتلەر" واتە سەلامەتیی هیتلەر لە جیاتی سلآو و ڕۆژ باش لە ئەڵمانیا و نەمسا بووبووە سلآوی فەرمیی نازییەکان، ئەوی بەو جۆرە سلآوی نەکردایە بە نەیاری نازییەکان لە قەڵەم دەدرا. (وەرگێڕ).

(یان ئەم دەوڵەتانە ناویان هەرچی بێ گرینگ نییە)
لە پشتمە یان- خۆشی دەوێم
لە تەنگەتاویدا بە فریام دەکەوێ، یان- بەجێم دەهێڵێ؟
لەگەڵمدا چۆن دەبێ ئەو کەسەی بە سەر هونەری بەڕێوەبردنی دەوڵەت، هونەری وتاردان، هونەری بیناسازیی و هونەری شەڕدا زاڵە-
بە کورتی سەیرم دەکا؟

**هیملەر:**

بە سەرسامییەوە.

**هیتلەر:**

خۆشیی بوونە قوربانی، دڵسۆزی و لە خۆبووردنی هەیە بەتایبەتی موڵک وماڵەکەی کە من بۆ شەڕەکەم پێویستم پێیەتی، چونکە هەرچی چەندە من ئەوەندە ژیرم، سەرەڕای هەموو شتێک منیش لە مرۆڤێک زیاتر نیم...

**هیملەر:**

من نکووڵی لەوە دەکەم.

**هیتلەر:**

من ئومێدی ئەوە دەکەم. بەڵام وەکو وتمان
کە ئەم شەونخونییە زگماکە ئازارم دەدا
لە خۆم دەپرسم: ئەو پیاوە بچووکە لە کوێی ئەورووپایە؟

**هیملەر:**

ڕێبەرم، بە بەشێک سوجدەت بۆ دەبا وەکو بۆ خواوەندێک، بە

بەشێک خۆشی دەوێن وەکو دڵدارێک، وەکو لە ئەڵمانیا.

گوێرینگ، گوێبلز، هیملەر.

هایل!

١

(لە مـیـوانـخـانـەی «بادە»دا شـڤـایک و بالـون دانیـشـتـوونە و خـواردنەوەی پێش نیـوەڕۆ دەخـۆنەوە. ژنـە مـەیگێـڕەکـە، ئـانا کۆپێچکا خان خزمەتی پیاوێکی مەستی SS دەکا. پرۆخاسکای لاو لەسەر بارەکە دانیشتووە).

**پرۆخاسکا خان:**

ئێوە پێنج پیلسنەر[٨] تان هەیە و نامـەوێ شـەشـەمـتـان بدەمێ، لەبەرئەوەی بە بیرەخوارنەوە ڕانەهاتوونە.

**شۆفاری–SS:**

یەکێکی تریشم بۆ بێنە، ئەمە فەرمانە، ئێوە دەزانن، ئەمە مانای چییـە و ئەگەر ئـاقڵ بن و بێدەنگ بن، نـهێنیـتـان لا دەدرکـێنم، پەشیمان نابنەوە.

**کۆپێچکا خان:**

من نامـەوێ بیـزانم. لەبەرئـەوە نهێنییـەکانتـان نەدرکێنن بیرەی ترتان نادەمێ و کێشە بۆ من دروست نەبێ.

**شۆفاری–SS:**

ئـەمـــــە زۆر ئـاقـــــڵانـەیە لـەلایـەن ئـێـــــوەوە، دەمـــــەوێ ئـەم ئـامـۆژگـارییـەشـتـان بکەم. هـەر کـەسـێ ئەم نـهێنـیـیـە بزانـێ گوللەباران دەکرێ. لە میـونیخ هـەوڵی کوشـتنی ئەدۆڵف دراوە.

(٨) جۆرە بیرەیەکی چیکییە و بەناوی شاری پیلسنەوە ناو نراوە. (وەرگێڕ)

خەریک بووە لەناوی بدەن، موویەکی مابوو.

**کۆپێچکا خان:**

دەمتان بگرن. ئێوە سەرخۆشن.

**شڤایک:**

(بە میهرەبانییەوە لە مێزەکەی تەنیشتەوە):

ئەمە کام ئەدۆڵفە؟ من دوو ئەدۆڵف دەناسم. یەکێکیان، کە لە لای پروشای دەرمانساز فرۆشیار بوو ئێستا لە مۆڵگەیە، لەبەرئەوەی نەیویستبوو ترشەڵۆکی هایدرۆکلۆریکی خەست بە چیکییەکان نەبێ بە کەسی تر بفرۆشێ، ئەدۆڵف کۆکۆشکایەکیش دەناسم، کە گووی سەگ کۆ دەکاتەوە و ئەویش لە هۆلۆکاوستە. لەبەرئەوەی وتوویەتی گووی بولدۆگی ئینگلیزی باشترین گووە. هەردووکیان موستەحەقن.

**شۆفاری-SS:**

(هەڵدەستێ و سلاوی فەرمیی دەکا):

هایل هیتلەر!

**شڤایک:**

(ئەویش هەڵدەستێ و بەهەمان شێوە سلاوی فەرمی دەکا):

هایل هیتلەر!

**شۆفاری-SS:**

(بە دەم هەڕەشەکردنەوە):

بە دڵی بەڕێتان نییە؟

**شڤایک:**

فەرمانتانە، جەنابی SS، زۆر بەدڵمە.

**کۆپێچکا خان:**

(بیرەکان دەهێنێ):

ئەوە بیرەکەتانە، هەر ئێستا هات. بەڵام ئێستا بە هێمنیی دانیشە و بەدەم دەمەتەقێوە نهێنییەکانی ڕابەرەکەت مەدرکێنە، کە کەس نایەوێ بیزانێ. لێرە سیاسەت نییە. من پیشەوەرم، ئەگەر یەکێک بێ و داوای بیرەیەک بکا بۆی دەهێنم، ئەمە هەموو شتێکە.

**پرۆخاسکای لاو:**

(کاتێ کۆپێجکا خان بۆ لای مێزی بارەکە دەگەڕێتەوە):

ئانا خان، بۆچی نایەڵی خەڵکەکە سەریان گەرم بکەن؟

**کۆپێچکا خان:**

لەبەرئەوەی نازییەکان یبادە» دادەخەن، جەنابی پرۆخاسکا.

**شڤایک:**

(جارێکی تر دانیشتووە):

ئەگەر ئەوە هیتلەر بووبێ کە هەوڵی کوشتنیان داوە ئەوا سەرکەوتنی بە دەست دەهێنا.

**کۆپێچکا خان:**

ئێوەش بێدەنگ بن شڤایک ئاغا، ئەمە هیچ پێوەندی بە ئێوەوە نییە.

**شڤایک:**

ئەگەر ئەمە ڕووی دابێ، لەوانەیە لەبەرئەوە بووبێ کە پەتاتە لە کەمبوونەوەدایە. خەڵکی ناتوانن تەحەمولی ئەوە بکەن. بەڵام ئەمە تەنیا تاوانی نەزمە، لەبەرئەوەی هەموو شتێک بەش

دەکرێ، هەموو چەپکێک سەوزەی شلە پەرەگرافێکە لەسەر کوپۆنی خواردەمەنی، ئەمە ڕێسایە، من بیستووشمە هیتلەر ڕێسایەکی گەورەتری هێناوە لەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤی بەشیاو زانیوە. لە هەر شوێنێک شت زۆر بێ، نەزم سەروەر نییە. لەبەرئەوە، کە من ئێستا سەگێکم فرۆشتبێ ئێستا لە گیرفانمدا کرۆنی کاغەز هەیە، دەیی و پێنجی، تێکەڵ و پێکەڵ، بەڵام ئەگەر من بێ پارە بم، لەوانەیە تەنیا یەک کرۆنی کاغەز و دەیییەک، چۆن لە ناویاندا بێنەزمییەکی زۆر پەیدا دەبێ؟ لە ئیتاڵیا، کاتێ مۆسۆلینی هات، شەمەندەفەرەکان ئیتر درەنگ نەدەهاتن. حەوت هەتا هەشت جار هەوڵی کوشتنی دراوە.

**کۆپێچکا خان:**

قسەی قۆڕ مەکەن، بیرەکەتان بخۆنەوە. ئەگەر شتێک ڕووی دابێ، ئەوا هەموومان باجەکەی دەدەین.

**شڤایک:**

ئەوەی من لێی تێ ناگەم ئەوەیە، کە تۆ بە سەر ئەم هەواڵەدا سەرت شۆڕ دەکەیتەوە، بالون، تۆ لە پراگدا دانسقە دەبی.

**بالون:**

ئەوە بە ئاسانیی دەوترێ کە خواردەمەنی لەم شەڕدا کەمە، بەڵام من لە جەژنی قوربانی پارەوە ژەمێکی ڕێکوپێکی خواردنم نەخواردووە تۆ سەیری کوپۆنی خواردەمەنییە و تەنیا بیست گرام گۆشت لە هەفتەیەکدا.

(دەست بۆ شۆفاری- SS درێژ دەکا):

ئەمانە پێیان خۆشە، سەیری کە، چەند باش خواردنیان پێ

دراوە، دەبێ تۆزێک پرسیاری لێ بکەم.

(دەچێ بۆ لای شۆفاری– SS).

بۆ نیوەڕۆ چیتان خوارد، ئاغای دراوسێ، لەبەرئەوەی هێندە تینووتانە، ئەگەر بۆم هەبێ بپرسم؟ من مەرج دەکەم، شتێکت بووە بە بیبەرەوە، یان لەوانەیە گولاشتان[٩] خواردبێ؟

**شۆفاری–SS:**

ئەمە هیچ پێوەندی بە ئێوەوە نییە، ئەمە نهێنیی سوپایە. مەخلەمەمان خوارد.

**بالون:**

بە سۆسەوە. سەوزەی تەڕی لەگەڵدا بوو؟ من نامەوێ، کە ئێوە شتێک بدرکێنن، بەڵام ئەگەر کەلەرم بووبێ، باش هاڕرا؟ هەموو شتێک کەوتووەتە سەر ئەوەی ئاخۆ باش هاڕراوە. بەڵێ، لە "پرسلاو" بەر لە هیتلەر، لێم ببوورن، مەخلەمەم لە «قوو» خوارد، لەلای پلاتنەر باشتر بوو.

**کۆپێچکا خان:**

(بە شڤایک):

ناتوانی بالون ئاغا لە شۆفاری– SS دوور بخەیتەوە، دوێنێ ئەوەندە پرسیاری لەبارەی بەشە خۆراکی ژەمێکی لەشکری ئەڵمانیای لە ئاغای برێتشنایدەری گێستاپۆ کرد، پێم سەیرە، ئەمڕۆ دەبێ لە کوێ بێت، کە خەریک بوو وەکو شۆفار بگیرێ.

---

(٩) شلەیەکی هەنگارییە، بە گۆشت و دۆشاوی تەماتە و بیبەرێکی زۆری تێ دەکرێ، هەندێک جار پەتاتەشی تێ دەکرێ. (و)

**شڤایک:**

ناتوانی هیچ بکەی. خواردن لای ئەو نەنگییە.

**بالون:**

(بە شۆفاری– SS):

ئاگـاتـان لەوە هـەیە، ئاخـۆ ئەڵمـانـەکـان لە پراگ سـەربازی خۆبەخش بۆ هێرش بۆ سەر ڕووسیا وەردەگرن و ئاخۆ بەشە خۆراکی ژەمەکان وەکو هیی لەشکری ئەڵمانیا گەورەن، یان درۆیە؟

**کۆپێچکا خان:**

بالون ئاغا، ئەو ئاغایە وەڕەس مەکە، ئەو وەکو کەسێکی ئاسایی لێرەیە، دەبێ وەکو چیکی شەرم بکەن ئەو پرسیارانەی لێ دەکەن.

**بالون:**

(بە هەست بە گوناهەکردنەوە):

هیچ مەبەستێکی خراپم نییە، ئەگینا نامەوێ بە هەموو بێگوناهییەک پرسیار بکەم؛ کۆپێچکا خان من هەڵوێستی ئێوە دەزانم.

**کۆپێچکا خان:**

من هیچ هەڵوێستێکم نییە، من مەیخانەیەکم هەیە. من تەنیا لای هەوڵ دەدەم میوانەکان هەڵسوکەوتیان جوان بێت، بالون ئاغا، ئێوە تەحەمول ناکرێن.

**شۆفاری– SS:**

دەتانەوێ ئارەزوومەندانە خۆتان ناونووس بکەن؟

**بالون:**

خۆ من تەنیا پرسیار دەکەم.

**شۆفاری– SS:**

ئەگەر ئارەزووتان لێیە، دەتانبەمە دەزگای خۆناونووسکردن. خۆراک زۆر نایابە. ئوکرانیا دەبێتە کێڵگەی بە پیتی قەڵەمڕەوی سێیەم. کاتێ لە هۆڵەندا بووین، ئەوەندە پاکەتم بۆ ماڵەوە ناردەوە، کە تەنانەت پێویستی ژیانم بۆ پووریشم دابین دەکرد، کە خۆشیم بەچارەیدا نایەت. هایتلەر.

**بالون:**

(ئەویش هاوکات هەڵدەستێتە سەر پێ):

هایل هیتلەر.

**شڤایک:**

(ئەویش چووە بۆ لایان):

تۆ نابێ بڵێی هایل هیتلەر، بگرە وەکو ئەو ئاغایە، کە دەبێ بیزانێ، هایتلەر بڵێی، ئەمە پێشانی دەدا، کە تۆ بەو ڕاهاتوویت و لە ماڵەوە بە دەم خەویشەوە دەیڵێی.

**کۆپێچکا خان:**

(بادەیەک مەی بۆ شۆفاری– SS دادەنێ):

ئەمەیش بخۆنەوە.

**شۆفاری– SS:**

(باوەش بە بالۆندا دەکا):

تۆ دەتەوێ ئارەزوومەندانە دژی بۆلشەفیکەکان خۆت ناونووس بکەی، بە خۆشحاڵییەوە گوێم لەوە دەبێ؛ تۆ چیکییەکی

چەپەڵی، بەڵام ئاقڵی، من لەگەڵ تۆدا دێم بۆ شوێنی خۆناونووسکردن.

**کۆپێچکا خان:**

(پاڵی دەنێ بۆ سەر کورسییەکەی):

سلیبۆڤیتس[١٠]ەکەتان بخۆنەوە، هێمنتان دەکاتەوە.

(بە بالون):

من زەوقم باشە و فڕێیت بدەنە دەرەوە. ئێوە بێ قیمەتن، ئەمەش پێوەندی بە نەوسنی نائاسییتانەوە هەیە. ئەو گۆرانییەتان بیستووە کە ئێستا دەوترێ؟ من بۆتان دەڵێم. هەتا ئێستا دوو بیرەتان خواردووەتەوە، تەنیا دوو بیرەتان خواردووەتەوە، دەبێ هێشتا عەقڵتان لای خۆتان بێ.

(گۆرانی ژنی سەربازی نازی دەڵێ):

**ئەی ژنی سەرباز چی پێ درا؟**

ئەی ژنی سەرباز
لە پراگی کۆنە پایتەختەوە چی پێ درا؟
لە پراگەوە جووتێ پێڵاوی پاژنەبەرزی پێ درا
سڵاوێک و لەگەڵیدا پێڵاوە پاژنەبەرزەکان
ئەمەی لە کۆنە شاری پراگەوە پێ درا.

ئەی ژنی سەرباز
وارشۆی سەر کەناری ڤایخسلەوە چی پێ درا؟

(١٠) سلیبۆڤیتس: برەندییەکە، لە هەڵووژە دروست دەکرێ و ڕێژەی کهولەکەی زۆرە و لە چەند دەوڵەتێکی ئەوروپادا خواردنەوەی باوە. (وەرگێڕ)

له شاری وارشۆوه کراسی کەتانی پێ درا
ئەوەندە ڕەنگاوڕەنگ و ئەوەندە نامۆ، کراسێکی پۆڵۆنی!
ئەمەی لە ڕۆخی ڤایخسلەوە پێ درا.

ئەی ژنی سەرباز چی پێ درا
لە ئۆسلۆی سەر سوندەوە؟
لە ئۆسلۆوە یەخە فەرووی پێ درا
هیوادارین ئەم ملوانی فەرووەی بەدڵ بێ.
ئەمەی لە ئۆسلۆی سەر سوندەوە پێ درا.

ئەی ژنی سەرباز
لە ڕۆتردامی دەوڵەمەندەوە چی بۆ هات؟
لە ڕۆتردامەوە ئەو شەپقەیەی پێ درا
باش لێی هاتووە، ئەو شەپقە هۆڵەندییە.
ئەمەی لە ڕۆتردامەوە پێ درا.

ئەی ژنی سەرباز
لە بروکسلی وڵاتی بەلجیکاوە چی بۆ هات؟
لە بروکسلەوە دانتێلە دانسقەکانی پێ درا
ئای، بوونە خاوەنی ئەمانە، ئەم دانتێلە دانسقانە.
ئەوەی لە وڵاتی بەلجیکاوە پێ درا.

ئەی ژنی سەرباز
لە شاری پاریسی چراخانەوە چی بۆ هات؟
لە پاریسەوە کراسە ئاورێشمییەکەی بۆ هات

بۆ ئێرەیی دراوسێ، کراسە ئاورێشمییەکەی
لە پاریسەوە بۆ هات.

ئەی ژنی سەرباز
لە تەرابلوسی لیبیاوە چێ بۆ هات؟
لە تەرابلوسەوە ملوانکەیەکی بچووکی پێ درا
جادووبەندێکی بچووک
بە کۆتاییی ملوانکەیەکی بچووکی مسینەوە
ئەمەی لە تەرابلوسەوە پێ درا.

ئەی ژنی سەرباز
لە وڵاتی ڕووسیای دوورەوە چێ بۆ هات؟
لە ڕووسیاوە سەرپۆشێکی بێوەژنانەی پێ درا
بۆ پرسەی مردووان سەرپۆشێکی بێوەژنانە
ئەمەی لە ڕووسیاوە بۆ هات.

(شۆفاری- SS بە دڵخۆشییەوە دوای هەموو کۆپلەیەک سەر دەلەقێنێ، بەڵام پێش دوا کۆپلە سەری دەکەوێتە سەر مێزەکە، لەبەرئەوەی ئێستا بە تەواوی مەستە).

**شڤایک:**

گۆرانییەکی زۆر خۆشە.

(بە بالون):

ئەمە بۆتی دەسەلمێنێ، کە دەبێ دوو جار بیری لێ بکەیتەوە، پێش ئەوەی شتێک بکەی کە بیرت لێی نەکردبێتەوە. بە خەیاڵتدا نەیەت لەگەڵ هیتلەردا بچی بۆ ڕووسیا لەبەر ژەمی گەورە و ئەمجا ڕەق دەبیتەوە، گامێش.

**بالون:**

(گۆرانییەکە هێناویەتییە هەژان، دەستی خستووەتە سەر مەچەکی و دەستی بە قوڵپی گریان کردووە):

عیسای مریەم، چی بەسەر من و چڵێسییەکەم دێ؟ دەبێ شتێکم لەگەڵدا بکەن، ئەگینا بە تەواوی دەفەوتێم، من ناتوانم بە سکی ناشتا چیکییەکی باش بم.

**شڤایک:**

ئەگەر تۆ سوێند بە مریەمی پاکیزە بخۆی، کە تۆ هەرگیز لەبەر چڵێسیت ئارەزوومەندانە خۆت ناونووس ناکەی، لەسەر قسەی خۆت دەمێنیتەوە.

(بە کۆپێچکا):

ئیماندارە. بەڵام سوێند دەخۆی؟ نەء

**بالون:**

لەبەر هیچ من ناتوانم سوێند بخۆم، ئەمە هیی گەمەپێکردن نییە.

**کۆپێچکا خان:**

ئەمە سامناکە. خۆ ئێوە مرۆڤێکی گەورەن.

**بالون:**

بەڵام لاواز.

**شڤایک:**

ئەگەر مرۆڤ بیتوانیبا قاپێکت بە خواردنی بەرازەوە بۆ دانێ و بڵێ فەرموو، ئەوەتا بخۆ، مرۆڤی تۆپیو، بەڵام سوێند بخۆ کە چیکییەکی باش دەمێنیتەوە، ئەمجا دەتەوێ سوێند بخۆی،

ئەوەندەی بتناسم، واتا، ئەگەر مرۆڤ قاپەکە بە دەستییەوە بهێڵێتەوە و یەکسەر ڕای کێشێتەوە دواوە، ئەگەر سوێند نەخۆی، ئەوسا مەیسەر دەبێ.

**بالون:**

ئەمە ڕاستە، بەڵام مرۆڤ دەبێ قاپەکە بە دەستییەوە بهێڵێتەوە.

**شڤایک:**

تۆ تەنیا کاتێک لەسەر قسەی خۆت دەمێنیتەوە، ئەگەر لە کاتی سوێندخواردنندا بێیتە سەر چۆک و لە بەردەم هەموو خەڵکدا سوێند بە ئینجیل بخۆی، حەقمە؟

(بالون سەر دەلەقێنێ).

**کۆپێچکا خان:**

خەریکە حەز بکەم لەگەڵتاندا تاقی بکەمەوە.

(دەگەڕێتەوە بۆ لای پرۆخاسکای لاو).

**پرۆخاسکای لاو:**

تەنیا کە گوێم لێ دەبێ گۆرانی دەڵێن، دەبێ خۆ ڕاگرم.

**کۆپێچکا خان:**

(بە داڵغەوە):

بۆچی؟

**پرۆخاسکای لاو:**

عەشق.

**کۆپێچکا خان:**

چۆن دەتانەوێ بزانن کە ئەمە عەشقە نەک تەنیا هەوەسێکی ڕێکەوت؟

**پرۆخاسکای لاو:**

ئانا خـــان، من دەزانم. دوێنێ بۆ ژنە کـــڕیارێک لە جـــیـــاتی شنیتسڵ[١١] جانتاکەی خۆیم بۆ پێچایەوە، کە لەگەڵ باوکمدا تووشی گێرمە و کێشە بووم، لەبەرئەوەی من بیرم لەلای ئێوە بوو. بە بەیانیان سەرم دێشێ. ئەمە عەشقە.

**کۆپێچکا خان:**

ئەمجا من هێشتا هەر دەپرسم، چەند خۆشەویستییە، وا نییە؟

**پرۆخاسکای لاو:**

ئانا خان، مەبەستت لەمە چییە؟

**کۆپێچکا خان:**

مەبەستم ئەوەیە، تەمەنی عەشق چەندە دەبێ؟ لەوانەیە تەنیا بەشی لووت هنگ کردنێک بکا، وەکو زۆرجار ڕووی داوە.

**پرۆخاسکای لاو:**

ئانا خـان، تکایە بە گوناهبارکـردنێکی وا سـارد، کـە من ڕەتی دەکەمەوە ڕوحم پارچە پارچە مەکە. بەشی هەموو شتێک دەکا، ئەگەر تەنیا قبووڵ بکرێ. بەڵام ئەمە نوقستانە.

**کۆپێچکا خان:**

لە خـــۆم دەپرسم، ئایا بۆ نموونە بەشی دوو پاوەن گـــۆشـــتی گەسێلخت[١٢] دەکا.

---

(١١) پارچەیەک گـۆشـتـە کـە بە ئارد و هێلکە و کـەپەک دەورە دراوە و لە ڕۆندا سوور دەکرێتەوە. (وەرگێڕ)

(١٢) گۆشتی قانگدراو، بۆ ئەوەی گۆشت و ماسی بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی خراپ ببێ بۆ ماوەیەکی زۆر بە ئاگری دار قانگ دەدرێ. (وەرگێڕ)

**پرۆخاسكای لاو:**

ئانا خان! چۆن دەتوانن لە ساتێكی ئاوادا شتێكی مادی ئاوا بە خەیاڵی خۆتاندا بهێنن.

**كۆپێچكا خان:**

(بەوەی پشت لە پرۆخاسكا دەكا، بۆ ئەوەی بوتڵەكان بژمێرێ).

دەبینن! هەر ئێستا ئەوەندەیە.

**پرۆخاسكای لاو:**

(بەدەم سەر ڕاوەشاندنەوە)

دیسان لێتان تێ ناگەم. كەشتی، كە شەوان ڕووبەڕووی یەكتر نابنەوە، ئانا خان.

**بالون:**

ئەمە لەلای من لەم شەڕەوە دەستی پێ نەكردووە، ئەمە نەخۆشییەكی كۆنە، ئەم چلێسییە. لەبەر ئەمە خوشكەكەم لەگەڵ منداڵەكانیدا، كە ئەوسا لەوێ دەژیام، بۆ كلۆكۆتا بۆ پیرۆزكردنی كلێسا چوو. تەنانەت كلۆكۆتاش هیچ سوودی نەبوو. خوشكەكەم بە منداڵەكانییەوە لە كلێسا پیرۆزكردن دەگەڕێتەوە و دەست بە ژماردنی دەكات. یەك یان دووان نوقستانن. بەڵام نەمتوانی فریای خۆم بكەوم، من دەمزانی لە ماڵەكەدا لەبەر هێلكەكانیان گرینگن، بەڵام دەچمە دەرێ، دڵم لێیان دەچێ، لە پڕ بۆ ئێوە لە گەدەدا هەست بە چاڵێك دەكەم، لە ماوەی سەعاتێكدا وەزعم باش دەبێ و مریشكەكە ئاوەڕووت كراوە. لەوانەیە كەس نەتوانێ بە فریام بكەوێ.

**پرۆخاسکای لاو:**

ئەمەت بەجیدییە؟

**کۆپێچکا خان:**

زۆر بەجیدی.

**پرۆخاسکای لاو:**

ئانا خان، کەی نیو کیلۆکەت دەوێ؟ سبەی؟

**کۆپێچکا خان:**

لەگەڵ پەیمانەکەتاندا بێباک نین؟ دەبوو بەبێ مۆڵەت و بەبێ کۆپۆنی گۆشت لە دووکانی جەنابی باوکت دەری بهێنی، ئێستا ئەمە واتە سەودا و مامەڵەی بازاڕی ڕەش و گوللەباران دەکرێی ئەگەر ئاشکرا ببێ.

**پرۆخاسکای لاو:**

بەڕاستی وا بیر دەکەنەوە، کە من بۆ ئێوە خۆم بە گوللەبارانکردن نادەم، ئەگەر بزانم بەوە دڵی ئێوە ڕازی ناکەم؟ (شڤایک و بالون گوێیان لە گفتوگۆکە گرتبوو).

**شڤایک:**

(بە دانپێدانانەوە):

مرۆڤێکی عاشق دەبێ ئاوەها بێ. لە پیلسن کوڕێکی لاو بۆ بێوەژنێک، کە تەنانەت گەنجیش نەمابوو خۆی بە کاریتەی کادانەکەوە هەڵواسی، لەبەرئەوەی لە کاتی گفتوگۆدا لە دەمی دەرچوو، کە ئەو هیچ بۆ ژنەکە ناکا، لە «ورچ»یشدا پیاوێکی منداڵدار لە ئاودەستخانەدا دەماری خوێنبەری خۆی بڕی،

لەبەرئەوەی کچە مەیگێڕەکە بۆ میوانێک باشتر مەی تێ کردبوو. چەند ڕۆژێک دواتر دوو کەس لە پردی کارڵەوە لەبەر کەسێک خۆیان فڕێدایە ناو مۆڵداوەوە، بەڵام لەبەر خاتری پارەکەی بووە؛ وەکو بیستوومە دەوڵەمەند بووە.

**کۆپێچکا خان:**

دەبێ پێی لێنێم، مرۆڤ وەکو ژن هەموو ڕۆژێک گوێی لەمە نابێ، ئاغای پرۆخاسکا.

**پرۆخاسکای لاو:**

ڕاست نییە! سبەی نیوەڕۆ دەیهێنم بۆ ئێرە، ئەو کاتە باشە؟

**کۆپێچکا خان:**

من نامەوێ خۆتان تووشی مەترسی بکەن، بەڵام بۆ کارێکی خێرە نەک بۆ من. ئێوە خۆتان گوێتان لێ بوو، ئاغای بالون دەبێ ژەمێکی ڕاستیی بە گۆشتەوە بخوا، ئەگینا بیری خراپی بۆ دێ.

**پرۆخاسکای لاو:**

کەواتە ئێوە ناتانەوێ من ژیانم بخەمە مەترسییەوە. ئەمەتان لە دەم دەرچوو، وا نییە؟ بۆ ئێوە چوونیەک نییە، کە من بکوژرێم، ئێستا قسەکەتان مەگێڕنەوە، کە من بەختەوەر بکەن. ئانا خان، شتەکە براوەتەوە، ئێوە دەتوانن حسێبی گەسێلختەکە بکەن، ئەگەر لەبەر ئەوە بشتۆپێم.

**کۆپێچکا خان:**

سبەی نیوەڕۆ وەرن بۆ ئێرە، ئاغای بالون، پەیمانی هیچتان نادەمێ، بەڵام بەوە دەچێ ژەمێک خواردنتان پێ بدرێ.

**بالون:**

ئەگەر تەنیا یەک ژەمێکی تر خواردنم پێ بدرایە، هەموو بیرکردنەوە خراپەکانم لە سەرم دەردەکرد. بەڵام من دڵی خۆم بەوە خۆش ناکەم، هەتا ئەو کاتەی خواردنەکە لە بەردەمی خۆمدا نەبینم، چونکە من ئەزموونی زۆرم هەیە.

**شڤایک:**

(بەرەو شۆفاری- SS دەچێ):

وا بزانم ئەو کاتەی بێدار دەبێتەوە هەمووی لە بیری چووەتەوە، هەر تەواو سەرخۆشە.

(بە گوێیدا دەقیژێنێ):

بژی بێنەش!

(کاتێ شۆفاری- SS جووڵە ناکا):

ئەمە دڵنیاترین ئاماژەیە کە ئاگای لە خۆی نییە، ئەگینا حەشرم پێ دەکا، لەبەرئەوەی لێرە دەترسن.

(شۆفاری گێستاپۆ برێتشنایدەر هاتووەتە ژوورێ)

**برێتشنایدەر:**

کێ دەترسێ؟

**شڤایک:**

(بە بڕوابەخۆبوونەوە):

پیاوانی- SS. وەرە لەلای ئێمە دانیشە، جەنابی برێتشنادەر. پیلسنەرێک بۆ بەڕیز، کۆپێچکا خان، ئەمڕۆ سەرمان گەرم دەکا.

**برێتشنایدەر:**

ئەی بە ڕای ئێوە ئەوان لە چی دەترسێن.

**شڤایک:**

بەوەی ئاگەدار نین و ڕێ بە گوزارشتێکی خیانەتکارانە دەدەن یان چووزانم. بەڵام لەوانەیە بتانەوێ ڕۆژنامەکەتان بخوێننەوە بە بێ ئەوەی وەڕەسکرێن و من ڕێتان لێ بگرم.

**برێتشنایدەر:**

(دادەنیشێ، ڕۆژنامەکەی بە دەستەوەیە):

من کەس وەڕەسم ناکا، ئەگەر شتێک بڵێ گرینگ بێ، کۆپێچکا خان دیسان وەکو گوڵەزەمبەقی پاک و سپی و بێ گەردی مایس وان.

**کۆپێچکا خان:**

(بیرەیەکی دەخاتە بەردەم):

باشترە بڵێن گوڵەزەمەقی حوزەیران.

**پرۆخاسکای لاو:**

(کاتێ کۆپێچکا خان بۆ سەر بارەکە دەگەڕێتەوە):

ئەگەر من لە جێی ئێوە بم ڕێی پێ نادەم ئەم بێڕووییە بەرامبەر ئێوە بکا.

**برێتشنایدەر:**

(ڕۆژنامەکەی دەکاتەوە):

ئەمە ژمارەیەکی تایبەتە. لە بیرەسازییەکی میونخدا هەوڵی کوشتنی پێشەوا دراوە. ئێوە چی لەبارە دەڵێن؟

**شڤايک:**

ماوەیەکی زۆر بە دەم ئازارەوە تلایەوە؟

**برێتشنایدەر:**

بریندار نەبووە، لەبەرئەوەی بۆبمەکە درەنگ تەقیوەتەوە.

**شڤايک:**

لەوانەیە یەکێکی هەرزان بووبێ. ئێستا هەموو شتێک بە زۆروبۆریی بەرهەم دەهێنرێ، ئەمجا پێیان سەیرە، کە چۆنیەتیی باش نییە. لەبەرئەوەی ئەم شتانە بەدڵوداو دروست نا کرێن، وەکو پێشوو کاری دەست، حەقم نییە؟ بەڵام ئەمە کەمتەرخەمییە لەلایەنی ئەوانەوە کە بۆ هەڵێکی ئاوا بۆمبێکی باشتر هەڵنابژێرن. لە چێسکی کروملۆڤ جارێکیان قەسابێک...

**برێتشنایدەر:**

(قسەکەی پێ دەبڕێ):

ئەمە بە کەمتەرخەمیی ناو دەبەی، کە پێشەوا خەریکبوو مەرگ بە چاوی خۆی ببینێ؟

**شڤايک:**

وشەیەکی وەکو خەریکبوو زۆرجار دێوجامەیە، جەنابی برێتشنایدەر ١٩٣٨. کاتێ لە میونیخ ئێمەیان فرۆشت، خەریک بوو شەڕ هەڵگیرسێنین، بەڵام ئەمجا کاتێ لێی بێدەنگ بووین خەریک بوو هەموو شتێک لە دەست بدەین. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا خەریک بوو نەمسا بە سەر سێربیادا سەرکەوێ و ئەڵمانیاش خەریک بوو بە سەر فەرەنسادا سەرکەوێ. ئێوە ناتوانن خەریکبوو بژمێرن.

**برێتشنایدەر:**

لە قسەکردن بەردەوام بن، گرینگە. کۆپێچکا خان، ئێوە میوانی بە بایەختان هەیە. ئەوەندە لە سیاسەتدا شارەزا.

**کۆپێچکا خان:**

هەر میوانێک وەکو ئەوی ترە. بۆ ئێمەی پیشەگەر سیاسەت لە ئارادا نییە. جەنابی برێتشنایدەر، من سوپاستان دەکەم، ئەگەر ئێوە ڕێگەی گوزارشتی سیاسی بۆ میوانە هەمیشەییەکانم خۆش نەکەن، بۆ ئەوەی دوایی بتوانن دەسگیریان کەن. بۆ ئێوەیش جەنابی شڤایک پارەی بیرەکەت بدە و دانیشە و باسی ئەو شتە بکە کە دەتەوێ. بەڵام جەنابی شڤایک ئەمڕۆ ئێوە بایی دوو پەرداخ بیرە چەنەتان دا.

**برێتشنایدەر:**

من وا هەست دەکەم، ئێوە بەوەتان نەزانیبێ بەوەی ئەگەر ئێستا پێشەوا بمردایە ئەوا دەبوو هۆی لە دەستدانێکی گەورە بۆ دەوڵەت.

**شڤایک:**

لە دەستدانێک بوو، ناتوانرێ ئەمە نکووڵی لێ بکرێ. لە دەستدانێکی دژوار. بە هەموو گەلحۆیەک جێی هیتلەر پڕ ناکرێتەوە. زۆر کەس جنێو بە هیتلەر دەدا. پێم سەیر نییە، ئەگەر هێرشی بکرێتە سەر.

**برێتشنایدەر:**

(بە ئومێدێکی زۆرەوە)

مەبەستتان لەمە چییە؟

**شڤایک:**

(بەجۆش و خرۆشەوە):

پیاوە گەورەکان هەموو کات لای خەڵکی ئاسایی بەدناون، وەکو جارێکیان سەرنووسەری کێڵگە و باخچە نوسیبووی. لەبەرئەوەی، لێی تێ ناگا و هەموو شتێک بە زیادە دەزانێ، تەنانەت پاڵەوانێتیش. ڕەشە خەڵک سەردەمی مەزنی بە لاوە گرینگ نییە، دەیەوێ تۆزێک بچێتە مەیخانە و شەوان گۆشتاوێکی هەبێ. نابێ شۆفاری دەوڵەت زۆر لە هەرچیوپەرچییەکی وا توورە بێ، کە دەبێ وا بکا گەلێک لە کتێبی قوتابخانەدا باسی بکرێ، ئەو سەگە بەستەزمانە. بۆ پیاوێکی گەورە خەڵکی ئاسایی گۆیەکە بە پێوە بەستراوە، ئەمە وەکو ئەوە وایە سجوقێکی دێبرێچینەر بۆ نانی ئێوارە بخەیتە بەردەم بالون بە ئێشتیایەوە، ئەمە هیچ نییە. نامەوێ گوێ بگرم چۆن گەورەکان جنێو بە ئێمە دەدەن کاتێ بە یەکەوە دەبن.

**برێتشنایدەر:**

ئێوە لەو بڕوایەدان، کە گەلی ئەڵمانیا لە پشتی پێشەوا نییە بگرە پرتەوبۆڵە دەکا؟

**کۆرێچکا خان:**

بەڕێزانم، تکاتان لێ دەکەم، باسی شتێکی تر بکەن، سوودی نییە، کاتەکان جیدین.

**شڤایک:**

(قومێکی گەورەی بیرە هەڵدەدا):

گەلی ئەڵمانیا لە پشتی پێشەوایە، جەنابی برێتشنایدەر، ئەمە

نکووڵی لێ ناکرێ. وەکو مارشاڵی قەڵەمڕەو گۆرینگ بەدەنگی بەرز وتی: مرۆڤ هەموو کات لە پێشەوا تێ ناگا، ئەو زۆر مەزنە. ئەو دەبێ بیزانێ.

(بە نهێنی):

مایەی سەرسوڕمانە چۆن کۆسپیان خستە بەر پێی هیتلەر، هەر لەگەڵ یەکێک لە بیرۆکەکانی بۆ دەهات، تەنانەت لە سەریشەوە. بیستوومە دەڵێن، پایزی ڕابردوو ویستی بینایەک دروست بکا، کە دەبوو لە لایبتزیگەوە هەتا درێسدن بگرێتەوە. پەرستگایەک بۆ یادەوەریی ئەڵمانیا، بەهۆی پلانێکی گەورەوە ئەم پڕۆژەیە لەناو برا، کە خۆی هەتا بچووکترین وردەکاریی پلانی بۆی دانابوو، دیسان بە زۆر گەورەیە لە وەزارەت سەریان ڕەوەشاند، لەبەرئەوەی هەستیان بۆ شتێک نییە مایەی تێگەیشتن نەبێ، بلیمەتێک چۆن بیر دەکاتەوە کاتێ هیچ کارێک نەبێ بیکا. لە شەڕی جیهانیدا تەنیا هێنانییە ناوەوە، بەوەی هەردەم گوتی، کە تەنیا شاری دانتسیگی دەوێ، هیچی تر و دوا خواستی دڵێتی. ئەمانە هەرە بەرز و تێگەیشتووەکانن، ژەنەراڵ و بەڕێوەبەر لە ڕانگی ئای گی، کە لەوانەبوو لایانەوە گرینگ نەبێ، لەبەرئەوەی پارەیان دەدرێتێ؟ ڕەشە خەڵک زۆر لەوە بەدترە. کە گوێی لێ دەبێ دەبێ بۆ شتێکی گەورە بمرێ، بۆی ناگونجێ و هەر خەریکی گازاندەن و بە کەوچک گیپەکەیان تێک دەدەن، وەکو تامەکەی بە دڵ، ئەمەش نابێ پێشەوایەک نیگەران بکا، کە بە ڕاستی خۆی ئەزیەت داوە بیر لە شتێکی تا ئێستا لە ئارادا نەبوو یان تەنیا داگیرکردنی دنیا بکاتەوە.

مـرۆڤ دەتوانێ چی لەوە زیاتر داگیـر بکا، ئەمـە وەکـو هەمـوو شتێکی تر سنووردارە. من حەزم لەمەیە.

**برێتشنایدەر:**

کەواتە ئێوە بانگەشـەی ئەوە دەکـەن، کـە پێـشـەوا دەیەوێ دنیا داگیـر بکا؟ نابێ تـەنیـا بەرگـری لە ئەڵمـانیـا بکـا دژی دوژمنە جوولەکەکانی و سەرمایەداران بکا؟

**شڤایک:**

نابێ شـتـەکـە وا وەرگـرن، ئەو بیـر لە شـتـی خـراپ نـاکـاتەوە. داگیرکردنی دنیا بۆ ئەو وەکو بیرە خواردنەوە ئاساییە. لەزەتی لێ دەبینـێ و بەهـەرحـاڵ جـارێک لە جـاران هـەوڵی بۆ دەدا. وەی لە حاڵی بەریتانییە ناپاکەکان، لەمە زیاتر ناڵێم.

**برێتشنایدەر:**

(هەڵدەستێتە سەر پێ):

پێویست ناکا لەوە زیاتر بڵێین. لەگەڵمدا بێن بۆ (پێچەکبانک) بۆ لای گێستاپۆ، لەوێ شتێکت پێ دەڵێین.

**کۆپێچکا خان:**

بەڵام ئاغای برێتشنایدەر، خۆ ئاغای شڤایک تەنیـا شـتـی بێ وەی گوتووە، تووشی بەدبەختیی مەکە.

**شڤایک:**

من بێگوناهـم، بـۆ ئەوەی کـە دەسـتگیـر بکرێم. مـن دوو بیـرە و سلیبۆڤیتسێکم خواردووەتەوە.

(دوای ئەوەی پارە دەدا، بە مـیـهـرەبانیـیـەوە ڕوو دەکـاتە برێتشنایدەر):

داوای لێبووردن دەکەم، کە من لە پێش ئێوەدا دەچمە دەرەوە بۆ باش لە بەرچاوتان دەبم و دەتوانن باش چاودێریم بکەن.
(برێتشنایدەر و شڤایک دەڕۆن)

**بالون:**

لەوانەیە ئێستا گوللەبارانی بکەن.

**کۆرپێچکا خان:**

باشترە بۆ خۆتان سڵیبۆڤیتسێک بخۆنەوە، ئاغای پرۆخاسکا. بێگومان ئێوەش تووشی شۆک بوونە، وا نییە؟

**پرۆخاسکای لاو:**

بۆ دەستبەسەرکردنی خەڵک زۆر خێران.

٢

(له بارەگای سەرەکی گێستاپۆ له پێچەکبانک شڤایک لەگەڵ برێتشنایدەری شۆفاردا له بەردەم بولینگەری ڕێبەری دەستەدا وەستاوە، له پشتیانەوە پیاوێکی SS وەستاوە).

**بولینگەر:**

بەوە دەچێ مەیخانەی بادە هێلانەیەکی ڕوو ئێسکسووکی گێرەشێوێن بێ، وا نییە؟

**برێتشنایدەر:**

(بە پەلە)

بەهیچ جۆرێک، جەنابی سەر دەستە، کۆپێچکای مەیگێڕ ژنێکی زۆر ڕێکوپێکە، کە سەروکاری لەگەڵ سیاسەتدا نییە؛ شڤایک ناوازەیەکی خەتەرە لەناو میوانە هەمیشەییەکاندا، کە ماوەیەکە چاوم بە سەرییەوەیەتی.

(تەلەفۆنی سەر مێزەکەی بۆلینگەر لێ دەدا. بیستۆکی تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ و دەنگێک لە بڵندگۆکەوە دەبیسترێ).

**دەنگی تەلەفۆن:**

فەرماندەی بەسەرداران. کروشای بانککار نایەوێ ئەو قسانەی لەبارەی هەوڵی کوشتنەکە کراوە بدرێنە پاڵ ئەو، چونکە ئەو بواری ئەوەی نەبوو ئەو هەواڵە لە ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو پێش ئەو ڕووداوە دەستبەسەر کرابوو.

**بولینگەر:**

ئەوە ئەوەیە کە خاوەنی بانکی بازرگانییە؟ دە قامچی بدە بە سمتیدا.

(ڕوو دەکاتە شڤایک):

ئاوها، ئاوها، تۆ یەکێکی ئاوەهای. لە پێشدا پرسیارێکت لێ دەکەم. ئەگەر تۆ وەڵام نەزانی، مالۆس، ئەمجا مویلەری ٢ (ئاماژە بۆ شۆفاری SS دەکا) دەتباتە ژێرزەمەینەکەوە بۆ تەمێکردن، تێ دەگەی؟ پرسیارەکە ئەوەیە: پیسایی زل دەکەی یان پسایی بچووک؟

**شڤایک:**

بە گوێڕایەڵی ڕاپۆرت دەدەم، ئاغای سەردەستە، کە من بەخواستی دڵی ئێوە گوو دەکەم.

**بولینگەر:**

وەڵامەکە تەواوە. بەڵام تۆ شتت گوتووە، کە مەترسین بۆ ئاسایشی قەڵەمڕەوی ئەڵمانیا، بە شەڕی بەرگریی پێشەوات وتووە شەڕی داگیرکردن، ڕەخنەت لە دابەشکردنی خواردن گرتووە هتد. هتد. چیت هەیە لەبارەی بیڵێی؟

**شڤایک:**

زۆرە. ئەوەندە زۆر تەندروست نییە.

**بولینگەر:**

(بەترسێکی زۆرەوە):

باشە، کە تۆ ئەوە تێ دەگەی.

**شڤایک:**

من له هەموو شتێک تێ دەگەم، دەبێ توندوتیژیی هەبێ، بەبێ توندوتیژیی کەس نایەوێ بۆ هیچ شوێنێک بچێ. وەکو سوپاسالارەکەمان له ۱۹ەمدا گوتی: "ئەگەر مرۆڤ عەزیەتتان نەدات، شەرواڵەکانتان بەردەبێتە خوارەوە و بەسەر دارەکاندا هەڵدەگەڕێن". ئەمشەو کاتێک خراپ مامەڵه کرام هەمان شتم بە خۆم گوت.

**بولینگەر:**

ئاخ، تۆ خراپ مامەڵه کرای، دە سەیر کە.

**شڤایک:**

له بەندیخانەدا، ئاغایەکی SS هاتە ژوورەوە و قامچییەکی دا بە سەرمدا، چۆن ناڵەم لێ هەستا، ڕووناکی خستە سەرم و وتی: "ئەمە هەڵە بوو، ئەم نییە." هێندە پەست بوو کە بە هەڵەدا چووە، کە یەکێکی تری دا بە پشتمدا. ئەمە بەجۆرێک له سروشتی مرۆڤدایە، کە مرۆڤ هەتا مردن هەڵە دەکا.

**بولینگەر:**

ئاوها، تۆ دان بە هەموو ئەو شتانەدا دەنێی، لێرە چی لەبارەی قسەکانت نووسراوە؟

(ئاماژە بۆ ڕاپۆرتەکانی برێتشنایدەر دەکا).

**شڤایک:**

ئەگەر ئێوە ئارەزووتان لێ بێ، ڕەسەنزادە، کە من دانی پێدا بنێم، ئەوا دانی پێدا دەنێم، ئەمە زیانم پێ ناگەیەنێ. بەڵام ئەگەر ئێوە بڵێن: "شڤایک، دان بە هیچدا مەنێ"، ئینکاری

دەکەم هەتا پارچەپارچەم دەکەن.

**بولینگەر:**

(دەنەڕێنێ):

دەمت داخە! بیبەن!

**شڤایک:**

(کاتێ برێتشنایدەر هەتا دەرگەکە دەیبا، شڤایک دەستی ڕاستی درێژ دەکا، بە دەنگی بەرز):

هەربژی پێشەوامان ئەدۆڵف هیتلەر. لەم شەڕەدا سەرکەوتن بە دەست دەهێنین.

**بولینگەر:**

(بە سەرسامییەوە)

ئەرێ تۆ گەلحۆی؟

**شڤایک:**

بە گوێڕایەڵی پێتانی ڕادەگەیەنم، کە بەڵێ. من ناتوانم یارمەتی خۆم بدەم، من لە سوپادا لەبەر گەلحۆیی بە نەگونجاو تۆماریان کردم. من لەلایەن ئەنجوومەنێکی پزیشکانەوە بە گەمژە لە قەڵەم درام.

**بولینگەر:**

برێتشنایدەر! هەستتان نەکرد کە ئەم پیاوە گەمژەیە؟

**برێتشنایدەر:**

(بە برینداریییەوە):

جەنابی سەردەستە، گوزارشتەکانی شڤایک لە بادە وەکو هیی

مرۆڤێکی گەمژە بوون، کە چەپەڵییەکانی بەجۆرێک دەردەبڕێ، کە مرۆڤ نەتوانێ هیچی بە سەردا بسەلمێنێ.

**بولینگەر:**

ئەی ئێوە لەو بڕوایەدان کە ئەوەی ئێمە لێرە لێیمان بیستووە، گوزارشتی مرۆڤێکە، هەر پێنج هەستەوەرەکەی لای خۆیەتی؟

**برێتشنایدەر:**

ئاغای بولینگەر، من ئێستاش لەو بڕوایەدام. بەڵام ئەگەر ئێوە لەبەر هەر هۆیەک ناتانەوێ، دەیگێڕمەوە. تەنیا ئێمە لە بەشی پشکنین کاتی زیادەمان نییە.

**بولینگەر:**

برێتشنایدەر، بە ڕای من ئێوە چەپەڵن.

**برێتشنایدەر:**

جەنابی سەردەستە، من نابێ ئەمەتان لێ قبووڵ بکەم.

**بولینگەر:**

من حەز دەکەم ئێوە دانی پێدا بنێن. زۆر نییە و باریشت سووک دەکا. دانی پێدا بنێن، ئێوە چەپەڵن.

**برێتشنایدەر:**

من نازانم، چۆن ئێوە گەیشتوونەتە ئەو ڕایە لەبارەی من، جەنابی بولینگەر، من وەکو مووچەخۆر هەتا بچووکترین وردەکاریی بۆ ئەرکی خۆم دڵسۆزم، من...

**دەنگی تەلەفۆن:**

فەرماندەیی گەڕۆک. کروشا ئامادەیی خۆی پێشان داوە وەکو

هاوبەش برا بەرێزەکەتان لە بانکی بازرگانیدا وەرگرێ، بەڵام بنەبڕەکەرانە نکووڵی لەوە دەکا، ئەو قسانەی کردبێ.

**بولینگەر:**

دە داری تر لە سمتی بدەن، من قسەکانم پێویستە، من چی لە ئێوە داوا دەکەم.

(بۆ لای برێتشنایدەر دەڕوا، نزێک پاڕانەوە):

بیری لێ بکەرەوە، بزانن من چیتان لێ داوا دەکەم؟ دەبینن چیتان لێ داوا دەکەم؟ ئەگەر دانی پێدا بنێن، هیچ لە شەرەفتان کەم ناکاتەوە، شتەکە تەنیا شەخسییە، ئێوە چەپەڵن، بۆچی دانی پێدا نانێن؟ کە من خەریکە ملکەچانە لێتان دەپاڕێمەوە؟

(بە شڤایک):

تۆ قسەی لەگەڵ بکە.

**شڤایک:**

بە گوێڕایەڵییەوە ڕوونی دەکەمەوە، کە من نامەوێ دەست بخەمە کاری نێوان ئەو دوو بەرێزەوە، بەڵام من تێ دەگەم، مەبەستتان چییە، جەنابی سەردەستە، بەڵام بۆ جەنابی برێتشنایدەر ئازارهێنەرە، بەوەی کە سەگێکی چەشەیە و وەکو بڵێی شایانی ئەوە نییە.

**بولینگەر:**

(بە خەمبارییەوە):

کەواتە تۆش بێ وەفاییم لەگەڵ دەکەی، هەی مالۆس. وەکو لە ئینجیلی جولەکەکاندا نووسراوە "کەڵەشێریش بۆ جاری سێیەم قوقاندی". برێتشنایدەر، من هێشتا پێتی دەردەکەم، بەڵام

ئێستا کاتم بۆ شتی شەخسی نییە، من هێشتا ٩٧ کەیسم هەیە. ئەو گەلحۆیە فرێدەرە دەرەوە و جارێکی تر شتێکی باشترم بۆ بهێنە.

**شڤایک:**

(بەرەو لای هەنگاو دەنێ و دەستی ماچ دەکا):

خوا هەزار جار پاداشتتان بداتەوە، ئەگەر جارێک لە جاران سەگێکی ڕاوتان پێویست بوو، بۆ لای من بفەرموون. من دووکانێکی سەگفرۆشیم هەیە.

**بولینگەر:**

بیبەن بۆ مۆڵگە.

(کاتێ برێتشنایدەر دەیەوێ دیسان شڤایک ببا):

ڕاوەستێ! بە تەنیا لەگەڵ ئەو پیاوە بەجێم بهێڵە.

(برێتشنایدەر بە تووڕەیی دەڕوا؛ شۆفارەکەی SSش دەڕوا)

**دەنگی تەلەفۆن:**

فەرماندەیی گەڕۆک. کروشا دانی بە گوزارشتەکانیدا ناوە، بەڵام تەنیا، کە هەوڵی کوشتنەکەی بەلاوە گرینگ نییە، کە نەک دڵی پێی خۆش بێ و نەک پێشەوا قۆشمەچییە، بگرە تەنیا، ئەویش تەنیا مرۆڤە.

**بولینگەر:**

پێنجی تریش، هەتا پێی خۆش بێ و هەتا پێشەوا قۆشمەچییەکی خوێناوی بێ.

(بە شڤایک، کە بە میهرەبانییەوە زەردەخەنەی بۆ دەکا):

دەزانی ئێمە لە ئۆردووگا یەک یەک کۆئەندامەکانت دەردەهێنین، ئەگەر تۆ بتەوێ کەڵەکچێتی بکەی، هەی خوێڕی؟

**شڤایک:**

ئەوە دەزانم. پێش ئەوەی بتوانی هەتا چوار بژمێری کوژراوی.

**بولینگەر:**

کەواتە تۆ سەگناسی. لەسەر ڕێڕەوەکە سەگێکی لمۆز خڕی گوێقوتم بینی، کە زۆرم بە دڵ بوو، پەڵەیەک بە گوێیەکییەوە بوو.

**شڤایک:**

(قسەکەی پێ دەبڕێ):

بە گوێڕایەڵی ڕوونی دەکەمەوە، کە من ئەو حەیوانە لە ڕێی پیشەکەمەوە دەناسم. زۆر کەس ئەو سەگەیان دەویست. پەڵەیەکی سپی بە گوێی چەپییەوەیەتی. قسەکەم ڕاستە، هیی سەرۆکی دیوانی وەزارەت، ڤۆیتایە. وەکو گلێنەی چاوی خۆشی دەوێ و تەنیا کاتێک نان دەخوا، کە مرۆڤ لەسەر چۆک لێی بپاڕێتەوە و تەنیا ئەگەر گۆشتی سکی گوێرەکە بێ. ئەمە دەیسەلمێنێ، کە ڕەسەنپاکە. ڕەسەنناپاکەکان عاقڵترن، بەڵام ڕەسەن پاکەکان ناسکترن و زووتر دەدزرێن. زۆربەی جار ئەوەندە گەمژەن، کە سێ هەتا چوار خزمەتکاریان دەوێ، بۆ ئەوەی پێیان بڵێن، کە پیسایی بکەن و بۆ خواردن دەبێ کەڵبەیان بکەنەوە. وەکو لەگەڵ خەڵکی ناسکدا.

**بولینگەر:**

لەبارەی ڕەگەز بەسە، چەپەڵ. بە کورتی و بە پوختی، ئەو سەگەم دەوێ.

**شڤایک:**

ئێوە ناتوانن ئەو سەگەتان دەستکەوێ، ڤۆیتا نایفرۆشێ. چی دەڵێن بۆ سەگێکی پۆلیس؟ یەکێکی، کە بۆن بە هەموو شتێکەوە دەکا و بۆ شوینپێی تاوان ڕێبەریی دەکا؟ قەسابێک لە ڤرشۆڤیتس یەکێکی هەیە و عەرەبانەکەی بۆ ڕادەکێشێ. وەکو دەڵێن ئەم سەگە پیشەکەی خۆی لەدەست داوە.

**بولینگەر:**

من بە تۆم گوت سەگە گوێقوتەکەم دەوێ.

**شڤایک:**

ئەگەر جەنابی سەرۆکی دیوانی وەزارەت جوولەکە بووایە دەتانتوانی سووک و سانا بەندی کەیت و دوای ئەوە کارەکە مەیسەر دەبوو. بەڵام ئەو ئارییە، ڕیشی زەردە، کەمێک شێواوە.

**بولینگەر:**

(بە بایەخەوە):

ئایا ئەو چیکییەکی ڕەسەنە؟

**شڤایک:**

بەو جۆرە نییە کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، کە کاری تێکدەرانە بکا و جنێو بە هیتلەر بدا، ئەگەر وا بووایە ئاسان دەبوو. بۆ ئۆردووگا وەکو لەگەڵ مندا کردتان، لەبەرئەوەی لە من بەدحاڵی بوون. بەڵام ئەو هاریکاری دوژمنە و وەکو کویسلینگ جنێوی پێ دەدرێ، ئەمە دووشەشە ئەوەندەی پێوەندی بە سەگە گوێقوتەکەوە هەبێ.

**بولینگەر:**

(دەمانچەیەک لە چەکمەجەکەی دەردەهێنێ و پاکی دەکاتەوە):

دەبینم، کە تۆ ناتەوێ سەگەکەم بۆ پەیدا بکەی، تێکدەر.

**شڤایک:**

بە گوێڕایەڵی ڕوونی دەکەمەوە، کە من سەگەکەتان بۆ پەیدا دەکەم.

(فێرکارانە):

سیستەمی جیاواز هەیە، جەنابی سەردەستە، سەگێکی هاودەم یان سەگی بستەبالا مرۆڤ دەیدزێ، بەوەی لەناو ئاپۆرەدا ڕستەکەی دەبڕێ. سەگێکی ئەڵمانی پەڵەداری دڕ بەوە بۆ لای خۆت ڕادەکێشی، بەوەی مرۆڤ دەڵێکی بەبای بە لادا تێپەڕێنێ. سجوقێکی گۆشتی ئەسپ بە هەمان شێوە باشە. بەڵام هەندێ سەگ وەکو قەشەی گەورە بەناز و بە دەمەوەدراوە. جارێکیان شتالپینچەرێک[١٣] هەبوو، ئەو بیبەر و خوێیەی کە بە سەر کلامۆڤکادا بۆ کولانەی سەگەکانم هێنابوو نەیدەویست، هەتا نەیدەویست سجوقیش بگرێ. سێ ڕۆژ بە دوایەوە بووم، هەتا ئیتر حەوسەڵەم نەما و ڕاستەوخۆ لەو ژنەی کە لەگەڵ سەگەکەدا بۆ پیاسە دەچوو پرسیم، سەگەکە چی دەخوا کە ئەوەندە جوانە. بۆ ژنەکە ئەمە دڵخۆشکەر بوو و وتی، لە هەموو شتێک زیاتر حەزی لە پشتەمەغزە. واتە من شنیتسلێکم بۆ کڕی. من لەو بڕوایەدام، بە دڵنیاییەوە ئەمە باشترە. دەبینی،

---

(١٣) جۆرە ڕەگەزێکی سەگی ئەڵمانییە کە زوو خۆی لەگەڵ دەوروبەردا دەگونجێنێ (وەرگێڕ).

ئەم سەگە دڕندەیە جارێکیش سەیری نەکرد لەبەرئەوەی گۆشتی گوێرەکە بوو. فێری گۆشتی بەراز بوو. ئیتر پێویستی دەکرد پشتەمەغزەیەکی بەرازی بۆ بکڕم. دامێ بۆنی بکا و ڕام کرد و سەگەکە بە دوامدا. ژنەکە قیژاندی: "پونتیک، پونتیک، پونتیک!"، بەڵام لە کوێوە، پونتیکی ئازیز. هەتا سوچی کۆڵانەکە بە دوای پارچە گۆشتەکەدا ڕای کرد، لەوێ زنجیرێکم لە ملی کرد، ڕۆژی داهاتوو لەوسەری کلامۆڤکادا لە کولانەی سەگدا بوو. بەڵام ئەگەر لێیان پرسیت ئەو سەگەت لە کوێ بوو کە پەڵە بە گوێیەوەیەتی؟

**بولینگەر:**

لەو بڕوایەدا نیم لێم بپرسن ئەو سەگەم لە کوێ بوو.

(لە زەنگ دەدا)

**شڤایک:**

ڕاست دەکەن، کەس کەس ئەوەی بە خەیاڵدا نایەت.

**بولینگەر:**

من لەو بڕوایەدام کە گەمەت کرد بە گەواهینامەی گەمژەییەوە؛ بەڵام من دەمەوێ چاوپۆشی لێ بکەم، یەکەم لەبەرئەوەی برێتشنایدەر چەپەڵە و دووەم ئەگەر تۆ سەگەکە بۆ ژنەکەم بهێنی، هەی تاوانکار.

**شڤایک:**

جەنابی سەردەستە، تکای مۆڵەتی ئەوەت لێ دەکەم، کە دانی پێدا دەنێم، کە گەواهینامەکە ئەسڵە، بەڵام تەنیا من خۆم شپرزە کرد، وەکو مەیگێڕەکەی بودڤایس وتی: "من پەرکەمم

هەیە، بەڵام سەرەتانیشم هەیە"، بەمەش دەیەویست دیزە بەدەرخۆنەی بکا کە لە ڕاستیدا نابووت بووە. دەشوترێ: پێیەکی بۆگەن کەمجار بە تەنیا دێ.

**دەنگی تەلەفۆن:**

فەرماندەی پشکنین ٠٤ مودرای ژنە عەتار نکوولّی لەوە دەکا، کە لە ڕێنوێنییەکانی کردنەوەی دووکان پێش سەعات نۆ دەرنەچووە، بەوەی تەنانەت لە سەعات دەدا دووکانەکەی کردووەتەوە.

**بولینگەر:**

چەند مانگێک بیخەنە زیندانەوە، دڕندەی درۆزن، لەبەر شکاندنی ڕینوێنییەکان!

(بە شۆفارەکەی SS کە هاتووەتە ژوورەوە، دەست بۆ شڤایک درێژ دەکا):

جارێ ئازادە.

**شڤایک:**

پێش ئەوەی بە یەکجاری بڕۆم، حەز دەکەم قسەیەکی خێر بۆ بەڕێزێک بکەم، کە لە دەرەوە لەگەڵ زیندانییەکاندا چاوەڕانە، کە لە ڕاستیدا نابێ لەگەڵ ئەوانی تردا دابنیشێ، زۆر نارەحەتە بەوەی گومانی ئەوەی لێ بکرێ لەگەڵ ئێمەی سیاسیدا لەسەر کورسییەک دانیشتووە. ئەوەی ڕاستی بێت ئەو تەنیا لەبەرئەوە لێرەیە چونکە ویستبووی لە جووتیارێک لە هۆلیتس دزی بکا و خەریکبوو بیکوژێ.

**بولینگەر:**

(دەنەڕێنێ):

بۆ دەرەوە!

**شڤایک:**

(ڕەق ڕاوەستاوە):

فەرمانتانە. هەر سەگەکەم دەستکەوێ دەیهێنم. بەیانییەکی باشتان بۆ دەخوازم.

(لەگەڵ شۆفارەکەی SSدا دەڕوا).

## نمایشی نێوبڕ لە دەڤەرە نەوییەکاندا

(شڤایک و شۆفارەکەی SS مویلەر ٢ بە دەم ڕێوە لە (پێچەکبانک)ەوە بۆ "بادە" گفتوگۆ دەکەن).

**شڤایک:**

ئەگەر بە کۆپێچکا خانی بڵێم، بۆتانی دەکا. پێخۆشحاڵم، کە ئێوە بۆمی دەسەلمێنن پێشەوا جووت نابێ، بۆ ئەوەی بەهێزیی بۆ کاروباری بەرزی دەوڵەت بپارێزێ و کە هەرگیز ئەلکهول ناخواتەوە. ئەوەی کردوویەتی وەکو بڵێی بە ناشتا کردوویەتی، هەموو کەسێک نایەوێ لاساییی ئەو بکاتەوە. کە هیچیش ناخوا، جگە لە تۆزێک سەوزە و کێک، ڕیزپەڕ باشە، لەبەر چی، لە شەڕدا خواردن و شتی تر و ئەوەی پێوەندی بەو شتانەوە هەبێ زۆر نییە، بخۆرێک کەمتر. من لە مێرن جووتیارێکم دەناسی، کە گەدەی داخرابوو و ئیشتیای نەبوو، سەپانەکان لاواز بووبوون، گوندەکە دەستی بە چرپەچرپ کرد، جووتیارەکە دەگەڕا و تەنیا دەیگوت: "لای من دەستوپێوەند ئەوە دەخوا کە خۆیشم دەیخۆم." من دانی پێدا دەنێم، خواردنەوە نەنگییە، وەکو بودۆڤای چەرمفرۆش، کە ویستی فێڵ لە براکەی بکا و بە مەستیی ئیمزای کرد، کە میراتەکەی دەداتە براکەی لە جیاتی بەپێچەوانەوە. هەموو شتێک دوو لایەنی هەیە، پێویستیش ناکات دەست لە جووتبوون هەڵگرێ، ئەگەر بە دەست من بێ، داوای ئەمە لە کەس ناکەم.

٣

(له میوانخانەی "بادە" بالون چاوەڕانی ژەمە خواردنەکەی دەکا. دوو میوانی تر دامە دەکەن، ژنە خاوەن دووکانێکی قەڵەو سلیبۆڤیتسێکی بچووک دەخواتەوە و کۆپێچکا خان خەریکی چنینە)

**بالون:**

ئێستا سەعات دوازدە و دە دەقەیە و هێشتا پرۆخاسکا نەهاتووەتەوە. من زانیم.

**کۆپێچکا خان:**

تۆزێک کاتی بدەرێ. خەڵکە خێراکان هەردەم باشترین خەڵک نین. دەبێ تێکەڵەیەکی گونجاو بێ لە نێوان خێرایی و خۆ دواخستندا. گۆرانی سروەی نەرمەبا دەزانی؟

(گۆرانی دەڵێ):

**گۆرانی سروەی نەرمەبا**

پەلە کە، ئازیزترین، بۆ لای من، میوانی ئازیز
کە من لە تۆ ئازیزتر نادۆزمەوە
بەڵام ئەگەر من لە ئامێزتا بم
ئەوسا هێندە پەلە مەکە.
سەیری هەڵووژەی پایز کە

چەند گەییون بۆ ڕنینەوە و
ترسیان لە زریانی بە هێز هەیە و
حەزیان لە سروەی نەرمەبایەکە.
سروەیەکی هێندە ناسک، تۆ بە حاڵ هەستی پێ دەکەی
وەکو ڕاژەنینێکی سووک.
هەڵووژەکان ئاوایان لە درەختەکان دەوێ
دەیانەوێ بکەونە سەر زەوییەکە.

ئای درەوکار، دەبا بەس بێ
درەوکار، بیەڵە، با چڵەگیایەک بمێنێتەوە!
بە فڕێک شەرابەکەت مەخۆرەوە و
بە دەم ڕێوە ماچم مەکە.
سەیری هەڵووژەی پایز کە
چەند گەییون بۆ ڕنینەوە و
ترسیان لە زریانی بە هێز هەیە و
حەزیان لە شنەبایەکی سووکە.
سروەیەکی هێندە ناسک، تۆ بەحاڵ هەستی پێ دەکەی
وەکو ڕاژەنینێکی سووک.
هەڵووژەکان ئاوایان لە درەختەکان دەوێ
دەیانەوێ بکەونە سەر زەوییەکە.

**بالون:**

(بە نائارامییەوە بۆ لای ئەوانە دەچێ کە دامە دەکەن):
زۆر نایاب وەستاون. جەنابیان ئارەزوویان لە پۆستکارت هەیە؟

من لەلای وێنەگرێ کار دەکەم، بە دزییەوە پۆستکارتی نهێنی دروست دەکەین، زنجیرەیەک "وێنەی شارەکانی ئەڵمانیا".

**میوانی یەکەم:**

من ئارەزووم لە شارەکانی ئەڵمانیا نییە.

**بالون:**

دە کەوایە ئەم زنجیرە وێنەیەتان بە دڵ دەبێ.
(بە پەنهانییەکەوە پۆستکارتەکانیان پێشان دەدا، وەکو ئەو وێنانە وێنەی پۆرنۆگرافی بن).
ئەمە کوێلنە.

**میوانی یەکەم:**

ئەمە زۆر سامناک دیارە. ئەمە دەبەم. تەنیا چاڵاییە.

**بالون:**

بە پەنجایە. بەڵام ئەو کاتانەی پێشانیان دەدەی ئاگەدار بە، زۆر جار ڕووی داوە، کە خەڵکەکە پێشانی یەکتریان داوە، پۆلیسی نۆبەچی ڕایان گرتوون و، لەبەرئەوەی بە چەپەڵییان زانیون و زۆر بە شادمانییەوە دەستیان بە سەردا گرتوون.

**میوانی یەکەم:**

ئەمە ئیمزایەکی لواوە: "هیتلەر یەکێک لە مەزنترین ئەندزایاری تەلارسازیی هەموو سەردەمەکانە." لە پاڵیدا برێمن وەکو وێرانە.

**بالون:**

دوو دەرزەنم بە ئەفسەریارێکی ئەڵمانی فرۆشت. کاتێ سەیریانی کرد، زەردەخەنە گرتی، ئەمەم پێ خۆش بوو. بانگم

کرد بۆ ساختمانەکانی لای هاڤلیچەک و چەقۆکەم بە کراوەیی خستە گیرفانمەوە، بۆ حاڵەتێکی ئەگەر پەنجاییەکی ساختە بێ. بەڵام سەرڕاست بوو.

**ژنە قەڵەوەکە:**

ئەوەی دەست بداتە شمشێر، دەبێ بە شمشێر لەناو بچێ.

**کۆپێچکا خان:**

ئاگەدار بن!

(شڤایک لەگەڵ شۆفارەکەی SSدا مویلەری ٢ دێتە ژووریّ، کە لە ژوورەکەی بولینگەرەوە لەگەڵیایەتی، مویلەری٢ مرۆڤێکی زۆر درێژە).

**شڤایک:**

سڵاوی خوا لە هەموو لایەک. ئەم ئاغایە بە کار لەگەڵمدا نییە. بیرەیەکمان بۆ بێنە.

**بالون:**

من لەو بڕوایەدا بووم تۆ پاش چەند ساڵێک دەگەڕێیتەوە، بەڵام مرۆڤ بە هەڵەدا دەچێ. ئەگینا جەنابی برێتشنایدەر ئەوەندە بە سەلیقەیە. هەفتەی پێشوو، کاتێ تۆ ئیتر لێرە نەمابووی وەستای کاغەز لە دیوارگرتندا لە کۆڵانە قەدبڕەکەوە لەگەڵ خۆی برد و ئەو کابرایە هەر نەگەڕایەوە.

**شڤایک:**

لەوانەیە مرۆڤێکی بێ سەلیقە بێ، کە گوێڕایەڵیان نەبووە. جەنابی برێتشنایدەر بیر دەکاتەوە، هەتا جارێکی تر خراپ لێم حاڵی دەبێ. خەڵک هەیە من دەپارێزێ.

**ژنە قەڵەوەکە:**

ئێوە ئەو کەسەن کە دوێنێ لێرەوە پەلکێشیان کرد؟

**شڤایک:**

(بە فیزەوە):

خۆیەتی. لە سەردەمی وەکو ئێستا مرۆڤ دەبێ ملکەچی بکا. تەنیا مەشقە و هیچی تر. من دەستیم ماچ کرد. پێشووتر لەگەڵ زیندانیدا وایان دەکرد، وەکو بیستوومە کە خوێیان بەسەروچاویاندا دەپرژاند. دەیانبەستنەوەو سەگەگورگی گەورەیان بەرەڵڵا دەکردە گیانیان، کە هەموو ڕوویانیان بە دەم دەلستنەوە هەڵدەلووشی. ئەمڕۆ مرۆڤ ئەوەندە دڵڕەق نەماوە، جگە لەو کاتانەی کە تووڕە دەبێ. بەڵام من بە تەواوی لە بیرم چووەوە: ئەم ئاغایە (دەست بۆ شۆفارەکەی SS درێژ دەکا) دەیەوێ بزانێ، داهاتوو چی خۆشییەکی بۆ دەهێنێ، کۆپێچکا خان، دوو بیرە. من پێم گوت، ئێوە بەهرەتان هەیە، بەلای منەوە ئەوە ترسێنەرە و ئامۆژگاری دەکەم لێتان دوور بکەوێتەوە.

**کۆپێچکا خان:**

جەنابی شڤایک، ئێوە دەزانن، من بە نابەدڵییەوە ئەوە دەکەم.

**شۆفارەکەی SS:**

کناچە خانم، بۆچی بە نابەدڵییەوە دەیکەی؟

**کۆپێچکا خان:**

ئەگەر مرۆڤ بەهرەیەکی وای هەبێ، ئەوا لێپرسراویەتی هەیە. مرۆڤ لە کوێوە بزانێ، ئەو کەسەی مەبەستە چۆن وەری دەگرێ و هەردەم وزەی تێدایە ئەم لێپرسراویەتییە هەڵگرێ؟ چونکە

نیگایەک بۆ داهاتوو مـرۆڤ هێنده مـاندوو دەکـا، کـە قـێـزی دەبێتەوە و من تـاوانبار دەکا، وەکو چاکای جـووتیار، دەبوو پێی بڵـێم، کـە ژنەکـەی خـیـانەتی لێ دەکـا، ئەو یەکـسـەر ئاوێنە گرانبەهاکەم دەشکێنێ.

**شڤایک:**

ژنەکەی پێی ڕابوارد. ئێمـە پێشـبـینی ئەوەمـان بۆ بلاوکـۆپـفی مـامۆستـا دەکرد، هـەمـان بەرئەنجـام، کـە پێشـبـینی شـتێکی وا دەکـا، هـەمـوو کـات ڕوو دەدا، مـن پێم سـەیرە. چۆن ئێـوە پشێبینیتان بۆ چالاکی ئەندامی ئەنجومەن کرد، کە ژنەکەی...، لە بیرتانە، کۆپێچکا خان؟ واش دەرچوو.

**شۆفارەکەی SS:**

بەڵام ئێوە بەهرەیەکتـان هـەیە، کە دەگمەنە. مرۆڤ نابێ شتێکی وا بە دەستلێنەدراوی بهێڵێتەوە.

**شڤایک:**

من پێشنیازی ئەوەم کرد، کە پێشبینی بۆ هـەموو ئەنجوومەنەکە بکا. سەرم سووڕنامێنێ، ئەگەر ڕاست دەرچێ.

**کۆپێچکا خان:**

مەیکە گەمـە، ئاغای شڤایک، ئەو شتانەی کە ئێمە ناتوانین هیچ لەبارەیانەوە بزانین، بەڵام ئەو شـتـانە بوونیـان هـەیە، چونکە لە سەرووی سروشتەوەن.

**شڤایک:**

ئێـوە چۆن بـەرەوڕوو بە بولۆڤـای ئەندازیاردا گـوتتـان، کـە لە ڕووداوێکی شـەمـەندەفـەردا پارچە پارچە دەبێ؟ ژنەکـەی شـووی

کـردووەتـەوە. ژنان باشـتـر تـەحـەمـولی فـاڵ دەکـەن، وەکـو بیـسـتـوومە، هەمـوو کـات تۆکـمـەیی ناوەکـیـیان باشـتـرە. خـانمی لاسـلاچەکـی کـۆڵانی هـوس هێـزێکـی ڕوحی وای هـەبوو، کـە مێـردەکەی لـە بەردەم خـەڵکدا وتـی: "پێم خـۆشـتـرە لەگـەڵ هەر کـەسـێکی تردا بژیم تـەنیـا ئەم نەبێ"، چوو بۆ ئەڵمـانیـا بۆ کارکردن. بەڵام وەکو بیستوومە SS ناتوانێ تەحەمولی زۆر بکا، دەبێ لە مـۆڵگەکان و لە کاتی پرس و جـوودا بتـوانن ئەعسـابی ئاسنینیان هەبێ، حەقمە؟

(شۆفارەکەی SS سەر دەلەقێنێ).

لەبەرئەوە دەبێ بێ پەروا پێشبینی داهاتوو بۆ ئەو ئاغایە بکەی، کۆپێچکا خان.

**کۆپێچکا خان:**

ئەگەر پەیمانم بداتێ، کە وەکو گەمەیەکی بێ وەی سەیری دەکا و گوێی ناداتێ، دەتوانم سەیری دەستی بکەم.

**شۆفارەکەی SS:**

(لە پڕ بە سڵکردنەوەوە):

من نـامـەوێ زۆرتـان لێ بکەم، ئێـوە دەڵێن، بە نابـەدڵیـیـەوە دەیکەن.

**کۆپێچکا خان:**

(بیرەکەی بۆ دەهێنێ):

منیش پێم وایە، کـە بـاشـتـرە واز لەو کـارە بهێـنین و باشـتـرە بیرەکەتان بخۆنەوە.

**ژنە قەڵەوەکە:**

(بە دەنگی نزم بەوانەی دامە دەکەن):

ئەگەر پێیە ساردەکانتان عەزیەتتان دەدا، لۆکە باشە.

**شڤایک:**

(لە تەنیشت بالونەوە دادەنیشێ):

من دەبێ لەگەڵ تۆدا باسی کاسبییەک بکەم، لە پەیداکردنی سەگێک یارمەتی ئەڵمانەکان دەدەم و پێویستم بە کۆمەکی تۆ هەیە.

**بالون:**

من تاقەتی هیچم نییە.

**شڤایک:**

شتێکت لێی دەست دەکەوێ، ئەگەر پارەت هەبووایە دەتتوانی بە شەهیەتەوە بچیتە بازاڕی ڕەش و یەکسەر شتێکت بۆ خواردن دەستکەوێ.

**بالون:**

پرۆخسکای لاو نایەت. دیسان جگە لە پەتاتەی کوتراو زیاتر هیچی تر نییە. بێ ئومێدبوونێکی تر دەرنابەم.

**شڤایک:**

من دەتوانم بیر لەوە بکەمەوە، ئێمە کۆمەڵەیەکی بچووک دامەزرێنین، شەش هەتا هەشت پیاو، کە هەموو ئامادە بن، هەشتیەکە حۆقە گۆشتەکەیان کۆ بکەنەوە و ئەو کاتە تۆش ژەمێک خواردنت دەست دەکەوێ.

**بالون:**

بەڵام مرۆڤ چۆن ئەو کەسانە بدۆزێتەوە؟

**شڤایک:**

ئەمە ڕاستە، ئەمە کارە مەیسەر نابێ. ئێستا ئەوان دەڵێن، بۆ پەڵەیەکی شەرمەزاریی وەکو تۆ، وەکو چیکییەک غیرەت نیشان بدا، ئەوانە هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە، لە دەمی خۆیان بگرنەوە.

**بالون:**

(بە خەمبارییەوە):

بە دڵنیاییەوە لە پێم دەکەن.

**شڤایک:**

تۆ ناتوانی بە سەر خۆتدا زاڵبی و بیر لە شەرەفی وڵات بکەیتەوە، لەو کاتەی ئەم هەڵفریواندنە ڕووت تێ دەکات، تاقە شتێک کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە ڕانی گوێرەکە یان گۆشتی سنگی باش سوورەوەکراو لەگەڵ کەمێک کەلەرمی سووردا، لەوانەیە خەیاری لەگەڵدا بێ؟

(بالون هەناسە هەڵدەکێشێ).

تەنیا بیر لەو شەرمە بکەرەوە، ئەمە ئەوەیە کە تۆ لاواز بی.

**بالون:**

من ناچار دەبم.

(وچان).

دەزانی کەلەرمی سوورم لە خەیار پی باشترە.

(پرۆخاسکای لاو بە جانتایەکەوە دێتە ژوورەوە).

**شڤایک:**

ئەوەتانێ. بالون، تۆ ڕەشبین بووی. ڕۆژباش، ئاغای پرۆخاسکا، ئیش چۆنە؟

**بالون:**

ڕۆژ باش، ئاغای پرۆخاسکا، باش بوو کە هاتی.

**کۆڕێچکا خان:**

(نیگایەک دەکاتە شۆفارەکەی SS):

لەلای ئەو بەڕێزانەوە دانیشن، من هێشتا هەندێ کارم ماوە.

(بە شۆفارەکەی SS):

من لەو بڕوایەدام، دەستت سەرنجم ڕادەکێشێ، دەتوانم کەمێک سەیری بکەم؟

(دەستی شۆفارەکەی SS دەگرێ).

هەر وا بوو کە من بۆی دەچووم: دەستێکی زۆر بە بایەخت هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە دەستتان بۆ ئێمەی ئەستێرەناس و فالگرەوە فریودەرە، زۆر سەرنجڕاکێشە. چەند ئاغای تر لە هێزەکەتاندان؟

**شۆفارەکەی SS:**

(بە زەحمەت، وەکو دانی بکێشنەوە):

لە شالا برندا؟ بیست. بۆچی؟

**کۆڕێچکا خان:**

وام مەزەندە کرد. ئەمە لە دەستتاندا نووسراوە. لە ژیان و مردندا چارەنووسی ئێوە بەو بیست بەڕێزەوە بەستراوەتەوە.

**شۆفارەکەی SS:**

بەڕاستی دەتوانن ئەوە لە دەستدا ببینن؟

**شڤایک:**

(چووەتە لایانەوە، بە دڵخۆشییەوە):

سەرتان سوڕ دەمێنێ ئەگەر ئێوە بزانن، ئەو دەتوانێ چیی تر ببینێ. ئاگەدارە و ئەگەر لە شتێک دڵنیا نەبێ نایڵێ.

**کۆرێچکا خان:**

دەستتان شتێکی کارەبایی تێدایە، لەلای ژنان بەختتان باشە. ئەمە بە بەرزاییی سەر ئێسقانی میزڵدانی ژنانەوە دەبینرێ. وەکو بڵێی خۆیان بە سەرتاندا دەدەن، بەڵام ئەمجا مرۆڤ زۆرجار بە خۆشیی غافڵگیر بووە و نایەوێ ئەو لەزەتەی بینیویانە بە درێژاییی ژیان لە بیریان بچێتەوە. ئێوە ڕەوشتێکی جیدیتان هەیە، کەمێک توندوتیژن لە گوزارشتکردندا. هێڵی سەرکەوتنتان بەرزە.

**شۆفارەکەی SS:**

ئەمە مانای چییە؟

**کۆرێچکا خان:**

ئەمە پێوەندیی بەپا رەوە نییە، لەوە زۆر زیاترە. سەیری ئەم (H)ە بکە، ئەم سێ هێڵەی ئێرە؟ ئەوە قارەمانێتییەکە، کە ئێوە پێی هەڵدەستن، زۆر بەم زووانەیش.

**شۆفارەکەی SS:**

لە کوێ؟ دەتوانن ببینن، لە کوێ؟

**کۆپێچکا خان:**

لێرە نا. لە وڵاتەکەی خۆتشدا نا. تا ڕادەیەک لە جێگەیەکی زۆر لێرە دوور. ئەمە شتێکی سەیرە، کە بە باشی تێی ناگەم. وەکو بڵێی نهێنییەک بە دەوری ئەم قارەمانێتییەدا سەروەرە، وەکو تەنیا ئێوە و ئەوانەی لەم ساتەدا لە لاتانن دەیزانن، کەسی تر نا، لە دوای ئەوەیش هەرگیز هیچ کەسێک هیچ شتێک لە بارەیەوە نازانێ.

**شۆفارەکەی SS:**

چۆن دەبێ؟

**کۆپێچکا خان:**

(هەناسە هەڵدەکێشێ):

نازانم، لەوانەیە لە شەڕگەیەکدا بێ، یان پێگەیەکی ناخۆش یان شتێکی لەو بابەتە،

(وەکو سەری لێ شێوابێ):

بەڵام ئێستا بەسە، وا نییە؟ من دەبێ بچم بەلای کاری خۆمەوە، ئەمە خۆ تەنیا گەمەیە، ئێوە خۆتان پەیمانتان پێ دام وەک گەمەیەک تەماشای بکەن.

**شۆفارەکەی SS:**

بەڵام ئێستا نابێ واز بێنی. دەمەوێ زۆرتر لەبارەی ئەو نهێنییە بزانم، کۆپێچکا خان.

**شڤایک:**

منیش لەو بڕوایەدام نابێ ئەو بەڕێزە لە ترس و نیگەرانیـــدا بهێڵێتەوە.

(کۆپێچکا خان بە جۆرێک چاوی لێ دادەگرێ هەتا شۆفارەکەی SS بتوانێ ببینێ).
بەڵام ڕەنگ بێ بەس بێ، لەبەرئەوەی، باشترە مرۆڤ هەندێ شت نەزانێ. ڤارچەک، مامۆستای قوتابخانە جارێکیان لە فەرهەنگدا گەڕابوو، هەتا بزانێ شیتسۆفۆنی مانای چییە، دوای ئەوە دەبوو بیبەن بۆ (ئیلمەناو) بۆ شێتخانە.

**شۆفارەکەی SS:**

لە دەستمدا شتی زۆرترتان بینی.

**کۆپێچکا خان:**

نەء، نەء، ئەوە هەموو شتێک بوو. وازم لێ بێنە.

**شۆفارەکەی SS:**

لێمی دەشارنەوە چیتان بینی. بە ئاشکرا چاوتان لەو بەڕێزە داگرت، تاکو ئەو قسەکە ببڕێنێتەوە، لەبەرئەوەی ناتانەوێ قسە بکەن، بەڵام ئەمە مەحاڵە.

**شڤایک:**

کۆپێچکا خان، ئەمە ڕاستە، ئەمە لەلای SS لە ئارادا نییە، من دەبوو لەلای گێستاپۆ یەکسەر قسە بکەم، خۆشم بووایە و ترشم بووایە، یەکسەر دانم پێدا نا، کە هیوای ژیانێکی درێژ بۆ پێشەوا دەخوازم.

**کۆپێچکا خان:**

کەس ناتوانێ زۆر لە من بکا، بە میوانێک شتێک بڵێم، پێی ناخۆش بێ، کە ئیتر نەیەتە ئێرە.

**شۆفارەکەی SS:**

ئەوەتا، ئێوە شتێک دەزانن و نایڵێن. ئەوە خۆتان ئاشکرا کرد.

**کۆپێچکا خان:**

(H)ی دووەمیش زۆر نارِوونە، لە سەد کەس کەسێک تێبینی دەکات.

**شۆفارەکەی SS:**

ئەم دووەم (H)یە چییە؟

**شڤایک:**

بیرەیەکی تریش کۆپێچکا خان، باسەکە ئەوەندە سەرنجراکێشە، کە مرۆڤ تینووی دەبێ.

**کۆپێچکا خان:**

هەموو کات هەمان شتە، مرۆڤ دەکەوێتە ناخۆشییەوە ئەگەر مل بدا و بە ویژدانەوە سەیری دەستێک بکا.

(بیرەکە بۆ شڤایک دەهێنێ).

من چاوەڕوانی (H)ی دووەم نەبووم، بەڵام ئەگەر لێرەدا بێ من چی بکەم؟ ئەگەر پێتان بڵێم خەمبار دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر ئەوە هیچتان پێ ناکرێ.

**شۆفارەکەی SS:**

ئەی چییە؟

**شڤایک:**

(بە میهرەبانییەوە):

دەبێ شتێکی ناخۆش بێ، ئەگەر من بە ڕاستی کۆپێچکا خان

بناسم، هەتا ئێستا بەم جۆرەم نەبینیوە و زۆرجار زۆر شتی لە دەستێکدا بینیوە. بەڕاستی دەتوانن تەحەمولی بکەن، هەست بە بەهێزیی دەکەن؟

**شۆفارەکەی SS:**

(بەدەنگی نووساوەوە):

ئەوە چییە؟

**کۆڕێچکا خان:**

ئەی ئەگەر لە دواییدا پێتان بڵێم، کە (H)ی دووەم مردنی قارەمانانە[١٤] دەگەیەنێ، واتە ئاسایی، ئەی ئەگەر دوایی خەمبار بوون؟ دەبێن، ئێستا هەست بە ناخۆشیی دەکەن. من دەمزانی. سێ بیرە دەکاتە دوو کرۆن.

**شۆفارەکەی SS:**

(بە وەرەڕووخاوییەوە پارە دەدا):

هەر هەمووی قسەی قۆڕە. دەست گرتنەوە. ئەمە مەحاڵە.

**شڤایک:**

ڕاست دەکەن، گوێی مەدەرێ.

**شۆفارەکەی SS:**

(لە ڕۆیشتندا):

هایل هیتلەر!

**کۆڕێچکا خان:**

(بە دوایدا هاوار دەکا):

---

(١٤) Heldentot مردنی پاڵەوانانە یان قارەمانانە. (وەرگێڕ).

پەیمانم پێ بدەن، کە بەلای کەمەوە هیچ شتێک بە بەڕێزەکانی تر نالێین.

**شۆفارەکەی SS:**

(دەوەستێ):

لای کام بەڕێزی تر؟

**شڤایک:**

بەڕێزەکانی دەستەکەی خۆتان! دەزانن، ئەو بیست کەسەکە.

**شۆفارەکەی SS:**

ئەمە پێوەندیی بەوانەوە چییە؟

**کۆپێچکا خان:**

تەنیا ئەوەندەیە کە ئەوان لە ژیان و مەرگدا بە ئێوەوە بەستراون. بۆ ئەوەی بە خۆڕایی شپرزە نەبن.

(شۆفارەکەی SS بە دەم جنێودانەوە دەڕوا).

**کۆپێچکا خان:**

جارێکی تر بێنەوە.

**ژنە قەڵەوەکە:**

(بە پێکەنینەوە):

ئێوە خۆشن، دەتوانن وەکو خۆتان بمێننەوە، کۆپێچکا خان.

**شڤایک:**

ئەم هەڵمەتەمان کۆتایی پێ هێنا. بەڕێز پرۆخاسکا، جانتاکەتان بکەنەوە، بالون تەحەمولی نەماوە.

**کۆپێچکا خان:**

بەڵێ، بێنە، بەڕێز رودۆڵف، کارێکی جوانتان کرد کە هێناتان.

**پرۆخاسکای لاو:**

(بە کزییەوە):

پێم نییە. کاتێ بینیم ئاغای شڤایکیان لەگەڵ خۆیان برد ئەمە هەژاندمی، هەمـوو شـەوەکـە بە بەرچاومـەوە بوو. ڕۆژ باش، ئاغای شڤایک، گەڕاونەتەوە، من پڕکێشیم نەکرد، دانی پێدا دەنێم، من لەبەر ئێـوە پەرێشـانم، کـۆپـێـچکا خـان، کـە من لە بەردەم ئەو ئاغایەدا تەریقتان دەکەمەوە، بەڵام لە من بەهێزترە.

(بەدوودڵییەوە):

تکایە، شتێک بڵێن، هەموو شتێک لەم بێدەنگییە باشترە.

**بالون:**

هیچ.

**کۆپێچکا خان:**

ئەها، پێتان نییە. پێشووتر کاتێ هاتن، سەرتان لەقاند، کاتێ ئاماژەم بۆ کردی، کە من دەبێ شۆفارەکەی SS تووڕە بکەم، بۆ ئەوەی بڕوا، وەکو پێتان بێ.

**پرۆخاسکای لاو:**

نەموێرا...

**کۆپێچکا خان:**

پێویست ناکا لەوە زیاتر بڵێن. من ئێستا دەزانم ئێوە چۆنن. ئێـوە وەکـو پیـاوێک و وەکـو چیکیـیـەک لە تاقـیکردنەوەکـە

دەرنەچوون. لێرە برۆن، بێغیرەت، هەرگیز ئیتر پێ بەم ئاستانەیەدا نەکەن.

**پرۆخاسکای لاو:**

شایانی لەمە باشتر نیم.

(بە ملشۆڕیی دەڕوا).

**شڤایک:**

(پاش وچانێک):

ئەوەی پێوەندیی بەدەستگرتنەوە هەیە: کریشی دەلاکی منیشەکی. دەزانن منیشەک لە کوێیە؟ لە کاتی پیرۆزکردنی کڵیسادا دەستی خوێندەوە و بە پارەکەی خۆی مەست کرد، جووتیارێکی لاو لەگەڵ خۆی بۆ ماڵەوەی بردەوە بۆ ئەوەی کاتێ دێتەوە سەر خۆی پێشبینی بۆ بکا، پێش خەوتن پرسی: "ناوتان چییە؟ یاداشتنامەکەم لە گیرفانی بەرباخەڵم دەربهێنە. کەواتە ناوتان کونەرتە. چارەکە سەعاتێکی تر من پەڕەیەکت بە ناوی ژنەکەی پاشەڕۆژتەوە بۆ دادەنێم." ئەمجا دەستی بە پرخە کرد. بەڵام بێدار بووە و شتێکی لە دەفتەری یاداشتەکانیدا نووسی. پەڕەکەی کە نووسیبووی لە دەفتەرەکە دەرهێنا، فڕێیدایە سەر زەوییەکە و پەنجەی خستە سەر دەمی و وتی: "هێشتا نا، پاش چارەکە سەعاتێک. باشترین شت ئەوەیە بە چاو ی بەستراوەوە بە دوای پەڕەکەدا بگەڕێن" دوایی لەسەر کاغەزەکە نووسرابوو: "ناوی ژنی پاشەڕۆژت ئەمەیە: خانمی کونەرت."

**بالون:**

ئەمە چۆن تاوانبارێکە، ئەم پرۆخاسکایە.

**کۆپێچکا خان:**

(بە تووڕەیییەوە):

قسـەی بێ مـانا مـەکـەن. نازییـەکـان تاوانبـارن، کـە ئەوەندە هەڕەشـە لە خـەڵک دەکەن و دەیانچـەوسـێننەوە، هـەتا نکوولّی لە ڕەوشتە باشەکەی خۆیان دەکەن.

(لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا).

ئەوەی ئێـسـتـا دێت، تاوانبـارە، نەک رودۆڵف پرۆخـاسـکا، ئەو بەستەزمانە.

**ژنە قەڵەوەکە:**

من دەڵێم: ئێمـەش گوناهبـارین. دەتوانم وێنای ئەوە بکەم، کـە مـرۆڤ دەتوانێ لە سلیبۆڤیتس خـواردنەوە و نوکـتـە گێڕانەوە زیاتر بکا.

**شڤایک:**

داوای شتی زۆر لە خۆتان مەکەن. لەم ڕۆژگارەدا ئەوەش زۆرە ئەگـەر مـرۆڤ بتـوانێ بـە زیندوویی بمێنێتـەوە. مـرۆڤ ئەوەندە سەرقاڵی هەوڵدانی مانەوەیە کە ناپەرژێتە سەر هیچ شتێکی تر.

(ئاغـای برێتـشنایدەر لەگەڵ شـۆفـارەکـەی SSی ڕۆژی پێشـوودا دێتە ژووری).

**شڤایک:**

(بەڕووخۆشییەوە):

هیـوای ڕۆژێکی خـۆشـتـان بۆ دەخـوازم، ئاغـای برێتـشنایدەر. بیرەیەک دەخـۆنەوە؟ ئێسـتـا من لەگـەڵ SSدا کـار دەکـەم، ئەمـە زیانم لێ نادا.

**بالون:**

(بەدخوازانە):

بۆ دەرەوە.

**برێتشنایدەر:**

مەبەستتان لەمە چییە؟

**شڤایک:**

باسی خواردنمان دەکرد، ئاغای بالون ئەو بەشەی هەڵبەستی گۆرانییەکی فۆلکلۆری بیر کەوتەوە کە دووبارە دەکرێتەوە و ئێمە بۆی دەگەڕاین. ئەم گۆرانییە بەشێوەیەکی سەرەکی لە کاتی پیرۆزکردنی کڵێسادا دەوترێ هەتا دەگاتە پاککردنی توور، لە دەڤەری منیشەک تووره گەوره ڕەشەکان هەن، بێگومان بیستووتانە، مەشهورن. بالون من حەز دەکەم ئەو گۆرانییە بۆ ئاغای برێتشنایدەر بڵێی، ئەمە دڵت دەکاتەوە. دەنگێکی خۆشی هەیە و تەنانەت لەگەڵ کۆرسی کڵێساشدا گۆرانی دەڵێ.

**بالون:**

(بە خەمگینییەوە):

دەیڵێم. گۆرانییەکە باسی توور دەکا.

(بالون "گۆرانی پاککردنی تووری ڕەش" دەڵێ. بە درێژاییی گۆرانییەکە برێتشنایدەر دوودڵە لەوەی خۆی بخاتە نێوانەوە یان نا، هەموو سەیری دەکەن. هەردەم و دووبارە دادەنیشێتەوە).

**بالون:**

(گۆرانی دەڵێ):

باشترین شت ئەوەیە یەکێک لە ڕەشە گەورەکان
بە ئاسوودەییەوە پێی بڵێ: "برا، دەبێ دەرچی."
بەڵام باشترە ئەو برایە تەنیا بە چڕنووک دەرنەهێنی.
دەستکێش لە دەست کە، چونکە توور لە پیسیدا دەژی.
لە بەردەم ماڵدا. دەبێ لاچێ.
بۆ دەرەوە.
تۆ دەتوانی بیشیکڕی (بە نیکڵێک)
بەڵام وەک وتمان، دەبێ بشۆرێتەوە.
کاتی بۆ قاژی بچووک بچووک قاژ دەکرێ
خوێی پێوە کە.
لە برینەکەی بسووە، بۆ ئەوەی هەست بکا، هیچ سوودی نییە
خوێی تێ کە! هەتا ئارەقە دەکا.
خوێی پێوە کە.

## نمایشی ناوبڕ له دەڤەره بەرزەکاندا

(هیتلەر و گۆیرینگی مارشاڵی قەڵەمڕەوەکەی لە بەردەم مۆدێلێکی تانکدا وەستاون. هەردووکیان زۆر گەورەن. مۆسیقای شەڕ لێ دەدرێ).

**هیتلەر:**

گۆیرینگی ئازیزم، ئەمساڵ چوارەم ساڵە
شەڕەکەم موویەکی ماوە ببرێتەوە
بە تۆکمەیی بەسەر ناوچە نوێیەکاندا بەرفراوان دەبێ
ئێستا تانک، بۆمب و تۆپی نوێم پێویستە.
ئەمە واتە، خەڵکی دەبێ دەست لەوە هەڵبگرن، تەنیا دانیشن
دەبێ هەتا ئارەقەی خوێن دەرێژن بۆ شەڕەکەی من کار بکەن.
ئەمجا لە ئێوە دەپرسم:
لە ئەوروپا پیاوی بچووک حاڵی چۆنە؟
ئایا کار بۆ شەڕەکەی من دەکا؟
گۆیرینگ:
پێشەوام، لەم کاتانەدا ئەوە بێگومانە.
پیاوی بچووک لە ئەوروپا هەروەکو پیاوی بچووک
لە ئەڵمانیا بۆ جەنابتان باش کار دەکا.
فەرمانگەی من بۆ کاری شەڕ مشووری ئەمەتان بۆ دەخوا.

**هیتلەر:**

باشە. ڕێخراوێکی ئاوەهام وەکو دەستکەوتێکی گەورە بۆ دەردەکەوێ.

(لەســەر تــەختــێکـی درێژ لەلای باخـی مـۆڵداو. ئێـوارەیە. کچ و کــوڕێک دێن، بـە دەم باوەش بـە یەکــەوەکــردنەوە دەوەســتن بۆ ئەوەی تەماشای مۆڵداو بکەن کە لە پشتیانەوەیە، ئەمجا دەڕۆن. دوای ئەوان شڤایک و بالونی هاوڕێی دێن. ئاور دەدەنەوە).

**شڤایک:**

ڤۆیتا بۆ کارەکەرەکەی خراپە، وەکو بیستوومە، لە ڕۆژی جەژنی ڕووناکییەوە ئەمە سێیەم کارەکەرە و وەک بیستوومە ئەویش دەیەوێ بڕوا، لەبەرئەوەی دراوســـێکان عـــەزیەتی دەدەن، لەبەرئەوەی لای خۆفرۆشێک کار دەکات. بە لایەوە گرینگ نییە، ئەگەر بەبێ سەگ بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە، تەنیا دەبێ خەتای ئەو نەبێ. تۆ لە پێـشـدا دابنیـشــە، ئەو نایەوێ لەســەر تـەختــێک دابنیشێ، کەسێک پێشووتر لە سەری دانەنیشتبێ.

**بالون:**

باسترمەی گۆشتی ئەسپت بۆ نەگرم؟

**شڤایک:**

بۆمیشی بخۆی، ها؟ ئێستا وەرە دانیشە.

(بالون لەسـەر تـەختـە کە دادەنیـشـێ. دوو کـارەکـەر دێن، ئانا و کاتی، یەکەمیان ڕستی سەگە گوێ قوتێکی بە دەستەوەیە).

**شڤایک:**

ببووره، خانم، مرۆڤ لێرەوە چۆن دەچێ بۆ شەقامی پالاتسکی؟

**کاتی:**

(بە بەدگومانییەوە):

بەسەر مەیدانی هاڤلیچەکدا بڕۆن. ئانا وەرە.

**شڤایک:**

ببووره، کە جارێکی تر پرسیار دەکەم، ئەو مەیدانە لە کوێیە، من خەڵکی ئێرە نیم.

**ئانا:**

منیش خەڵکی ئێرە نیم. کاتی وەرە بۆ ئێرە ڕێگە بەو ئاغایە پێشان بدە.

**شڤایک:**

خاتوون، زۆر خۆشە کە ئێوەش خەڵکی ئێرە نین. هەستم بەوە نەدەکرد، کە خەڵکی شاری گەورە نین لە کاتێکدا سەگێکی بچکۆلەی ئەوەندە جوانتان پێیە. خەڵکی کوێن؟

**ئانا:**

من خەڵکی پرۆتۆڤینم.

**شڤایک:**

کەواتە ئێمەماڵمان ئەوەندە لە یەکەوە دوور نییە، من خەڵکی بودڤایسم.

**کاتی:**

(دەیەوێ ئانا لەگەڵ پەلکێش بکا):

ئانا دەی وەرە.

**ئانا:**

باشە، هەر ئێستا. کەواتە دەبێ بەڕێزتان لە بودڤایس لەسەر بازنەکە پەیخارای قەساب بناسن؟

**شڤایک:**

چۆنی ناناسم؟ ئەوە برامە. لەوێ هەموو کەسێک خۆشی دەوێ، زۆر سەلارە، کاسبە، گۆشتی باشی هەیە و هەموو کات زیادەی دەخاتە سەر.

**ئانا:**

بەڵێ.

(وچان، کاتی بە تەوس پێهاتنەوە چاوەڕێ دەکات).

**شڤایک:**

زۆر ڕێکەوتێکی سەیرە، کە مرۆڤ ئاوەها لە شارێکی نامۆدا چاوی بە یەکتر بکەوێ؟ وا نییە؟ کەمێک کاتتان هەیە؟ ئێمە دەبێ لەبارەی بودڤایزەوە کەمێک بۆ یەکتر بگێڕینەوە، ئەوێ تەختێکی لێیە، لەوێوە دیمەنێکی جوان هەیە، ئەوە مۆڵداوە.

**کاتی:**

بە ڕاستی.

(بە تەوسێکی ناسکەوە): ئەمە بۆ من نوێیە.

**ئانا:**

یەکێک لەوێ دانیشتووە.

**شڤایک:**

بەڕێزێک لەزەت لە دیمەنەکە دەبینێ. دەبێ باش ئاگاداری سەگەکەتان بن.

**ئانا:**

بۆچی؟

**شڤایک:**

من هیچم نەوتووە. بەڵام ئەڵمانەکان بەتایبەت حەزیان لە سەگە، بەشێوەیەک کە مایەی سەرسوڕمانە زۆر بەتایبەتیش SS، پێش ئەوەی ئاوڕ بدەنەوە سەگێکی وەکو ئەمە براوە، ئەڵمانەکان دەینێرنەوە بۆماڵەوە، من خۆم لەم دواییانەدا سەردەستەیەکم تووش بوو ناوی بولینگەرە، دەیەویست سەگێکی گوێ قوتی وا بۆ ژنەکەی لە کوێلن پەیدا بکا.

**کاتی:**

ئەها، ئێوە لەگەڵ سەردەستە و خەڵکی وادا هاتوچۆتان هەیە؟ ئانا، وەرە، ئیتر بەسە.

**شڤایک:**

من تەنیا ئەو کاتەی دەستگیر کرابووم قسەم لەگەڵدا کردووە، لەبەر قسە و باسێک، کە من هەرەشەم لە ئاسایشی ئیمپراتۆریەتی سێیەم کردووە.

**کاتی:**

بە ڕاستتە؟ دە پەشیمان دەبمەوە لەوەی گوتم. هێشتا کەمێک کاتمان ماوە، ئانا.

(کاتی لە پێشیانەوە دەچێ بۆ کورسییەکە. هەرسێکیان لە تەنیشتی بالونەوە دادەنیشن)

**کاتی:**

ئێوە چیتان وت؟

**شڤایک:**

(ئاماژەی ئەوە دەکا کە لەبەر پیاوە نامۆکە ناتوانێ قسە بکا و زۆر بێ وەی دەدوێ):

پراگتان بە دڵە؟

**ئانا:**

بەڵێ، بەڵام لێرە مرۆڤ ناتوانێ متمانە بە پیاو بکا.

**شڤایک:**

ئەمە زۆر ڕاستە، من خۆشحاڵم، کە ئێوە لەوە حاڵی بوونە. لە لادێ خەڵکەکە زۆر سەرڕاسترن، قسەکەم دروستە؟

(بە بالون):

دیمەنێکی جوانە، وا نییە، ئاغای دراوسێ؟

**بالون:**

خراپ نییە.

**شڤایک:**

ئەمە بۆ وێنەگر شتێکی باشە.

**بالون:**

وەکو باکگراوندێک بۆ وێنە.

**شڤایک:**

وێنەگر دەتوانێ شتێکی لێ دروست بکا.

**بالون:**

من وێنەگرم. ئێمە مۆڵداومان لەو وەرشەیەدا کە کاری لێ دەکەم لەسەر تابلۆیەک کێشا، کەمێک هونەرییانەترە. ئێمە بۆ ئەڵمانەکان بە کاری دەهێنین، بە پلەی یەکەم بۆ SS، کە لە

بەردەمیدا ڕادەوستن بۆ ئەو وێنانەی بۆ ماڵەوەی دەنێرن، ئەگەر جارێک بڕۆن و نەتوانن بگەڕێنەوە. بەڵام مۆڵداو نییە، چۆمێکی پۆخڵە.

(کچەکان بە پەسەندکردنی قسەکەوە پێ دەکەنن).

**شڤایک:**

ئەمە زۆر سەرنجڕاکێشە کە دەیگێڕنەوە. ناتوانن وێنەیەکی ئەم خانمانە بگرن، وێنەیەکی سینە و مەمکیان، ببوورن، وای پێ دەڵێن.

**بالون:**

دەتوانم.

**ئانا:**

ئەمە شتێکی خۆشە. بەڵام نەک لە بەردەم مۆڵداوەکەتاندا، وا نییە؟

(ماوەیەکی درێژ بە نوکتەکە پێ دەکەنن، ئەمجا وچانێک دێتە ئاراوە).

**شڤایک:**

ئەو نوکتەیەتان بیستووە: لە پردی کارڵەوە چیکییەک گوێی لێ دەبێ ئەڵمانییەک لە مۆڵداوەوە هاوار دەکا یارمەتی بدەن. تەنیا خۆی بەسەر نەردەی پردەکەدا شۆڕ دەکاتەوە و بۆ خوارەوە هاوار دەکا: "مەقیژێنە، دەبوو لە جیاتی ئەڵمانی مەلە فێر بی!"

(کچەکان پێ دەکەنن).

بەڵێ، ئەمە مۆڵداوە. لە کاتی شەڕدا زۆر شتی بێنەریتی لەم دەوروبەرەدا ڕوو دەدا.

**کاتی:**

لە کاتی ئاشتیشدا.

**بالون:**

لە مایسدا لە کاتی یادکردنەوەی مریەمدا.

**شڤایک:**

هەتا دوای شەوی پیاوچاکان لە تشرینی دووەمدا لە دەرەوە.

**کاتی:**

ئەی لە شوێنە داخراوەکاندا هیچ ڕوو نادا؟

**بالون:**

بەڵێ، لەوێیش شت زۆر ڕوو دەدا.

**ئانا:**

لە سینەماشدا.

(هەموویان دیسان زۆر پێ دەکەنن).

**شڤایک:**

بەڵێ، مـــــۆڵداو. گـــــۆرانـی "هـایـنریش لای ژنـە تازەکـــــەی نووستووە"تان بیستووە؟ لە مێرن ئەو گۆرانییە زۆر دەوترێ.

**ئانا:**

مــەبەســتت ئەوەیە کـە دەڵـێ: "ئەو ژنە مــیــراتگرەی لە ڕاینەوە هـاتبوو"؟

**شڤایک:**

مەبەستم ئەوەیە.

(بە بالون)

شـتـێـک بە چاوتاندا چووە؟ هەڵی مـەگـلـۆفـە. خـانم دەتوانی سـەیرێکی چاوی ئەو بـەڕێزە بکەی، بـاشـتـرین شت ئەوەیـە بە چەمکی دەسماڵێک بیکەی.

**ئانا:**

(بە شڤایک):

دەتوانی سـەگـەکـەم بۆ بگری؟ مرۆڤ دەبێ لە پراگ ئاگەدار بێ. ئێرە پڕە لە هێس.

**شڤایک:**

(سـەگـەکە بـە شلیی بە تەنیشت کورسـییـەکەوە بە عـەمـودێکەوە دەبەستێتەوە):

لێم ببوورن، بەڵام دەبێ ئێستا بچم بۆ دووکانەکانی شەقامی پالاتسکی. زۆر حەزم دەکرد گوێم لێتان بێ کە گۆرانی دەڵێن، بەڵام ناکرێ. ئێوارەیەکی خۆش.

(دەڕوا)

**کاتی:**

(لە کـاتێکدا ئانا بـە چەمکی دەسـمـاڵێکەوە لـە چاوی بالـوندا دەگەڕێ):

ئەم بەڕێزە پەلەیەتی.

**ئانا:**

ناتوانم هیچ ببینمەوە.

**بالون:**

باشتر بووە. ئەوە چیی گۆرانییەکە؟

**ئانا:**

بۆتانی بلێین؟ پێش ئەوەی بڕۆین؟ بەڵێ، لوکس ئارام بە. ئەگەر تۆ و خاوەنەکەت ئیتر نەبینم زۆر خۆشحاڵم.

(بە بالون):

ئەو پیاوە زۆر سەروکاری لەگەڵ ئەڵمانەکاندا هەیە. من دەست پێ دەکەم.

(هەر دوو کچە کارەکەرەکە حەیرانی "هاینریش لای ژنە تازەکەی خەوت" بە هەست و سۆزێکی قووڵەوە دەڵێن. لەو کاتەدا شڤایک لە پشتی دەوەنێکەوە سەگەکە بە باسترمەیەکی بچووک بۆ لای خۆی فریو دەدا، لەگەڵ سەگەکەدا دوور دەکەوێتەوە).

هاینریش لای ژنە تازەکەی خەوت
هاینرش لەلای ژنە تازەکەی خەوت،
ژنە دۆقێکی دەوڵەمەندی سەر کەناری ڕاین؛
گازی مار، کە یەکێکی تر پێیەوە دەتلایەوە،
نەیهێشت بە هێمنی بنوێ.
سەعات دوازدە لێی دا، لە پڕ دەستێکی
سپیی سارد لە پەردەوە هاتە ژوورێ.
چاوی بە کێ کەوت؟ ڤیلهێلمینەی ژنی،
لە کفندا لە بەردەمی ڕاوەستابوو.

هەڵمەلەرزێ! بە ئەسپایی پێی وت،
دڵداری جارانم، هەڵمەلەرزێ!

من بە خەمگینی لە بەردەم تۆدا دەرناکەوم
نەفرەت لە عەشقە نوێیەکەت ناکەم.

هاینریشی ئاشنا، خەم ژیانی گەنجیمی
بە ئازارەوە کورت کردەوە؛
بەڵام خوا وزەی پێ دام،
کە من بۆ دۆزەخ پێم نەخلیسکا.

بۆچی بڕوام بە سوێندە درۆکانت کرد،
پشتم بە سەرڕاستیی و دڵسۆزیت بەست؟
بۆچی هێشتم ناخم بەو وشانە ببزوێ،
کە تۆ بە سەختە پێت دەوتم؟

مەگری، چونکە دنیایەکی ئاوەها
شایانی ئەو فرمێسکانە نییە تۆ دەیانڕێژی؛
من لەگەڵ ئێلەزەدا دڵخۆش و کامەرانم،
کە تۆ کردووتە بە ژنی خۆت.

کامەران و شادمان لەسەر زەوی بژی،
هەتا بە عەرشی خوا دەگەی،
کە تۆ ڕەقتر دادگایی دەکرێی،
بۆ ئەو عەشقەی تەوست پێ کرد!

**بالون:**

(کاتێ گۆرانییەکە کۆتایی دێ):
بە ڕاستی جوانتان وت.

**کاتی:**

ئێستا با بڕۆین. حەزرەتی عیسا، سەگەکە کوا؟

**ئانا:**

حەزرەتی مەریەم و یوسف، سەگەکە نەماوە. هەرگیز هەڵنایەت. سەرۆکی دیوانی وەزیر چی دەڵێ.

**بالون:**

تەلەفۆن بۆ ئەڵمانەکان دەکا، کە دوژمنین، ئەمە هەموو شتێکە. خۆتان تێک مەدەن، خەتای ئێوە نییە. ئەو بەڕێزە دەبێ شل بەستبێتییەوە، وام بۆ دەرکەوت، لە کاتی گۆرانییەکە وەکو سێبەرێک ببینم، لەوێ.

**کاتی:**

خێرا، دەبێ بچین بۆ بەشی دۆزینەوە لای پۆلیس.

**بالون:**

ئێوارەی شەمموویەک وەرن بۆ "بادە"، لە کۆڵانی هوس ژمارە ٧!
(سەر بۆ بالون دەلەقێنن و خێرا دەڕۆن. بالون جارێکی تر سەیری دیمەنەکە دەکا. کچ و کوڕەکەی پێشووتر دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەم جارە باوەشیان بە یەکدا نەکردووە. ئەمجا شڤایک دێ، ڕستی سەگەکەی بە دەستەوەیە).

**شڤایک:**

ئەمە بە ڕاستی سەگێکی گوێ قووتی جاشێکە، ئەگەر ئاگەدار نەبی قەپ دەگرێ. بە دەم ڕێگەوە گەلێ ئاڵۆزیی دروست کرد. کاتێ بەسەر سکەکەدا دەڕۆیشتم، ئەم تاوانبارە پاڵ کەوت و

ئیتر نەیویست لە جێی خۆی بجوولێ،. ئێستا وەرە با بڕۆین.

**بالون:**

بە باسترمەی ئەسپ فریوی خوارد؟ وام زانی تەنیا گۆشتی گوێرەکە دەخوا.

**شڤایک:**

شەڕ سەختە. هەتا بۆ سەگە ڕەسەنەکانیش. بەڵام من نایدەم بە بولینگەر هەتا پارەکەیم نەداتێ، ئەگینا هەڵدەخەڵەتێنرێم. دەبێ پارەی ئەوەم بدەنی کە هاوکاریی دوژمن دەکەم.

(مرۆڤێکی ڕەشتاڵەی درێژ لە پشتەوە دەردەکەوێ چاودێریی هەردووکیان دەکا. ئێستا لێیان نزیک دەبێتەوە).

**کەسەکە:**

بەڕێزانم، لێرە پیاسە دەکەن؟

**شڤایک:**

بەڵێ، ئەمە چ پێوەندی بە ئێوەوە هەیە؟

**کەسەکە:**

ئەم بەڕێزانە دەتوانن ناسنامەکانیان پێشان بدەن؟

(مەدالیایەکی فەرمییان پێشان دەدا).

**شڤایک:**

من شوناسنامەم پێ نییە، تۆ هەتە؟

**بالون:**

(سەری ڕادەوەشێنێ):

ئێمە هیچمان نەکردووە.

**کەسەکە:**

من ڕاتان ناگرم، لەبەرئەوەی شتێکتان کردووە، بگرە لەبەرئەوەی من وا هەست دەکەم، ئێوە هیچ ناکەن. من لە فەرمانگەی کاری خۆبەخشەوە هاتووم.

**شڤایک:**

ئێوە یەکێک لەو بەڕێزانەن، کە دەبێ لە بەردەم سینەما و باخچەی مەیخانەکاندا بسووڕێنەوە و بە دوای خەڵکدا بۆ کارگەکان بگەڕێن؟

**کەسەکە:**

ئێوە چ کارەن؟

**شڤایک:**

من بازرگانیی بە سەگەوە دەکەم.

**کەسەکە:**

پسوولەت هەیە، کە کارەکەت بۆ شەڕ گرینگە؟

**شڤایک:**

جەنابی خاوەن شکۆ، ئەمەم نییە. بەڵام بۆ شەڕ گرینگە، لە شەڕیشدا کەسی وا هەیە دەیەوێ سەگی هەبێ، بۆ ئەوەی لەو کاتە سەختەدا هاوڕێیەکی لە پاڵ خۆیدا هەبێ، وا نییە، گوێ قووت؟ خەڵکەکە زۆر هێمنترن لە کاتی بۆردومانکردندا، کە سەگێک سەیریان بکا، وەکو سەگەکە بیەوێ بپرسێ: "ئایا ئەمە پێویستی دەکرد؟" ئەم بەڕێزە وێنەگرە، ئەمە لەوانەیە بۆ شەڕ گرینگتر بێ، وێنەی سەرباز دەگرێ، بۆ ئەوەی بە لای کەمەوە لە ماڵەوە وێنەی ئازیزەکانیان هەبێ، کە ئەمە لە هیچ باشترە،

دەبێ پێ لەمە بنێن.

**کەسەکە:**

لەو بڕوایەدام باشترە لەگەڵ خۆم بتانبەم بۆ فەرمانگە، بەڵام ئامۆژگاریتان دەکەم لەوێ واز لەو گەوجییەتان بێنن.

**بالون:**

بەڵام ئێمە ئەو سەگەمان بە فەرمانی شوێنی بەرز گرتووە، بۆی بگێڕەوە.

**شڤایک:**

هیچ شتێک نییە بیگێڕێتەوە، ئەو بەڕێزەش بە فەرمانی شوێنی بەرز کار دەکا.

(لەگەڵیدا دەڕۆن).

**شڤایک:**

کەواتە کاری ئێوە ئەوەیە خەڵکی بگرن؟

٥

(لە وێسـتگەی شـمـەک گواسـتنـەوە لە پراگ پشـووی نـیـوەڕۆیە. شڤایک و بالون لەسەر سکەکان دانیشـتوون، ئێستا لە خزمەتی هیتلەردا ڤـاگۆنەوانن، سەربازێکی ئەڵمـانی پڕچەک چاودێرییان دەکا).

**بالون:**

دەمەوێ بزانم، کۆپێچکا خان و چێشتـەکە چییان بەسەر هـات؟ هیوادارم هیچی بەسەر نەهاتبێ؟

سەرهەنگێکی شەمەندەفەر:

(لە کاتێکدا بە لای سەربازەکەدا تێ دەپەڕێ):

پاسـەوان، ئەگەر لێـیـان پرسـیت، چی یەکێک لەو ڤـاگـۆنانە بۆ باڤاریای باشوور دەچێ، تێبینی بکە، ئەوە، ژمارە ٤٢٦٨ە.

**سەرباز:**

(ڕەپ دەوەستێ):

فەرمایشتتانە.

**شڤایک:**

لەلای ئـەڵمـانـەکـان هەمـوو شـتـێک ڕێکخـسـتنە، ئێـسـتـا ڕێکستنێکیان هەیە، کە دنیا هێشتا بە چاوی خۆی نەیبینیوە. ئەگەر هیتلەر پەنجە بە دوگمەدا بنێ، با بڵێین چین لەناو دەچێ. لیستەیەکیـان هەیە پاپای ڕۆمـای تێدایە و هەموو ئەو شتـانەی

لەبارەی ئەمــان وتوویـەتی، باری لێـژە. یەکـێکی خـوارتریش، فەرمـاندەیەکی SS، دەبینی، چۆن ئەو پەنجـە بە دوگمـەکەدا دەنێ و دارەمـەیتـەکـەت دەبرێتـەوە بۆ بێـوەژنەکـەت. ئێمــە دەتوانین خـۆمـان بـەخـتـەوەر بنرخـێنین، بەوەی لێـرەین و پاسـەوانـێکی پڕچەکمان هەیە، ئاگەداریمان دەکات تاوەکو ئێمـە هیچ کارێکی گێرەشێوێنیی نەکەین و بکوژرێین.

(کـۆپێـچکا خـان خـێـرا بە قـاپ و قـاچاخی مـیناکـراوەوە دێت. سەربـازەکە بە دەم داڵغـەلێدانەوە سـەیری گەواهی پەڕینەوەکەی دەکا).

**بالون:**

ئەوە چییە؟

**کۆپێچکا خان:**

گۆشتی لاپەراسوو بە گێزەرەوە لەگەڵ باسترمە بە پەتاتەوە.

(لە کـاتێکدا هـەردووکـیـان قـاپەکـانیـان لەسـەر ئەژنۆیان داناوە و نان دەخۆن، بەدەنگی نزم):

ئەو سـەگـە دەبێ لە مـاڵی منـدا نەمـێنێ. بووەتـە مـەسـەلـەیەکی سیـاسی. ئەوەندە خێرا نان مەخۆ، جـەنابی بالون، تووشی سک یەشە دەبن.

**بالون:**

بە پەتاتەکە نا، ئەگەر بێتو بە فرۆجەکەوە بێ باشترە.

**کۆپێچکا خان:**

لە ڕۆژنامەی ئەمرۆدا نووسـراوە، کە ونبوونی سەگەکـەی ڤۆیتای سـەرۆکی دیوانی وەزیر تـۆڵەی جــەمــاوەرە لە کــارمــەندێکی

ئەڵماندۆست. ئێستا بە دوایدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئەم هێلانەی توخمە تێکدەرانە بسووتێنن. هەر ئەمڕۆ دەبێ لە "بادە" نەمێنێ.

**شڤایک:**

(بەدەم خواردنەوە):

کاتەکەی کەمێک نەگونجاوە. من دوێنێ نامەیەکی خێرام بۆ بولینگەری سەردەستە نووسی کە بۆ سەگەکە ٢٠٠ کرۆنم لێی دەوێ و پێشووتر نایاندەمێ.

**کۆپێچکا خان:**

جەنابی شڤایک، ئێوە یاریی بە ژیانتانەوە دەکەن، ئەگەر نامەیەکی ئاوها بنووسن.

**شڤایک:**

کۆپێچکا خان، من لەو بڕوایەدا نیم. جەنابی بولینگەر چەپەڵێکی گەورەیە، بەڵام ڕای وایە کە سەودا و مامەڵە دەبێ سەودا و مامەڵەیە بێ، ئەگینا هەموو شتێک دەبڕێتەوە، وەکو بیستوومە، ئەم سەگە گوێ قوتەشی بۆ ژنەکەی دەوێ لە کوێلن. جاشێک بە خۆڕایی کار ناکا، بگرە بەپێچەوانەوە، ئێستا تەنانەت زۆرتری دەست دەکەوێ، لەبەرئەوەی خەڵکی ولاتەکەی ڕقیان لێی دەبێتەوە. بۆ ئەوە دەبێ لێم خۆش بن، ئەی بۆچیی تر؟

**کۆپێچکا خان:**

خۆ ناتوانن سەودا و مامەڵە بکەن ئەگەر لێرە دانیشن؟

**شڤایک:**

(بە میهرەبانییەوە):

من لێـره پیـر نـابم. من ڤـاگـۆنـێکی پڕ لـه سـابوون له ســەریان کەوتووم. ئەمه قـورس نییه. جارێکیان له نەمسـا، کاتێ مانگرتن لەلایەن حکوومـەتەوه قـەدەخـه کرابوو، کـارمـەندانی ڕێگەوبانی ئاسن تـوانیـیـان هەشت سـەعـات هەمـوو هـاتـوچۆیەک ڕاگـرن، بەوەی جگه لەو ڕینوێنیـیـانەی بـۆ ئاسـایشـی هـاتوچۆ له ئارادا بوون هیچی تریان ڕەچاو نەدەکرد.

**کۆپێچکا خان:**

(به جۆش):

جـەنابی شـڤـایک، بەڵام سـەگەکه دەبێ له "بـاده" نەمێنێ. من تا ڕادەیەک لەلایەن جـەنابی برێـتشنایدەرەوه پارێزگـاری دەکـرێم، که هێشتا ئومـێدی هەیه که شـتێکی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەمـه زۆر بڕ ناکا.

(شــڤــایک زۆر بـه دڵەوه گــوێی لـێ ناگــرێ لەبەرئـەوەی دوو سـەربـازی ئەڵمانی به مـەنجەڵێکی گەورەوه هـاتوونەته ژوورەوه و مــەنجـەکـه هەڵمی لـێ هەڵدەسـتێ و له قـاپی فـافـۆندا شـلـەی گـۆشـتـیـان به پەتـاتەوه دابەش کـردووه. بالون، کـه دەمـێکه له خــواردن بـووەتەوه، هـەسـتـاوەتـه سـەر پـێ و وەکـو لـه خـەوی مـوگناتیسـیـدا به دەم بۆنکردنەوه کـەمێک دوای هەڵاوی شلەکه کەوتووه).

**شڤایک:**

من به دوایدا دەڕۆم تا بیهێنمەوه. سەیری ئەوه بکەن.

**سەربازه ئەڵمانییەکه:**

(به توندی هـاوار بەسەر بالوندا دەکا):

ڕاوەستێ!

**کۆپێچکا خان:**

(بە بالون، کە بە پەستی و وروژاوییەوە دەگەڕێتەوە):

جەنابی بالون، دان بە خۆتاندا بگرن.

**شڤایک:**

لە بودڤایس دوکتۆرێک نەخۆشییەکی شەکرەی وای هەبوو، کە دەبوو تەنیا کەمێک شلەی برنج بخوا، بەڵام پیاوێکی کەتە بوو. تەحەمولی نەکرد و هەموو کات بە دزییەوە پاشماوەی جگەرەکەی هێشتا هەر دەخوارد و باش دەیزانی چی دەکات. ئەمجا هەموو شتێکی بە بێ مانا هاتە بەرچاو و، ئەمجا لە کارەکەرەکەی پاڕایەوە، کە ئەویش نەیتوانی دەست بە ڕوویەوە بنێ، خواردنێکی حەوت نەزمی داوا کرد، بە کێک و هەموو بەزم و ڕەزمێکەوە لەگەڵیدا قەوانێکی مۆسیقای پرسەی خستە سەر و بەمە لەناو چوو. بالون، لەگەڵ تۆشدا بەجۆرێکی تر نابێ. تۆ لەژێر تانکێکی ڕووسیدا کۆتاییت دێ.

**بالون:**

(هێشتا سەرتاپای جەستەی هەڵدەلەرزێ):

گولاش دەدەن.

**کۆپێچکا خان:**

من دەبێ بڕۆم.

(قاپ و قاجاخەکان هەڵدەگرێ و دەڕوا).

**بالون:**

من تەنیا دەمەوێ تەماشای کەم.

(بەو سەربازەی کە نان دەخوا):
لە سوپا ژمەکان هەموو کات وا گەورەن، جەنابی سەرباز؟ ئەو ژمەی ئێوە زۆر گەورەیە. بەڵام لەوانەیە تەنیا بۆ پاسەوان بێ، بۆ ئەوەی بە بێداریی بمێننەوە، ئەگینا دەتوانین هەڵبێین، وا نییە؟ دەتوانم جارێک بۆنی کەم؟
(سەربازەکە بە دانیشتنەوە نان دەخوا، بەڵام جاروبار لێوی دەجوڵێنێتەوە).

**شڤایک:**

هیچی لێ مەپرسە. نابینی دەبێ ژمارەکە لەبەر بکا، ئەگینا شەمەندەفەرێکی هەڵە بۆ باڤاریای خواروو دەڕوا، ڕەشەوڵاخ.
(بە سەربازەکە):
حەقتانە کە باش تێبینی دەکەن، زۆر شت ڕوو دەدا. مرۆڤ دەستی لەوە هەڵگرتووە، شوێنی گەشتەکان لەسەر ڤاگۆنەکان بنەخشێنێ، چونکە گێرەشێوێنەکان سڕیویانەتەوە و ناونیشانی هەڵەیان لەسەر نووسیووە. ئەمە چ ژمارەیەکە، ٤٢٦٨، وا نییە؟ کەواتە پێویست ناکا نیو سەعات بە لێو بژمێری. من پێتان دەڵێم، ئێوە دەبێ چی بکەن، لە کارمەندێکی ئەو بەشەم بیستووە کە مۆڵەت بە پیشەوەر دەدەن، ئەو فرۆشیارێکی گەڕۆکی هەیە، کە نەیدەتوانی ژمارەکان تێبینی بکا، وا ڕوونیکردەوە. من بە ژمارەکەی خۆتان بۆتان ڕوون دەکەمەوە، تا بزانن چەند ئاسانە. ٤٢٦٨، یەکەم ژمارە چوارە، دووەم ژمارە دووە، تیبێنی بکە، ٤٢، ئەوە دوو جار دووە، ئەو لە پێشەوە بە دوای یەکدا دێ ٤. بە سەر دوودا دابەشی دەکەی جارێکی

تریش له پاڵ یەکەوە ٤ و ٢ تان هەیە. ئێستا دامەچڵەکێ. دوو جار ٤ چەندە؟ ٨، وا نییە! کەواتە لە یادەوەری خۆتاندا هەڵیکۆڵن، کە هەشتەکە، کە لە ژمارەی ٤٢٦٨ دایە، دوا ژمارەی زنجیرەکەیە، ئاوها تەنیا پێویستتان بەوەیە تێبینی ئەوە بکەن، کە ژمارەی یەکەم (٤)ە، دووەم (٢)ە، چوارەم (٨)ە ئێستا عاقڵانە هەرچی چۆنێک بووە تێبینی ٦ بکە، کە لە پێش ژمارە هەشتەوە دێ. ئەمە دژوارانە ئاسانە. ژمارەی یەکەم (٤)ە، ژمارەی دووەم (٢)ە، ٤ و ٢ دەکاتە ٦. واتە، لێرەدا دڵنیان، دووەم ژمارەی پێش کۆتایی (٦)ە، دەبێ بەڕێزەکەی فەرمانگەی پیشەواران وتبێتی، زنجیرەی ژمارەکان هەرگیز لە یادەوریمان ون نابێ. ئێوە دەتوانن ئاسانتر بەم ئەنجامە بگەن. شێوەکەی بۆ فرۆشیارە گەڕۆکەکە ڕوون کردەوە، من بە ژمارەکەی خۆتان بۆتانی دووبارە دەکەمەوە.

(سەربازەکە بە چاوی زەقەوە گوێی لێ گرتووە. ئێستا لێوەکانی ناجوڵێنەوە).

**شڤایک:**

٨ دووی لێ دەرکەی ٦. واتە دەزانێ ٦. ٦ دووی لێ دەرکەی ٤، ئێستا دەزانێ ٤. ٨ و ٢ لە نێوانیاندا دەبێتە ٤-٢-٦-٨. ئەمە زەحمەتیش نییە، ئەگەر مرۆڤ بەجۆرێکی تریش بیکات، بە یارمەتی لێکدان و دابەشکردن. مرۆڤ دەگاتە ئەنجامێک: تێبینی بکە، کارمەندەکە وتی، کە دوو جار ٤٢ دەکاتە ٨٤. ساڵ ١٢ مانگە. ١٢ لە ٨٤ دەردەهێنی، ٧٢مان بۆ دەمێنێتەوە، ١٢ مانگی تری لێ دەردەهێنین، ٦٠ دەمێنێتەوە. کەواتە بە دڵنیایی

٦مـان هـەیە و سـفـرەکـە لادەبـەین. ئێـمـە دەزانـین ٤٢-٦-٨٤. کـە سـفـرەکـە لابـەین، لە دواوە (٤)ەکـەش لادەبەین و ئەمـجـا ژمارەکـەمـان تەواوە. بە سـەردا دابـەشـکـردنیش دەبـێ، بەو جۆرە. ژمارەکەمان چەند بوو؟

**دەنگێک لە پشتەوە:**

پاسـەوان، ئـەو شـەمـدەفـەرەی دەچـێ بـۆ باڤـاریای خـوارووو ژمارەکەی چەندە؟

**سەرباز:**

ژمارەکە چەندە؟

**شڤایک:**

چاوەڕێکە، من بـە جـۆری مـانگەکـانی دەکـەم. (١٢)ەن، وا نییـە، هـاوڕاین؟

**سەربازەکە:**

(بە نائومێدییەوە):

ژمارەکەم پێ بڵێ.

**دەنگەکە:**

پاسەوان! خەوتووی؟

**سەربازەکە:**

(هاوار دەکا):

لە بیرم چووەتەوە. لە- بیرم- چووە- تەوە!

(بە شڤایک)

تۆش بە لەعنەتی شەیتان بی!

**دەنگەکە:**

(بە ڕەقیی):

دەبێ بە شەمەندەفەرەکەی ١٢,٥٠ بچێ بۆ پاساو.

**دەنگە دوورترەکە:**

کەواتە با سواری ئەوە بین، لەو بڕوایەدام ئەوە بێ.

**بالون:**

(بە دڵخۆشییەوە بەو سەربازەی بە ترسەوە سەیری دواوە دەکا): نەیهێشت بۆنی شلە و گۆشتەکەی بکەم.

**شڤایک:**

دەتوانم مەزەندەی ئەوە بکەم ئێستا لەوانەیە شەمەندەفەرێک بە چەکی ئۆتۆماتیکییەوە بچێ بۆ باڤاریا.

(بە دەم فەلسەفە لێدانەوە):

بەڵام لەوانەیە هەتا ئەوسا لە ستالینگراد هیچیان بە قەدەر مەکینەی دروێنە پێویست نەبێ و لە باڤاریاش چەکی ئۆتۆماتیکی. کێ دەتوانێ بیزانێ؟

٦

(ئێوارەی شەموو لە میوانخانەی "بادە". لە نێوان میوانەکاندا بالون، ئانا، کاتی، پرۆخاسکای لاو و دوو شۆفاری SS دانیشتوون. لە پیانۆیەکی کارەباییەوە دەنگی مۆسیقا دێ، کە لەسەر ئاوازەکەی سەما دەکرێ).

**کاتی:**

(بە بالون):

لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بە جەنابی برێتشنایدەرم وت، کە پیشووتر بیستوومە کە SS بە دوای گوێقوتدا دەگەڕێ. ناوی ئێوەم نەهێنا، تەنیا ناوی هاوڕێکەتان جەنابی شڤایکم هێنا. لە بارەی ئەویشەوە هیچم نەگوت، کە جەنابی شڤایک وای پێشان دا، وەکو نەتانناسێ، لەبەرئەوەی ویستی لەگەڵ ئێمەدا بکەوێتە قسە. ئەمە ڕاست بوو؟

**بالون:**

بۆ من هەموو شتێک ڕاستە. زۆری تر لێرە نامبینن. کاتێ دەگەم دەبێتە موفاجەئە.

**ئانا:**

جەنابی بالون، پێویست ناکا هێندە خەمبار قسە بکەن، سوودی نییە. ئەگەر هەروا لێرە دابنیشم ئەو شۆفاری SSەی ئەوێ داوای سەمام لێ دەکا، ئێوە داوام لێ بکەن.

(بالون دەیەوێ هەستێ، کاتێ کۆپێچکا خان دێتە پێشەوە و چەپڵە لێ دەدا)

**کۆپێچکا خان:**

خوشک و برایان، سەعات بەرەو هەشت و نیو دەچێ، ئێستا کاتی بێسێدا هاتووە –بە لاچاو لە پیاوانی SS دەڕوانێ–، کە سەمای فۆلکلۆری ئێمەیە و لەناو خۆماندا سەما دەکەین و بە دڵی هەموو کەسێک نییە، بەڵام بە دڵی خۆمانە. مۆسیقا لەسەر حیسێبی "بادە".

(کۆپێچکا خان پارەیەکی ئاسن دەخاتە ناو پیانۆکەوە و ئامادەبووان سەمای بێسێدا دەکەن و زۆر بە توندی پێ بە زەویدا دەکوتن. بالون و ئاناش سەما دەکەن. بە مەبەستی تاراندنی پیاوانی SS سەما دەکەن، بەوەی خۆیان بە مێزەکەیاندا دەدەن و... هتد.)

**بالون:**

(گۆرانی دەڵێ):

لەگەڵ لێدانی زەنگی نیوەشەودا

جۆ لە گوێنییەوە باز دەدا

یوپیهایدیا، یوپهایدیا

هەموو ژنەکانیش لەوێن.

ئەوانی تر:

(بۆی دەستێننەوە):

بیەڵە گۆنات بگوشن

نزیکەی هەموو کەسێک چوار گۆنای هەیە.

یوپیهایدیا، یوپهایدیا
هەموو ژنەکانیش لەوێن.
(پیاوانی SS بە دەم جنێودانەوە هەڵدەستن و بە پاڵەپەستۆ دەچنە دەرەوە. لە پاش سەما کۆپێچکا خان لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەگەڕێتەوە و لە پەرداخشۆرین بەردەوام دەبێ، کاتی میوانی یەکەمی دیمەنی ٣ دەهێنێتە سەر مێزەکە).

**میوانی یەکەم:**

سەما فۆلکلۆرییەکان لە "بادە"دا نوێن و زۆر حەزیان لێ دەکرێ، لەبەرئەوەی میوانە هەمیشەییەکان دەزانن لەو کاتەدا کۆپێچکا خان گوێ لە ڕادیۆی مۆسکۆ دەگرێ.

**بالون:**

من زۆرجاری تر سەماتان لەگەڵ ناکەم. ئەو شوێنەی منی لێ دەبم سەمای بێسێدای لێ ناکرێ.

**ئانا:**

وەکو بیستوومە ئێمە زۆر نائاگەدار بووین، کە چووینە ئەو دەوروبەرە. لەبەرئەوەی ئەو سەربازە ئەڵمانییانەی لە شەڕ هەڵاتوون هێرشبەرن.

**میوانی یەکەم:**

تەنیا هێرش دەکەنە سەر پیاوان. دەبێ جلی مەدەنییان دەستکەوێ. ئێستا لە باخی سترۆمۆڤکا هەموو بەیانییەک جلی سەربازی دەدۆزرێتەوە.

**کاتی:**

هەر کەسێک جلە سەربازییەکەی لە دەست بدا ئەوەندە بە

ئاسانی جلی تری دەست ناکەوێ. شوێنگەی چاودێریی جلوبەرگ ئێستا قەدەخەی کردووە، جلوبەرگ و شەپقە لە کاغەز دروست بکرێن، لەبەر کەمیی کاغەز.

**میوانی یەکەم:**

ئەو فەرمانگانە لەلای ئەڵمانەکان زۆر خۆشەویستن، وەکو قارچک لە زەوییەوە هەڵدەتۆقێن. ئەوان لەبەرئەوە ئەو کارە دەکەن بۆ ئەوەی لە چوونە شەڕ ڕزگاریان بێ. باشترە عەزیەتی چیکییەکان بدەن بە چاودێریی شیر، چاودێریی خواردەمەنی، چاودرێریی کاغەز و شتی لەو بابەتە. پێگەی پاڵەپەستۆن.

**بالون:**

لەلای من ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن. من وەکو شتێک سەیری پاشەڕۆژم دەکەم کە خۆی لێ لانادرێ.

**ئانا:**

من نازانم ئێوە باسی چی دەکەن.

**بالون:**

ئانا خان، هەر زوو دەیبیستن. بە دڵنیاییەوە گۆرانی "هەزار دەر و دەروازە "ی تابلۆکێشەکەتان بیستووە، کە بە گەنجی مردووە، دەتەوێ بۆم بڵێی، حەز دەکەم گوێم لێی بێ.

**ئانا:**

(گۆرانی دەڵێ):

دەیتوانی هەزار دەر و دەروازەتان بۆ بنەخشێنێ

دەبوو تابلۆ بکێشێ و کچان ماچ بکا.

ئیتر ئەو هیچ ناکا، لەژێر خاکدا نێژراوە.
مەبەستت ئەوە بوو؟

**بالون:**

خۆیەتی.

**ئانا:**

خوایە، خۆ هیچ لە خۆت نا کەی جەنابی بالون؟

**بالون:**

من چی لە خۆم دەکەم، ئێوە پڕ لە سامناکیی دەکا، خانم. من دەستم ناچێتە خۆم، بگرە لەوە خراپتریش.
(شڤایک دێتە ژووریٚ پاکەتێکی بە بن باڵەوەیە).

**شڤایک:**

(بە بالون):
بە گولاشەوە هاتمەوە. من سوپاسم ناویٚ، لەبەرئەوەی من لە جیاتییان ئەو پێڵاوانە دەبەم، کە لە متبەخەکەدا داتناون.

**بالون:**

پێشانمی بدە، هیی گایە؟

**شڤایک:**

(بەجۆشەوە):
دەستت لابە. لێرە ناکرێتەوە. ئێوارەتان باش، خانمەکان، ئێوەش لێرەن؟

**ئانا:**

ئێوارەت باش. هەموو شتێک دەزانین.

**شڤایک:**

(بالون بۆ گۆشەیەک ڕادەکێشێ):

دیسان چیت لایان درکاندووە؟

**بالون:**

تەنیا کە ئێمە یەکتر دەناسین و ئەوە فێڵ بوو، کە ئێمە یەکتر ناناسین. نەمزانی باسی چییان لەگەڵدا بکەم. پێڵاوەکانم بۆ تۆ. تۆ هاوڕێییەک لە فەوتان قورتار دەکەی، تەنیا بیەڵە لەناو کاغەزەکەوە بۆنی بکەم. مالەر خانی بەرامبەرمان ٢٠ کرۆنی بۆ پێ دام، بەڵام من چاوم لەوە نییە. لە کوێت بوو؟

**شڤایک:**

هیی بازاڕی ڕەشە، لە مامانێک، کە لە لادێوە بۆی هاتووە. لە لای جووتیارێکی دەوروبەری سالانی ٣٠ منداڵێکی هێنایە ناو دنیاوە، کە ئێسقانێکی بچووکی بە دەمەوە بووە، مامانەکە گریاوە و گوتوویەتی: ئەمە مانای ئەوەیە "ئێمە هەموو برسیەتییەکی زۆر دەکێشین"، ئەمەی پێشبینی کردبوو، کاتێ هێشتا ئەڵمانەکان لە وڵاتی ئێمە نەبوون و ژنە جووتیارەکە هەموو ساڵێک پاکەتێک خواردەمەنی بۆ ناردووە، بۆ ئەوەی برسی نەبێ، بەڵام ئەمساڵ مامانەکە پارەکەی بۆ باج دەویست.

**بالون:**

تەنیا ئەگەر کۆپێچکا خان بیبەرە ڕاستەقینەکەی هەبێ!

**کۆپێچکا خان:**

(هاتووەتە لایانەوە):

بگەڕێرەوە بۆ سەر مێزەکەی خۆت، دوای نیو سەعات بانگتان

دەکەم بۆ مـتبەخـەکە، لەم نێوەنـدەدا وا بکەن، وەکو هـیچ ڕووی نەدابێ.
(بە شڤایک، کاتێ بالون گەڕاوەتەوە بۆ سەر مێزەکەی):
ئەمە گۆشتی چییە؟

**شڤایک:**

(بە تانەوە):
کۆپێچکا خان من سەرم لە ئێوە سوڕ دەمێنێ.
(کۆپێچکا خان پاکەتەکەی لە دەست دەسەنێ و بە ئاگەدارییەوە سەیری ناوی دەکا).

**شڤایک:**

(لەبەرئەوەی دەبینێ بالون بە ئاماژەی گەورەی شڵەژاوەوە قسە بۆ کچە کارەکەرەکان دەکا):
بالون سـەرسـامـە. بیـبـەری زۆر تێکە بۆ ئەوەی تامـی گـا بدا. گۆشتی ئەسپە.
(کاتێ کۆپێچکا خان بە توندیی سەیری دەکا):
دەباشە، سەگە گوێقوتەکەی جەنابی ڤۆیتایە. دەبوو ئەمە بکەم، لەبەرئەوەی عەیب و عارەکە بە سـەر "بادە"دا دەکـەوت، ئەگـەر یەکێک لە مـیـوانە هـەمیـشـەییـیـەکـانت لەبەر برسـێـتی لەلای ئەڵمانەکان ببێتە سەرباز.

**میوانێک لەسەر بارەکە:**

پێشخزمەت!
(کۆپێچکا خان پاکەتەکە دەداتە دەست شـڤـایک بۆ ئەوەی بۆی بگرێ، تـا خـێـرا خـزمـەتی مـیـوانەکـان بکا. لەم چرکـەسـاتەدا

دەبیستریێ کە ئۆتۆمۆبێلێکی قورس لە بەردەم مەیخانەکەدا دەوەستێ، چەند پیاوێکی SS دێنە ژوورێ، لە پێشیانەوە بولینگەری سەردەستە).

**بولینگەر:**

(بە شڤایک):

ژنە کارەکەرەکەت حەقی بوو، کە ئێوە لە میوانخانەن.

(ڕوو دەکاتە پیاوانی SS):

جێ بکەنەوە!

(بە شڤایک، لە کاتێکدا پیاوانی SS میوانەکانی تر بۆ دواوە پاڵ پێوە دەنێن):

ناپەسەند سەگەکە لە کوێیە؟

**شڤایک:**

بە گوێڕایەڵیی پێتان دەڵێم، جەنابی سەردەستە، لە ڕۆژنامەدا نووسراوە، کە دزراوە. نەتانخوێندەوە؟

**بولینگەر:**

ئاوها، ئێستا بێڕوویی دەکەن؟

**شڤایک:**

بە گوێڕایەڵیی پێتان دەڵێم، جەنابی سەردەستە، ئەوەیان نا. تەنیا ویستم گوزارشتی لێ بکەم، کە ئێوە پەیجۆری ڕۆژنامە دەکەن، ئەگینا لەوانەیە شتێک نەبیستن و ببێتە هۆی بە دوادا نەچوونی.

**بولینگەر:**

من نازانم بۆ خۆم دەهێنمە ئاستی تۆ، ئەمە بەدخوورییە لە

منەوە، لەوانەیە تەنیا بمەوێ ببینم، چۆن سەروسەکوتێکی وەکو تۆ لە کەناری مەرگیدایە.

**شڤایک:**

بەڵێ، جەنابی سەردەستە، لەبەرئەوەیش کە دەتانەوێ سەگەکەتان هەبێ.

**بولینگەر:**

تۆ دانی پێدا دەنێی، نامەیەکت بۆ نووسیوم، کە من دەبێ بۆ سەگەکە دوو سەد کرۆنت بدەمێ؟

**شڤایک:**

جەنابی سەردەستە، من دانی پێدا دەنێم، کە ویستم ٢٠٠ کرۆنەکەم بدەیتێ، لەبەرئەوەی ئەو کاتە مەسروفم دەبوو، ئەگەر گوێقوتەکە نەدزرایە.

**بولینگەر:**

ئێمە لە پێچکابانک هێشتا دێینەوە سەر ئەم باسە.

(بە شۆفارەکانی SS):

هەموو میوانخانەکە بە دوای سەگێکی گوێقوتدا بگەڕێن.

(پیاوێکی SS دەڕوا).

(مرۆڤ گوێی لێ دەبێ شتومەک دەخرێ، شت دەشکێنرێ... هتد. شڤایک بە ئارامییەکی فەلسەفییەوە چاوەڕوانە، پاکەتەکەی بە دەستەوەیە).

**شڤایک:**

(لە پڕ):

لێره سلیبۆڤیتسێکی خۆشمان هەیە.

(پیاوێکی SS بە دەم بە لادا تێپەڕێنەوە پاڵ بە پیاوێکی بچووکەوە دەنێ. لە خۆ لاداندا پیاوە بچووکەکە پێی دەکەوێتە سەر پێی ژنێک و دەڵێ "ببوورە"، بە هۆی ئەمەوە پیاوەکەی SS وەردەچەرخێتەوە و بە گورزێک لێی دەدا و دەکەوێ و بە سەرلەقاندنێکی بولینگەر لەگەڵ هاوکارێکیدا ڕای دەکێشنە دەرێ. پاش ئەوە پیاوێکی SS لەگەڵ کۆپێچکا خاندا دەگەڕێتەوە).

**شۆفاری SS:**

ماڵەکە گەڕاین، سەگی لێ نییە.

**بولینگەر:**

(ڕوو دەکاتە کۆپێچکا):

ئێرە کە ئێوە وەکو میوانخانەیەکی بێگوناه بەڕێوەی دەبەن شارە زەردەواڵەیەکی دڵگیری کاری تێکدەرانەیە. بەڵام من بۆتانی دەسووتێنم.

**شڤایک:**

ئافەرین، جەنابی سەردەستە، هایل هیتلەر. ئەگینا بێچاووڕوو دەبین و گوێ بە ڕێنوێنییەکان نادەین. کۆپێچکا خان، ئێوە دەبێ میوانخانەکەتان وا بەڕێوە ببەن، کە هەموو شتێک شەفاف بێ، وەکو ڤەیڤۆدای قەشە دەڵێ، وەکو ئاوی گۆمێکی ڕوون، کاتێ...

**بولینگەر:**

ناپەسەند، دەمت داخە. کۆپێچکا خان، لەوانەیە لەگەڵ خۆمت ببەم و میوانخانەکەت داخەم.

**برێتشنایندەر:**

(کە لە دەرگەکەوە دەرکەوتووە):

جەنابی سەردەستە بولینگەر، دەتوانم دووبەدوو قسەیەکتان لەگەڵدا بکەم؟

**بولینگەر:**

من نازانم. چیم هەیە لەگەڵ ئێوەدا باسی بکەم. ئێوە دەزانن، من ئێوە بەچی دەزانم.

**برێتشنایدەر:**

پێوەندی بە زانیاریی نوێوە لەبارەی شوێنی سەگە ونبووەکەی ڤۆیتاوە هەیە، کە ئێمە لە گێستاپۆ بە دەستمان گەیشتووە و ڕەنگبێ بەلاتانەوە گرینگ بێ جەنابی سەردەستە بولینگەر.

(هەردوو پیاوەکە دەچنە سوچێکەوە و بە توندی دەست ڕادەوەشێن. بەوە دەچێ برێشنایدەر بڵێ، بولینگەر سەگەکەی لەلایە، بەوە دەچێ ئەو بڵێ "من؟" و خەریکە تووڕە دەبێ... هتد. کۆپێچکا خان بێ پەروا گەڕاوەتەوە سەر پەرداخشۆرین. شڤایک بێڕاو میهرەبان وەستاوە. بۆ بەدبەختیی بالون هەوڵ دەدا بگاتە پاکەتەکەی شڤایک. بە ئاماژەیەکی بالون یەکێک لە میوانەکان پاکەتەکە لە دەستی شڤایک دەستێنێ و دەیداتە دەست میوانێکی تر. دەگاتە دەستی بالون و بەبێ تەگەرە دەستی لێ دەدا. پیاوێکی SS بە بایەخەوە چاودێریی دەستاودەستکردنی پاکەتەکە دەکا).

**شۆفاری SS:**

هۆو، ئەوە چی دەکەن؟

(بە چەند هەنگاوێک دەگاتە لای بالون و پاکەتەکەی لێ دەستێنێ).

**شۆفاری SS:**

(پاکەتەکە دەداتە دەستی بولینگەر):

جەنابی سەردەستە، هەر ئێستا ئەو پاکەتە بە دزییەوە درایە ئەو پیاوەی ئەوێ.

**بولینگەر:**

(پاکەتەکە دەکاتەوە):

گۆشتە. با خاوەنەکەی بێتە پێشەوە.

**شۆفاری SS:**

(بە بالون):

ئێوە لەوێ! ئێوە پاکەتەکەتان کردەوە.

**بالون:**

(بە شڵەژاوییەوە):

کەسێک خستییە دەستمەوە. هیی من نییە.

**بولینگەر:**

ئاوها، هیی ئێوە نییە، وا نییە؟ وا دەردەکەوێ گۆشتی بێ خاوەن بێ.

(لەپڕ دەنەڕێنێ):

ئەی بۆچێ کردتانەوە؟

**شڤایک:**

(لەبەرئەوەی بالون ناتوانێ وەڵام بداتەوە):

بە گوێڕایەڵیی پێتان دەڵێم، جەنابی سەردەستە، کە ئەو مرۆڤە

گەمژەیە دەبێ بێگوناه بێ، لەبەرئەوەی سەیری ناوی نەدەکرد، ئەگەر هیی ئەو بووایە، دەیەویست بزانێ، چی تێدایە.

**بولینگەر:**

(بە بالون):

کێ بە تۆی دا؟

**شۆفاری SS:**

(لەبەرئەوەی بالون دیسان وەڵام ناداتەوە):

یەکەم جار ئەو پیاوەم تێبینی کرد- ئاماژە بۆ ئەو میوانە دەکا کە پاکەتەکەی لە شڤایک سەندووە-، چۆن پاکەتەکەی ڕادەست کرد.

**بولینگەر:**

لە کێت وەرگرت؟

**میوانەکە:**

(نائاسوودە):

یەکێک دایە دەستمەوە، نازانم کێ بوو.

**بولینگەر:**

بەوە دەچێ ئەم میوانخانەیە لقێکی بازاڕی ڕەش بێ.

(بە برێتشنایدەر):

هەر ئێستا بۆ خاتری ژنی خاوەن میوانخانەکە دەستتان بە ئاگردا کرد، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، جەنابی برێتشنایدەر.

**کۆپێچکا خانم:**

(هاتووەتە پێشەوە):

گەورەکانم، "بادە" بازاڕی ڕەش نییە.

**بولینگەر:**

نەخێر؟

(شەپازلەیەکی لێ دەدا).

پێتی پێشان دەدەم، مالۆسی چیکی!

**برێتشنایدەر:**

(هەڵچووە):

تکات لێ دەکەم. کۆپێچکا خان، کە من وەکو کەسێکی ناسیاسیی دەیناسم، بە ناحەق تاوانباری نەکەی.

**کۆپێچکا خان:**

(زەردە هەڵگەڕاوە):

ئێوە ناتوانن لە من بدەن.

**بولینگەر:**

چی. بەرپەرچم دەدەیتەوە؟

(شەپازلەیەکی تری لێی دەدا).

بیبەن!

(لەبەرئەوەی کۆپێچکا دەیەوێ هێرش بکاتە سەر بولینگەر، شۆفارەکەی SS دەکێشی بە سەریدا).

**برێتشنایدەر:**

(کۆپێچکا لەسەر زەوییەکە کەوتووە، برێتشنایدەر بە سەریدا دادەچەمێتەوە):

دەبێ بەرپرسیاریەتی ئەمە هەڵگری بولینگەر. بۆتان نالوێ ڕوانگە لە سەگەکەی ڤۆیتا بگۆڕی.

**شڤایک:**

(دێته پێشەوە):

بە گوێڕایەڵیی پێتانی ڕادەگەیەنم، من دەتوانم هەموو شتێک ڕوون بکەمەوە. ئەو پاکەتە هیی هیچ کەسێک نییە لێرە. من دەیزانم، چونکە من خۆم لەوێم دانا.

**بولینگەر:**

واتە تۆی؟

**شڤایک:**

هی پیاوێکە، کە بە ئەمانەت دای بە من و چوو بۆ ئاودەست، وەکو پێی وتم. پیاوێکی مامناوەندیی ڕیش زەردە.

**بولینگەر:**

(لە بەهانەیەکی ئاوها سەری سوڕ دەمێنێ):

پێم بڵێ، تۆ شێتی؟

**شڤایک:**

(بە جیدی سەیری ناو چاوی دەکا):

وەکو جارێک بۆم ڕوون کردنەوە، ئەوەیان بەڵێ. من لەلایەن ئەنجوومەنێکەوە بە فەرمی بە گەلحۆ ناوزەد کراوم. هەر لەبەرئەوەش لە ئەرکی کارکردنی خۆبەخشانە فڕێیاندامە دەرێ.

**بولینگەر:**

بەڵام بۆ بازرگانیی چەواشە ژیری، وا نییە؟ تۆ لە (پێچەکبانک) تێ دەگەی، کە سەد پسوولە دادت نادەن.

**شڤایک:**

(بە نەرمیی):

به گوێڕایەڵیی پێتان ڕادەگەیەنم، جەنابی سەردەستە، کە من بە تەواوی لەمە دەگەم، کە هیچ سوودی بۆ من نییە، لەبەرئەوەی من هەردەم، هەر لە منداڵییەوە، تووشی ئەم گێچەڵانە بوومە، کاتێ من باشترین مەبەستم بووبێ و بۆ هەموو کەسێک ئەو شتەم کردووە کە ویستوویەتی. وەکو لە لۆباوی گەورەدا، جارێکیان ویستم لە کاتی جل هەڵخستندا یارمەتیی ژنی فەڕاشی قوتابخانە بدەم، ئەگەر لەگەڵمدا بێنە دالانەکە دەتوانم پێتان بڵێم چی لێکەوتەوە. من کەوتمە کاری چەوتەوە وەکو چۆن پۆنتیۆس ئاگای لە هیچ نەبوو.

**بولینگەر:**

(لێی ڕادەمێنێ):

من هەر نازانم، بۆچی گوێت لێ دەگرم، نایشازانم بۆچی پێشووتر گوێم لێ دەگرتی. ڕەنگبێ لەبەرئەوە بێ کە من تاوانبارێکی هێندە گەورەم هێشتا نەبینیوە و وەکو خەوی موگناتیسیم لێخرابێ بە چاوی زەقەوە سەیری دەکەم.

**شڤایک:**

دەبێ ئاوا بێ، وەکو چۆن لە پڕ شێرێک لەسەر شەقامی کارل ببینی، کە باو نییە یان وەکو لە کۆتێبۆر نامەبەرێک ژنەکەی لەگەڵ دەرگەوانێکدا لە قافدا گرت و بەرچەقۆیانی دا. یەکسەر دەچێ بۆ بنکەی پۆلیس بۆ ئەوەی خۆی بە دەستەوە بدا، کاتێ لێی دەپرسن ئەی دوای ئەوە چی کرد، وتی، کاتێ لە خانووەکە هاتووەتە دەرێ، مرۆڤێکی بە سەرتاپا ڕووتی لە سەر کۆڵانەکە بینیوە، ئیتر بە شێتیان لە قەڵەم داوە و بەرەڵلایان کردووە،

بەڵام پاش دوو مانگ ئاشکرا بوو، لە هەمان ئەو کاتەدا شێتێک لە نەخۆشخانەکەی ئەوێ هەڵاتووە و بە ڕووتی دەرباز بووە. بڕوایان بە نامەبەرەکە نەکردووە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڕاستی گوتبوو.

**بولینگەر:**

(بە سەرسوڕمانەوە):

بەهیچ شێوەیەک تێ ناگەم بۆچی لێرە وەستاوم و گوێت لێ دەگرم. ناتوانم خۆم قورتار کەم. من دەزانم ئێوە لە چ بڕوایەکدان. کە ئیمراتۆریەتی سێیەم لەوانەیە ساڵێک یان دە ساڵ درێژە بکێشێ، بەڵام چەند خۆمان دەگرین، لەوانەیە ١٠٠٠٠ ساڵ. ئێستا دەم دادەپچڕێنن، وا نییە؟

**شڤایک:**

ئەمە ماوەیەکی درێژە، کاتێ مجێورەکە وتی، کە ژنە مەیگێڕەکەی مەیخانەی "قوو"ی خواست و شەو تاقمی دانەکانی خستە پەرداخێک ئاوەوە.

**بولینگەر:**

میزەکەت زەردە یان سەوزە؟

**شڤایک:**

(بە میهرەبانییەوە):

جەنابی سەردەستە، بە گوێڕایەڵی پێتان ڕادەگەیەنم، من میزەکەم سەوزی زەردباوە.

**بولینگەر:**

ئێستا لەگەڵمدا بێ، ئەگەر هەندێ بەڕێز –دەست بۆ

برێتـشنایدەر درێژ دە کـا– نـەک هـەر دەست، بـگرە پێـشـت بۆ بخەنە ئاگرەوە.

**شڤایک:**

بەڵێ، جـەنابی سـەردەسـتـە. نەزم دەبێ هـەبێ. بازرگـانیی چەوت نەنگە و نابڕێتـەوە هەتا کـۆتایی نەیـەت. ئەمـجـا یەکـسـەر نەزم دێتە ئاراوە، وا نییە؟

**بولینگەر:**

سەگەکەش دەدۆزینەوە.

(پاکـەتەکـەی خـسـتـووەتە بـن باڵی و دەڕوا. پیـاوانی SS شـڤـایک پەلکێش دەکەن و دەیبەن).

**شڤایک:**

(لە کاتی ڕۆیشتندا، بەڕووخۆشییەوە):

من تەنیا هیوادارم، نائومێد نەبی، هـەندێ کڕیار، کاتێ سـەگەکە وەردەگـرن، کـە هێنـدە بۆی بە پەرۆش بوون و لـە خـوارەوە هـەتا سـەرەوە هـەمـوو شـتـێکیـان پاک کـردووەتەوە، ئەمـجـا بەدڵیـان نامێنێ.

**برێتشنایدەر:**

(ڕوو دەکاتە کۆپێچکا، کە هاتووەتەوە سەر خۆی):

کۆپێـچکا خـان، ئێـوە قـوربانیی هـەندێ مـلـمـلانێی نێـوان هـەندێ شـوێنی گـێسـتـاپۆ و SSن، لەمـە زیاتر ناڵێم. بەڵام ئێـوە لەژێر پارێزگـاری مندان، من دەگـەڕێمـەوە، بۆ ئـەوەی دووبەدوو باسـی بکەین.

(دەڕوا).

**کۆپێچکا خان:**

(بە لارەلار دەچێتەوە سەر بارەکە، پەڕۆیەکی پەرداخ وشککردنەوە بە تەوێڵییەوە دەبەستێ، کە هێشتا خوێنی لێ دێ):

کەس بیرەی ناوێت؟

**کاتی:**

(سەیری شەپقەکەی شڤایک دەکا کە هێشتا بە سەر مێزەکەوە هەڵواسراوە):

نەیانهێشت شەپقەکەشی لەگەڵ خۆی ببا.

**میوانەکە:**

بە زیندوویی لەوێوە ناگەڕێتەوە.

(پرۆخاسکای لاو بە شەرمەوە دێتە ژوورێ. بە نیگەرانییەوە سەیری پەڕۆ خوێناوییەکەی کۆپێچکا دەکا).

**پرۆخاسکای لاو:**

چی ڕووی داوە، کۆپێچکا خان؟ بینیم SS بە ماشێنەکەیان ئێرەیان بەجێ هێشت، ئەوە SS بوو؟

**میوانەکان:**

گورزێکیان بە سەریدا دا، لەبەرئەوەی وتیان "بادە" بازاڕی ڕەشە. تەنانەت جەنابی برێتشنایدەری گێستاپۆش کەوتە نێوانەوە، ئەگینا دەستبەسەریان دەکرد. پیاوێکیان لەگەڵ خۆیاندا برد.

**کۆپێچکا خان:**

بەڕێز پرۆخاسکا، ئێوە نابێ لێرە لە "بادە" بن. تەنیا چیکیی

ڕاستەقینە هاتوچۆی ئێرە دەکەن.

**پرۆخاسکای لاو:**

ئانا خان، دەتوانن بڕوام پێ بکەن لەم نێوەندەدا زۆر ئازارم چەشت و بەشی خۆم شت فێر بووم. هیچ دەرفەتی ترم لە بەردەمدا نەماوە دڵتان نەرم بکەم؟

(نیگا توندوتیژەکانی کۆپێچکا خان دەیترسێنن و بە پەشیمانییەوە دەچێتە دەرەوە).

**کاتی:**

لەلای SSیش شپرزەن، لەبەرئەوەی دوێنێ پیاوێکی SSیان لە مۆڵداو لە بن ئاو دەرهێنا، کونێک لە قەبرغەی چەپیدا بوو.

**ئانا:**

زۆر چیکی تێ فڕێ دەدەن.

**میوان:**

تەنیا لەبەرئەوەی لە ڕۆهەڵات باریان لێژە.

**میوانی یەکەم:**

(بە بالون):

ئەوە هاوڕێی ئێوە نەبوو کە بردیان؟

**بالون:**

(دەست دەکات بە گریان):

خەتای من بوو. ئەوەش لەبەر نەوسنی من. زۆرجار لە حەزرەتی مریەمی پاکیزە پاڕاومەتەوە، کە وزەم پێ بدا و هەرچی چۆنێک بووە گەدەم بچووک بکاتەوە، بەڵام هیچ. باشترین هاوڕێم بە

جۆرێک تێوە گلان، کە لەوانەیە هەر ئەمشەو گوللەبارانی بکەن، ئەگەر نا، دەتوانێ بەختەوەر بێ و سبەی بەیانی ڕوو دەدا.

**کۆپێچکا خان:**

(سڵێبۆڤیستێک دەخاتە بەردەم بالون):

ئەمە بخۆنەوە. ئێستا شیوەن سوودی نییە.

**بالون:**

خوا پاداشتت بداتەوە. لە دڵپەسەندەکەتم دابڕیت، یەکێکی لەو باشتر نادۆزنەوە، ئەویش تەنیا مرۆڤێکی لاوازە. ئەگەر من ئەو سوێندەم بخواردایە، کە داواتان لێ کردم، لەوانە بوو شتەکان هێندە دڕدۆنگ دەرنەکەون. ئەگەر ئێستاش بمتوانیبا ئەو سوێندە بخۆم- بەڵام دەتوانم؟ بە سکی ناشتا؟ خوای گەورە، چی ڕوو دەدا؟

**کۆپێچکا خان:**

(دەچێتەوە بۆ لای بارەکە و دەست بە شتنی پەرداخەکان دەکاتەوە):

با یەکێک دەیبیەک بخاتە پیانۆکەوە. من پێتان دەڵێم چی ڕوو دەدا.

(میوانێک پارە دەخاتە ناو پیانۆ کارەباییەکەوە. ڕووناکی تێدا دادەگیرسێ، لەسەر دروشمێک مانگ بە سەر مۆڵداوەوەیە، کە بە شکۆ بەرەو خوار دەکشێ. بە دەم پەرداخ شتنەوە کۆپێچکا خان "گۆرانی مۆڵداو" دەڵێ).

(کۆپێچکا خان گۆرانی دەڵێ):

**گۆرانی مۆڵداو**

له بنی مۆڵداودا بەردەکان دەگەڕێن.
سێ قەیسەر لە پراگ نێژراون.
نە گەورە گەورە دەمێنێتەوە و نە بچووک بچووک.
شەو دوازدە سەعاتە و ئەمجا ڕۆژ دێ.
کاتەکان دەگۆڕێن. پلانە گەورەکان دەگۆڕێن.
دەسەڵاتدارەکان لە کۆتاییدا دەوەستن.
وەکو کەڵەشێری خوێناوی دەڕۆن
کاتەکان دەگۆڕێن، زەبروزۆر داد نادا.

له بنی مۆڵداودا بەردەکان دەگەڕێن.
سێ قەیسەر لە پراگ نێژراون.
گەورە گەورە نامێنێتەوە و بچووک بچووک نامێنێتەوە.
شەو دوازدە سەعاتە و ئەمجا ڕۆژ دێ.

## گەمەی ناوبەند لە دەڤەرە بەرزەکاندا

(هیـتلەر و جـەنەراڵ فـۆن بۆک، کـە "مـەرگـەوەر"ی ناولێـنراوە لە بەردەم نەخشـەیەکی یەکـەتی سـۆڤیـەتدا وەسـتـاون. هـەردووکیـان زۆر درێژن. مۆسیقای شەڕ).

**فۆن بێک:**

ئازیزم جەنابی هیتلەر، شەڕەکەت لە ڕۆهەڵاتدا
دەست بەوە دەکا، تانک و بۆمبا و تۆپوەشێنی زۆر خەرج بکا.
من باسی تیپ ناکەم، خۆ خەڵکی هەر "مەرگەوەر"م پێ دەڵێن.
بەهەرحاڵ من گێرەشێوین نیم
بەڵام ناتوانن ئەم ستالینگرادە بگرن.

**هیتلەر:**

جەنابی جەنەراڵ فۆن بۆک، ستالینگراد دەگیرێ
من پەیمانم بە گەلی ئەڵمان داوە.

**فۆن بۆک:**

بەڕێز هیتلەر، چەند هەفتەیەکی تر زستان دادێ
لە دەڤەرەکانی ڕۆهەڵاتدا بەفرێکی زۆر دەبارێ
ئەگەر ئێمە هێشتا لێرە کات بە فیڕۆ بدەین...

**هیتلەر:**

بەڕێز فۆن بۆک، من گەلانی ئەورووپا دەکەمە کونەوە

پیاوی گرگن ڕام دەکێشێتە دەرەوە.

بەڕێز فۆن بۆک، ئێوەش لە تەنگانەدا بەجێم مەهێڵێن.

**فۆن بۆک:**

ئەی بۆ یەدەکەکان...

**هیتلەر:**

خەمیان دەخۆم.

٧

(ژووری بەندیخانەیەکی سەربازیی کە بەندکراوی چیکیی تێدایە، چاوەڕوانی پشکنین بۆ خزمەتی سەربازیی، شڤایکیان لەگەڵدایە. لە ناوقەد بە سەرەوەی لەشیان ڕووتە و چاوەڕوانن، بەڵام هە موویان وا پێشان دەدەن کە نەخۆشیی سەختیان هەیە. بۆ نموونە یەکێکیان لەسەر زەوی درێژ بووە، وەکو لە سەرمەرگدا بێ)

**پیاوێکی پشتکووڕ:**

من چووم بۆ لای پارێزەرەکەم و هەواڵێکی زۆر دڵنیاکەرەوەم پێ گەیشت. ناتوانن بمانخەنە خزمەتی سەربازییەوە، ئەگەر خۆمان نەمانەوێ، ئەمە یاسایی نییە.

**پیاوێکی گۆچان بە دەست:**

ئەی بۆ وا بە پشتکووڕیی دەڕۆن، ئەگەر چاوەڕوانی خزمەتی سەربازیی ناکەن؟

**پشتکووڕەکە:**

ئەمە بۆ هەموو حاڵەتانەی دەشێت ببێ.

(پیاوە گۆچان بە دەستەکە بە تەوسەوە پێ دەکەنێ).

**ئەوەی لە سەرەمەرگدایە:**

(لەسەر زەوییەکە):

پرکێشیی ئەوە ناکەن، کە ئێمە هەموو کەمئەندامین. زۆر ئێسک قورسن.

**چاوکزێک:**

(بەدڵخۆشییەوە):

گوایە لە ئەمستردام ئەفسەرێکی ئەڵمانی بە سەر ئەو شتەدا ڕۆیشتووە کە چەمی ناو شاری پێ دەوترێ، نزیکەی سەعات یازدەی شەو دەبێ و بە پەشۆکاوی لە هۆڵەندییەکی پرسیووە سەعات چەندە. ئەویش بە جیدی سەیری دەکا و جگە لەوەی کە دەڵێ "ئەوەی من وەستاوە! " هیچی تر ناڵێ. بە دڵتەنگییەوە دەڕوا و یەکێکی تر ڕادەگرێ، پێش ئەوەی ئەم بپرسێ ئەو دەڵێ، کە سەعاتەکەی لە ماڵەوە لە بیر چووە. گوایە ئەفسەرەکە خۆی کوشتووە.

**ئەوەی لە سەرەمەرگدایە:**

ئەوە تەحەمولی ئەو سوکایەتی پێکردنەی نەکردووە.

**شڤایک:**

زیاتر لەوەی خۆیان بکوژن، خەڵکی تر دەکوژن. لە ڤرتسلاو خاوەنی میوانخانەیەک، کە ژنەکەی لەگەڵ براکەی ئەمدا خیانەتی لێ کردووە، ئەو ژن و پیاوە تەنیا بە سووک سەیرکردن سزا دران هیچی تر. مێردەکەی نەعلەکانی ژنەکەی لە گالیسکەی براکەیدا دۆزیبووەوە خستبوویە سەر دۆلابەکە و لەو بڕوایەدا بووبوو، کە ئەمجا شەرم دەکا. لە دادگەی قەزادا بە کەمعەقڵ لە قەڵەمیان دا، میوانخانەکەیان پێی فرۆشت و بە یەکەوە کۆچیان کرد. بەڵام ئەوەندە لەسەر حەق بوو، کاتێ ژنەکە لەلای دەستەخوشکێکی دانی پێدا نابوو، خەریکە شەرم دای بگرێ، کە پاڵتۆ زستانە ناودارەکەی ئەو لەگەڵ خۆی دەبا.

**پشتکوورەکە:**

لەبەر چی ئێوە لێرەن؟

**شڤایک:**

لەبەر بازرگانیی ساختە. دەیانتوانی بمکوژن، بەڵام گێستاپۆ منی وەکو شایەت دژی SS پێویست بوو. من لە ناکۆکی گەورەکان سوودم وەرگرت. وەکو بیستوومە ئاگەداریان کردمەوە، کە بەختم بە ناوەکەمەوە هەیە، لەبەرئەوەی من ناوم شڤایکە بە "ی"ەوە، بەڵام ئەگەر ناوی خۆم بە "یی"سادەوە بنووسم، ئەوا ڕەچەڵەکم ئەڵمانە و لەوانەیە بۆ سەربازیم ببەن.

**گۆچان بەدەستەکە:**

ئێستا تەنانەت لە گرتووخانەکانیشەوە خەڵکی لەگەڵ خۆیان دەبەن.

**پشتکوورەکە:**

تەنیا ئەگەر بە ڕەگەز ئەڵمانی بن.

**گۆچان بەدەستەکە:**

یان ئەگەر ئارەزوومەندانە بە ڕەگەز ئەڵمان بن وەکو ئەم بەڕێزە.

**پشتکوورەکە:**

تاقە ئومێدێک ئەوەیە کە مرۆڤ کەمئەندام بێ.

**کورتبینەکە:**

من کورتبینم، هەرگیز فەرماندە ناناسمەوە و ناتوانم سڵاوی سەربازیی بکەم.

**شڤایک:**

مرۆڤ دەتوانێ بۆ بنکەیەکی گوێگرتن بتانێرێ، کە لە

فرۆکەکانی دوژمن ئاگەدار دەکاتەوە، تەنانەت کوێر باشە، لەبەرئەوەی لای کوێر گوێیەکی زۆر ناسک پەرە دەستێنێ. جووتیارێک لە سۆجس بۆ نموونە چاوەکانی سەگەکەی دەرهێنابوو، بۆ ئەوەی باشتر ببیستێ. کەواتە ئێوە بەکار دێن.

**کورتبینەکە:**

(بەدوو دڵییەوە):

من لە برێڤنۆڤ دوکەڵکێشەوانێک دەناسم، بە دە کرۆن تایەکت لێ دەهێنێ، کە لە پەنجەرەکەوە خۆتان فڕێ بدەنە خوارێ.

**پشتکوورەکە:**

ئەمە هیچ نییە، لە ڤرشۆڤیتس مامانێک هەیە، بە بیست کرۆن لاقتان هێندە باش لە جێ دەبا، کە بە درێژاییی ژیانتان شەل بمێننەوە.

**گۆچان بەدەستەکە:**

من بە پێنج کرۆن لاقیان لە جێ بردم.

**ئەوی لە سەرەمەرگدایە:**

من پێویستی بەوە نەکرد پارە بدەم. من بە ڕاستی ڕیخۆڵەم گیری خواردووە.

**گۆچان بەدەستەکە:**

لە نەخۆشخانەی پانکراز نەشتەگەریتان بۆ دەکرێ، ئەمجا چی دەکەی؟

**شڤایک:**

(بە ئاسوودەییەوە):

کە مرۆڤ گوێی لێتان دەبێ دەتوانێ بڵێ، ئێوە ناتانەوێ بۆ شەڕ بچن، کە بۆ بەرگری لە ژیاریی دژی بۆلشەفیزم دەبێ بەرپا بکرێ.
(سەربازێک دێتە ژوورەوە، سەتڵێکی بە دەستەوەیە بە زەحمەت بۆی هەڵدەگیرێ).

**سەرباز:**

جارێکی تر سەتڵەکەتان گەناندووە، ئێوە دەبێ هێشتا فێری پیساییکردن بن، مالۆسینە.

**شڤایک:**

ئێمە ئێستا گەیشتینە بۆلشەفیزم. ئێوە دەزانن بۆلشەفیزم چییە؟ کە هاوپەیمانی سوێندخۆری والستریتە، کە بە ڕێبەرایەتی ڕۆزنفێڵدی جوولەکە لە کۆشکی سپیدا بڕیاری لەناوچوونمانی داوە؟
(سەربازەکە هێشتا هەر خەریکی سەتڵەکەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ گوێ بگرێ، شڤایک بەسەبرەوە لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ):
بەڵام ئێمە باش ناناسن، ئەو شتە لەبارەی پرسەمیزلی تۆپەوان دەزانن لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کە دژی تسار شەڕ کراوە؟
(گۆرانی دەڵێ):
لەوێ تۆپوەشێنەکەی
هەردەم دادەگرتەوە.
لەوێ تۆپوەشێنەکەی
هەردەم دادەگرتەوە.

فیشەکێک بەتیژیی هات
هەردوو دەستی لە جەستەی کردەوە و
لە جێی خۆی نەجوولا
هەردەم دای دەگرتەوە.
لەوێ تۆپوەشێنەکەی
هەردەم دادەگرتەوە.

ڕووسەکان تەنیا لەبەرئەوە شەڕ دەکەن، کە دەبێ شەڕ بکەن. کشتوکاڵیان نییە، لەبەرئەوەی خاوەن موڵکدارە گەورەکان بنەبڕیان کردووە، پیشەسازییان بەهۆی بێپەروایییەکی وێرانەوە لەناو براوە لەبەرئەوەی کرێکارە بە ویقارەکان لە مووچە زۆرەکانی بەڕێوەبەرەکان داخ لە دڵن. بە کورتی، هیچ شتێک نییە، هەر لەگەڵ ئێمە داگیرمان کرد، ئەمەریکاییەکان درەنگ دەگەن. حەقمە؟

**سەربازەکە:**

دەمت داخە. گفتوگۆ قەدەخەیە.
(بە تووڕەیییەوە سەتڵەکە دەبا و دەڕوا).

**ئەوی لە سەرەمەرگدایە:**

من لەو بڕوایەدام، ئێوە شۆفارن.

**شڤایک:**

(بەدڵخۆشییەوە):
من شۆفار نیم. من تەنیا بەڕێکوپێکی گوێ لە ڕادیۆی ئەڵمانیا دەگرم. دەبێ ئێوەش زۆرجار گوێی لێ بگرن، لەزەتێکە بۆ خۆی.

**ئەوی لە سەرەمەرگدایە:**

لەزەت نییە. شوورەییە.

**شڤایک:**

(بەجەختەوە):

لەزەتە.

**کورتبینەکە:**

پێویست ناکا مرۆڤ کلکەسووتێیان بۆ بکا.

**شڤایک:**

(فێرکەرانە):

وا مەڵێن. ئەمە هونەرە. هەندێ مێرووی بچووک پێیان خۆشە بچنە گیانی پڵنگێکەوە. پڵنگەکە چنگی لێینان گیر نابێ و ئەویش تا ڕادەیەک هەست بەدڵنیایی دەکا، بەڵام سەختە بچێتە گیانی پڵنگەکەوە.

**پشتکوورەکە:**

تکایە بازاڕیی مەبن. ئەوەندە خۆش نییە ببینی چیکییەکان دەبێ چەند شت قبووڵ بکەن.

**شڤایک:**

وەکو ڤانیەک یارۆسلاڤ بە فرۆشیارێکی گەڕۆکی سیلاوی وتبوو. ساقییەکەی "قوو" لە بودڤایس، زەلامێکی بە قەد درەختێک درێژ، تەنیا نیوەی پەرداخەکەی بۆ فرۆشیارەکە تێ کردبوو، کاتێ تۆپیوەکە هیچ ناڵێ، ڤانیاک لەگەڵیدا دەکەوێتە پرس و جوو: "چۆن دەتوانن تەحەمولی ئەمە بکەن، ئێوە خۆتان گوناهبار دەکەن." فرۆشیارە گەڕۆکەکە شەپازلەیەکی لە ڤانیاک

داوە، ئەمە هەمـوو شـتێک بوو. ئێسـتـا من لـە زەنگ دەدەم، کـە کەمێک لە شەڕ دەستوبرد بکەن، من کاتی خۆم نەدۆزیوەتەوە.
(هەڵدەستێتە سەر پێ).

**پیاوێکی بچووکی قەڵەو:**

(هەتا ئێستا دوور دانیشتبوو):
لە زەنگ نادەن.

**شڤایک:**

بۆچی نا؟

**قەڵەوەکە:**

(دەستەڵاتدارانە):
لەبەرئەوەی بۆ ئێمە خێرا دەگوزەرێ.

**ئەوی لە سەرمەرگدایە:**

زۆر ڕاستە. ئەی ئێوە بۆ گیراون؟

**قەڵەوەکە:**

لەبەرئەوەی من سەگەکەم دزراوە.

**شڤایک:**

(بە بایەخەوە):
سەگێکی گوێقوت؟

**قەڵەوەکە:**

چی لە بارەیەوە دەزانی؟

**شڤایک:**

مەرج دەکەم، ئێوە ناوتان ڤۆیتایە. پێخۆشحاڵم کە دەتانبینم.

(دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکا، قەڵەوەکە نایبینێ).
من شڤایکم، لەوانەیە ئەم ناوە هیچ بۆ ئێوە نەگەیەنێ، بەڵام ئێوە دەتوانن تەوقەم لەگەڵ بکەن، من مەرج دەکەم، لەبەرئەوەی کە لێرە دانیشتوون هاوڕێی ئەڵمانەکان نەماون.

**قەڵەوەکە:**

من لەسەر بنەمای قسەی کچە کارەکەرەکەم SSم تاوانبار کرد، کە سەگەکەمیان دزیوە، خۆ ئەمە بەسە؟

**شڤایک:**

بۆ من زۆر بەسە. لەلای ئێمە لە بودڤایس مامۆستایەک هەبوو، کە قوتابییەکی وەڕەس کردبوو، تاوانباری کردبوو بەوەی، لە کاتی ئۆرگلَلێداندا لە نوێژی کەنیسەدا ڕۆژنامەکەی خستووەتە سەر سێپایەکە. ئەو مرۆڤێکی ئیماندار بوو و ژنەکەی زۆرجار هەلەکەتی بوو بە دەستییەوە، کە لێی قەدەخە کردبوو تەنوورەی کورت لە پێ بکا، بەڵام پاش ئەوەی عەزیەتیان دا و پرس و جوویان لەگەڵدا کرد لە کۆتاییدا وتبووی، ئەو ئێستا تەنانەت بڕوای بە زەماوەندی کانێش نەماوە. هاکا ئێوە بەرەو قەوقاس ڕێ بپێون و بەسەر هیتلەردا بڕێن، وەکو ساقییەکەی مەیخانەی "قوو" وتی، هەموو شتێک پێوەندی بەوەوە هەیە، مرۆڤ لە کوێ و بەکێدا دەڕوات.

**قەڵەوەکە:**

ئەگەر ناوتان شڤایکە، کاتێ بەناو دەروازەکەدا هێنامیان، یەکێک پێمەوە نووسا، مرۆڤێکی لاو. تەنیا توانی بە گوێمدا بچرپێنێ: "هەواڵی جەنابی شڤایک بپرسە"، ئەو کاتەی

دەروازەکەیان کردبووەوە. ڕەنگبێ هێشتا لەوێ وەستابێ.

**شڤایک:**

هەر ئێستا سەیر دەکەم. هەمــوو کات چاوەڕوانی ئەوە بووم، بەیانی خەڵکێکی زۆر لە بەردەم بەندیخانە سەربازییەکەدا کۆ ببنەوە، ژنە مەیگێڕەکەی "بادە"، کە نایەڵێ کەس ڕێی لێ بگرێ و لەوانەیە لەگەڵ قەڵەوێکی درێژ، کە چاوەڕێی شڤایک دەکەن، بەڵام بێ ئاکامە. کەس لەو بەڕێزانە یارمەتیم دەدا!

(دەچێ بۆ لای پەنجەرەی زیندانەکە و دەچێتە سەر پشتی پیاوە گۆچان بەدەستەکە، بۆ ئەوەی سەیری دەرەوە بکا)

ئەوە پرۆخاسکای لاوە. ڕەنگبێ بەحاڵ بمبینێ. ئەو گۆچانەم بدەرێ.

(گۆچانەکەی دەدرێتێ و ڕای دەوەشێنێ. ئەمجا بەوە دەچێ پرۆخاسکای لاو شڤایکی بینیبێ و شڤایک بە ئاماژەی گەورە تێی دەگەیەنێ. ئاماژەی پیاوێکی درێژ بە ڕێشەوە دەکا –بالون– و ئاماژەی خواردن –ئاخنینە–دەم– دەکا، هەروەها ئاماژەی لە –بن– باخەڵ هەڵگرتن. ئەمجا لەسەر پشتی پیاوە گۆچاندارەکە دادەبەزێ).

سەرتان سوڕ ما لەوەی بینیتان من چی دەکەم. ئێمە ڕێکەوتنێکی بێدەنگمان کردووە، کە خۆی لەبەرئەوە هاتبوو. من هەموو کات مەزەندەم دەکرد، ئەمە مرۆڤێکی بە ڕەوشتە. بەو دەستراوەشاندنە تەنیا ئەوەم دووبارە کردەوە، ئەو چی کرد، کە ببینێ، من تێ گەیشتم. لەوانەیە ویستبێتی، من بەبێ سەرئێشە دەتوانم بچم بۆ ڕووسیا.

(له دەرەوە فەرمانی سەربازیی دەبیسترێ، هەروەها دەنگی پێ کە مارش دەکرێ. ئەمجا گرووپێک دەست بە مۆسیقا لێدان دەکا. مارشی هۆست- ڤێسلە).

**ئەوی لە سەرەمەرگدایە:**

چی ڕووی داوە؟ هیچتان بینی؟

**شڤایک:**

خەڵکێکی زۆر لەبەر دەروازەکەدان، لەوانەیە بەتالیۆنێک بێ، وەکو دەردەکەوێ.

**پشتکوورەکە:**

ئەمە مۆسیقایەکی ناخۆشە.

**شڤایک:**

من بە خۆشی دەزانم، لەبەرئەوەی خەمگینە و جۆشی لەگەڵدایە.

**پیاوە گۆچانبەدەستەکە:**

ئیتر زوو زوو گوێمان لێی دەبێ. لە هەر شوێنێک بتوانن مارشی هۆرست- ڤیسڵ لێ دەدەن. شوانێک شیعرەکەی هۆنیوەتەوە. حەز دەکەم بزانم دەقەکە مانای چییە.

**پیاوە قەڵەوەکە:**

من دەتوانم بە وەرگێڕانی لە خزمەتتاندا بم.
ئاڵاکە بەرز ڕاگرن
ڕیزەکان تۆکمە کەن
SA بە ئارامی و هەنگاوی مکۆمەوە ڕێ دەکا
خوێنی ئەو هاوڕێیانەی لە پێش ئێمەوە ڕژاوە
بە ڕوح لەگەڵ ڕیزەکانی ئێمەدا ڕێ دەکەن.

**شڤایک:**

من دەقێکی تر دەزانم، کە لە "بادە" دەمانوت.

(بە یاوەریی تیپە مۆسیقاکە گۆرانی دەڵێ، بەجۆرێکی کە ئەو بەشە گۆرانییەی بە کۆرس دەوترێ لەگەڵ میلۆدییەکەدا دەیڵێ، بەڵام هەڵبەستەکان لە نێوان تەپڵێدانەکەدا دەڵێ).

بە دوای تەپڵەکاندا
گوێرەکەکان ملدەنێن
خۆیان پێست بۆ
تەپڵەکان دەبەن.

قەسابەکە بانگ دەکا. چاوەکانی توند قووچاون
گوێرەکەکە بە ئارامی و هەنگاوی مکۆمەوە ڕێ دەکا
ئەو گوێرەکانەی خوێنیان لە قەسابخانەدا ڕژاوە
بە ڕوح لەگەڵ ڕیزەکانیاندا ڕێ دەکەن.

دەستیان بەرز دەکەنەوە
دەستەکانیان پێشان دەدەن
خەڵتانی خوێن بوونە
هێشتا خاڵیشن.

قەسابەکە بانگ دەکا. چاوەکان توند قووچاون
گوێرەکەکە بە ئارامی و هەنگاوی مکۆمەوە ڕێ دەکا
ئەو گوێرەکانەی خوێنیان لە قەسابخانەدا ڕژاوە
بە ڕوح لەگەڵ ڕیزەکانیدا ڕێ دەکەن.

له پێشەوە خاچێکیان هەڵگرتووە
بەسەر ئالآی وەک خوێن سوورەوە
ئەمە بۆ پیاوی هەژار
کۆسپێکی زۆر گەورەیە
قەسابەکە بانگ دەکا. چاوەکان توند قووچاون
گوێرەکەکە بە ئارامی و هەنگاوی مکۆمەوە رێ دەکا
ئەو گوێرەکانەی خوێنیان لە قەسابخانەدا رژاوە
بە روح لەگەڵ ریزەکانیدا رێ دەکەن.

(زیندانییەکانی تر کۆراڵەکەیان لە دووەم کۆپلەوە لەگەڵدا گوتەوە. لە کۆتاییدا دەرگەی زیندانەکە دەکرێتەوە و پزیشکێکی سەربازیی ئەڵمانی دەردەکەوێ).

**پزیشکی سەربازیی:**

بەڵام ئەمە میهرەبانییە، کە هەموو بە ئاسوودەییەوە بە یەکەوە گۆرانی دەڵێن، دڵتان بەوە خۆش دەبێ، کە هەمووتان بە ساغ و سەلامەت دەزانم، کە ئێوە دەتوانن بێنە خزمەتی سەربازییەوە و وەرگیراون. هەموو هەستن و کراسەکانتان لەبەر بکەنەوە. هەموو لە دە دەقەدا بۆ مارش ئامادە بن.

(دەڕوا)

(زیندانییەکان بە ورەڕووخاوییەوە کراسەکانیان لەبەر دەکەنەوە).

**پشتکوورەکە:**

بەبێ پشکنینی پزیشکی، ئەمە زۆر نایاساییە.

**ئەوی لە سەرەمەرگدایە:**

من سەرەتانی گەدەم هەیە، دەتوانم بیسەلمێنم.

**شڤایک:**

(ڕوو دەکاتە قەڵەوەکە):

وەکو بیستوومە دەمانخەنە لەشکری جیا جیاوە، بۆ ئەوەی بەیەکەوە نەبین و چەپەڵیی نەکەین. ماڵئاوا، جەنابی ڤۆیتا، پێخۆشحاڵ بووم و بە هیوای دیدار لە "بادە"، سەعات شەش، دوای شەڕ.

(بە هەست و سۆزی جووڵاوەوە تەوقەی لەگەڵ دەکا، کاتێ دەرگەی زیندان جارێکی تر دەکرێتەوە. وەکو یەکەم کەس بە ڕەپی دەچێتە دەرێ).

**شڤایک:**

هایتلەر! بۆ مۆسکۆ!

٨

(چەند هەفتەیەک دوای ئەوە. بە قووڵیی لە دەشتودەرەکانی ڕووسیادا شڤایک، سەربازی سەلاری هیتلەر ڕێ دەکا، بۆ ئەوەی بە بەشێکی لەشکر لە دەوروبەری ستالینگراد بگا. لەبەر سەرما بەجلوبەرگێکی زۆر خۆی داپۆشیوە).

**شڤایک:**

(گۆرانی دەڵێ):

کاتێ بۆ یارۆمەش گواستمانەوە

مرۆڤ لەو بڕوایەشدایە، کە درۆیە

نزیکەی دەمەو نانی ئێوارە خواردن

گەیشتینە ئەوێ.

(دەستەیەکی نۆبەچی ئەڵمانی ڕای دەگرێ)

**سەربازی یەکەم:**

ڕاوەستێ. وشەی نهێنی.

**شڤایک:**

سەرکەوتنی کۆتایی. دەتوانن پێم بڵێن، ڕێی ستالینگراد لە کوێوەیە، لەبەر بەدبەختی لە تیپەکەم دابڕام و بە درێژاییی ڕۆژەکە ڕێ دەکەم.

(سەربازی یەکەم بەڵگەنامە سەربازییەکانی دەپشکنێ).

**سەربازی دووەم:**

(مەتارە ئاوە سەربازییەکەی دەداتێ):

خەڵکی کوێی؟

**شڤایک:**

خەڵکی بودڤایسم.

**سەرباز:**

ئەها، تۆ چیکیت.

**شڤایک:**

(سەر دەلەقێنێ):

وەکو بیستوومە لە پێشەوە بارودۆخەکە باش نییە.

(هەردوو سەربازەکە، سەیری یەکتر دەکەن و بە بەدی پێ دەکەنن).

**سەربازی یەکەم:**

ئەی کە تۆ چیکییت لەوێ چی دەکەی؟

**شڤایک:**

من لەوێ هیچ ناکەم، من بۆ کۆمەککردن و پاراستنی شارستانی و ئێوە لە بەلشەفیزم هاتووم، ئەگینا گوللەیەک سینەت دەپێکێ. قسەکەم ڕاست نییە؟

**سەربازی یەکەم:**

دەتەوێ لە سەربازیی هەڵبێی.

**شڤایک:**

نەخێر من ئەوەم ناوێ، ئەگینا هەر یەکسەر دەمکوژن،

لەبەرئەوەی من سوێندی سەربازیم دەشکێنم و بۆ پێشەوا خۆم بە کوشت نادەم، هایل هیتلەر.

**سەربازی دووەم:**

کەواتە تۆ لە یەکێکی لەوانەی قەناعەتیان هێناوە.

(مەتارەکەی لێ وەردەگرێتەوە).

**شڤایک:**

من وەکو تۆندا نۆڤۆتنی لە دڵەوە دەیکەم، کە لە ڤیسۆچاو لە کڵێسا ئامادەبێ بۆ ئەوەی وەکو پێشخزمەت کار بکا و نەیدەزانی، ئایا کڵێساکە پرۆتەستانتییە یان کاتۆلیک، لەبەرئەوەی قەشەکە پانتۆڵی لە پێ بوو و ژنێک لە ژوورەکەدا وەڵامی دایەوە زانی پرۆتەستانتییە و بە هەڵەدا چووە.

**سەربازی یەکەم:**

ئەی هاوپەیمانی دوو مانا، بۆچی هەر دەبێ ستالینگراد بێ؟

**شڤایک:**

لەبەرئەوەی نووسینگەی بەتالیۆنەکەم لەوێیە، هەڤالان، دەبێ لەوێ مۆری لێ دەم کە خۆم ناونووس کردووە، ئەگینا بەڵگەنامە سەربازییەکانم پووچن و ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ پراگ. هایل هیتلەر.

**سەرباز:**

ئەی ئەگەر ئێمە بڵێین: "گوو بە هیتلەر" و دەمانەوێ بۆ لای ڕووسەکان هەڵبێین و بمانەوێ تۆ لەگەڵمان بی، لەبەرئەوەی تۆ ڕووسی دەزانی، لەبەرئەوەی، چیکی لە ڕووسییەوە نزیکە.

**شڤایک:**

چیکی زۆر هاوشێوەیە. بەڵام من دەمەوێ ئامۆژگاریتان بکەم، وا نەکەن، من لێرە شارەزا نیم، گەورەکانم، پێم خۆشترە ڕێگەی ستالینگراد بپرسم.

**سەربازی یەکەم:**

لەوانەیە لەبەرئەوە بێ کە تۆ متمانەت بە ئێمە نییە، لەبەرئەو هۆیەیە؟

**شڤایک:**

(بە میهرەبانییەوە):

من پێم خۆشە ئێوە بە سەربازی ئازام بزانن، لەبەرئەوەی ئێوە ئەگەر لە سەربازی هەڵاتوو بوونایە، دەتانویست لەگەڵ خۆتان شتێک بۆ ڕووسەکان ببەن، چەکێکی ئۆتۆماتیکی یان شتێکی لەو بابەتە، لەوانەیە دووربینێکی باش، کـــە ڕەنگبێ ئەوان پێویستیان پێی بێ و لە پێش خۆتان بەرزی کەنەوە بۆ ئەوەی یەکسەر تەقە نەکەن. وەکو بیستوومە ئاوها دەکرێ.

**سەربازی یەکەم:**

(پێ دەکەنێ):

تۆ لەو بڕوایەدای، لەوە تێ دەگەن لەگەڵ ئەوەشدا ڕووسی نییە؟ لێت تێ دەگەم، تۆ بە ئاگایت. پێت خۆشترە بڵێی، تەنیا دەتەوێ بزانی گۆڕەکەت لە ستالینگراد لە کوێیە. دە بەو ئاراستەیەدا بڕۆ.

(ڕێگەکەی پێشان دەدا).

**سەربازی دووەم:**

ئەگەر یەکێک لێی پرسیت، ئێمە پاسەوانی سوپاین و هەموو دڵ و گیانمان پشکنیت، بۆ ئەوەی بزانی.

**سەربازی یەکەم:**

(بەدەم ڕۆیشتنەوە):

برا، ئامۆژگارییەکەت خراپ نییە.

**شڤایک:**

(لە پشتیانەوە دەستیان بۆ ڕادەوەشێنێ):

بە خۆشحاڵییەوە و بە دوعا!

(سەربازەکان بە خێرایی دەڕۆن. شڤایکیش بەو ئاراستەیەدا دەڕوا کە پێیان وتووە، بەڵام دەبینرێ چۆن لە پێچ‌ێکدا بەو ڕێیەدا ناڕوا. لە تاریکیدا ون دەبێ. کاتێ لەوبەرەوە دەردەکەوێتەوە، ماوەیەکی کورت لە بەردەم ڕێنوێنییەکی جادە دەوەستێ و دەخوێنێتەوە: "ستالینگراد ٥٠ کم" سەری ڕادەوەشێنێ و درێژە بە ڕۆیشتن دەدا. گەواڵە هەورەکانی ئاسمان ئێستا بە ئاگرێکی گەورەی دوور سوور بوونە. بە بایەخەوە لە کاتی ڕێکردندا سەیریان دەکا).

**شڤایک:**

(گۆرانی دەڵێ):

وتیان کە خزمەتکردن

تەنیا لەزەتە

کە هەفتەیەک یان ١٤ ڕۆژ

دەخایەنێ - بەسەر دەچێ.

(له کاتێکدا بەردەوام ڕێ دەکا، بەدەم پایپکێشانەوە، گەواڵە هەورەکان دەڕەوێنەوە، لە ڕووناکییەکی پەمەییدا مێزە هەمیشەییەکەی شڤایک لە "بادە"دا دەردەکەوێ. بالونی هاوڕێی لەسەر زەوییەکە بە چۆکدا هاتووە، کۆپێچکای بێوەژن لە تەنیشتییەوە وەستاوە و خەریکی چنینە، ئانای خزمەتکار لە سەر مێزەکە بیرەیەکی لە بەردەمدایە).

**بالون:**

(بە شیوەنەوە):

من ئێستا بەبێ چەندوچوون بە سکی ناشتا سوێند دەخۆم، لەبەرئەوەی هەموو هەوڵێک بۆ پەیداکردنی گۆشت بۆ من لە هەموو لایەنەکانەوە بێ ئەنجام بوو، واتە بەبێ ئەوەی ژەمێکی ڕێکوپێکم دەست کەوتبێ، بە حەزرەتی مریەمی پاکیزە و هەموو ئەولیاکان، کە بە ئارەزووی خۆم هەرگیز نەچمە ناو سوپای نازییەوە، هەتا ئەو خوایە، خوای ئەرز و ئاسمان یارمەتیم بدا. من ئەمە بە یادی هاوڕێکەم دەکەم، جەنابی شڤایک، کە ئێستا بە سەر دەشتودەری بەستووی ڕووسیادا ڕێ دەکا، لە بەجێهێنانی ئەرکی دڵسۆزیدا، لەبەرئەوەی چاری تر نییە. مرۆڤێکی سەلار بوو.

**کۆپێچکا خان:**

ئێستا دەتوانن هەستن.

**ئانا:**

(قومێک لە پەرداخە بیرەکە دەخواتەوە، هەڵدەستێتە سەرپێ و باوەش بە بالوندا دەکا):

هاوســەرکــارییــەکــە دەتوانرێ جـێــبــەجێ بکرێ، هەر کــە بەڵگەنامەکان لە پرۆتیڤینەوە گەیشتن.

(دوای ئەوەی ماچی دەکا ڕوو لە کۆپێچکا دەکا):

بە داخەوە، کە بۆ ئێوە کارەکە باش بەڕێوە ناچێ.

(پرۆخاسکای لاو لە بەردەم دەرگەکەدا وەستاوە، پاکەتێکی لە بن هەنگڵدایە).

**کۆپێچکا خان:**

جەنابی پرۆخاسکا، من لێم قەدەخەکردن، پێ بخەیتە ئاستانەی میوانخانەکەمەوە، ئێمە نێوانمان بڕاوەتەوە. بەوەی عەشقی گەورەت بەشی کیلۆیەک گێزێڵختە ناکا.

**پرۆخاسکای لاو:**

بەڵام ئەگەر من هێنابێتم؟

(پێشانی دەدا)

کیلۆیەک گزێلختە.

**کۆپێچکا خان:**

چی، هێناتان؟ لەگەڵ ئەو سزا سەختانەشدا، کە لە سەریەتی؟

**ئانا:**

ئیتر پێویستیشی نەدەکرد، وا نییە؟ جەنابی بالون بەبێ ئەوەیش سوێندەکەی هەر خوارد.

**کۆپێچکا خان:**

بەڵام دان بەوەدا دەنێن، کە خۆشەویستیی ڕاستەقینە لەلایەن جەنابی پرۆخاسکاوە دەسەلمێنێ. رودۆڵف!

(بەجۆش و خرۆشەوە باوەشی پێدا دەکا).

**ئانا:**

ئەمە لەوانەیە دڵی جەنابی شڤایکی خۆش بکردایە، ئەگەر ئەو بەڕێزە سەلارە ئەمەی ببیستایە،

(بە نیگایەکی نەرم و نیانەوە سەیری شەپقە ڕەقەکەی شڤایک دەکا کە بە سەر مێزەکەوە هەڵواسراوە).

خانمی کۆپێچێکا شەپقەکە باش هەڵگرە، من دڵنیام، کە جەنابی شڤایک پاش شەڕ دێ دەیباتەوە.

**بالون:**

(بۆنی ناو پاکەتەکە دەکا):

دەبێ نیسکێنەی لەگەڵدا بێ.

("بادە" دیسان دیار نامێنێ. لە پشتەوە پیاوێکی سەرخۆش بە دوو کەوڵەمەڕی ئەستوور و خودەیەکی ئاسنینەوە دەردەکەوێ. شڤایک بەرامبەری دێ).

**مەستەکە:**

ڕاوەستە! تۆ کێی؟ دەبینم، کە تۆ یەکێکی لە خۆمان و گۆریلا نیت. سوپاس بۆ خوا. من ئیگناتس بولینگەری قەشەی لەشکرم، خەڵکی مێتسم، بە ڕێکەوت برەندیت پێ نییە؟

**شڤایک:**

بە گوێڕایەڵی پێتانی ڕادەگەیەنم، نەخێر.

**مەستەکە:**

پێم سەیرە، من برەندیم بۆ ئەوە ناوێ تا خۆمی پێ مەست کەم، وەکو تۆ لەوانەیە وا بیری لێ بکەیتەوە، ناکەسبەچە، دانی پێدا بنێ، کە تۆ وا بیر لە ئەسقەفەکەت دەکەیتەوە. من بۆ

ماشێنەکەم دەوێ کە مێزی نوێژی تێدایە. بەنزین نەماوە، لە ڕۆستۆ دەست بە بەنزینی خواوە دەگرن، ئەمە زۆر لە سەریان دەکەوێ، ئەگەر بیانەوێ بچنە بەردەم عەرشی خودا، خودا بە دەنگی هەورەگرمە ئاسایەوە لێیان دەپرسێ" ئێوە ماتۆڕتان بۆ مێزی نوێژ دروست کرد، ئەی بەنزین کوا؟"

**شقایک:**

جەنابی قەشەی لەشکر، من نازانم. دەتوانن پێم بڵێن لە کوێوە بچم بۆ ستالینگراد؟

**مەستەکە:**

ئەمە خوا دەیزانێ. ئەو شتە دەزانی، کاتێ ئەسقەف لە زریاندا بە کاپتنەکە دەڵێ: "بە سەلامەتی لێی دەردەچین؟"، کاپتنەکە وەڵامی دەداتەوە: "ئەسقەف، ئێمە ئێستا لە دەستی خوادایین"، ئەسقەفەکە تەنیا دەڵێ: "ئەوەندە بارمان لێژە؟" دەداتە پڕمەی گریان؟

(لەناو بەفرەکە دادەنیشێ).

**شقایک:**

جەنابی سەردەستە، بولینگەری بەڕێز براتانە؟

**مەستەکە:**

بەڵێ، بە داخەوە، کەواتە ئەو دەناسی؟ برەندی یان ڤۆدکات نییە؟

**شقایک:**

نەخێر، ئێوەش سەرماتان دەبێ، ئەگەر ئاوەها لەسەر لە بەفرەکە دانیشن.

**مەستەکە:**

بۆ من حەیف نییە. دەست بە بەنزینەوە دەگرن، دەبا ببینن چۆن بەبێ خـوا و وشـەی خـوا لە شـەڕ دەردەچن. لـە وشکاییـدا، لە هەوادا، لەناو دەریا و هەتا دوایی. من تەنیا بە کێشەی گەورەی وێژدانەوە چوومـەتە نـاو ئەم یەکـەتیـیـە نازییـە گـەلحـۆیە بۆ مەسیحییە ئەڵمانییەکان. من بۆ ئەوان دەستبەرداری حەزرەتی عیسا وەکو جوولەکە دەبم و لە خوتبەدا دەیکەمە مەسیحی، کە ئاو لێڵ نەکا، بە چاوی شینەوە و ڤۆتانی پێوە دەبەستم و پێیان دەڵێم، دنیا دەبێ ئەڵمانی بێ، با نرخەکەی لافاوی خوێنیش بێ، لەبەرئەوەی من چەپەڵم، یەکـێکی ناپاک، کـە بیـر و بڕوای بۆ مووچە فرۆشتووە، ئەوانیش بەنزینم کەم دەدەنێ، تەماشا کەن منیان بە کوێ گەیاندووە.

**شڤایک:**

جەنابی قـەشـەی لەشکر بۆ دەشت و هەردی ڕووسیـا، باشـترە لەگەڵ مندا بگەڕێنەوە بۆ ستالینگراد و بخەون هەتا مەستیی بەرتان دەدا.

(بەرزی دەکاتەوە و چەند مەترێک ڕای دەکێشێ).

بەڵام ئێوە دەبێ خۆشتان ڕێ بکەن، ئەگینا بەجێتان دەهێڵم، دەبێ بچم بۆ لای بەتالیۆنی پیادە و کۆمەکی هیتلەر بکەم.

**مەستەکە:**

من ناتوانم مێزی نزاکەم لێرە جێ بێڵم، ئەگینا بەلشەفییەکان تالانی دەکەن، ئەو کاتە من چی بکەم؟ ئەمانە کافرن. لەوێ بە بەردەم کوخێکدا تێپەڕیم، دووکەڵ لە دووکەڵکێشەکانەوە

دەردەچوو، ئاخۆ لەوێ ڤۆدکایان نییە، تۆ قۆناخە تفەنگێکیان بە سەردا دەدەیت و ببڕێتەوە. تۆ مەسیحییەکی ئەڵمانیت؟

**شڤایک:**

نەخێر، مەسیحییەکی ئاساییم. بە خۆتدا مەڕشێرەوە، ڕشانەوەکە پێتانەوە دەیبەستێ.

**مەستەکە:**

بەڵێ، من دژوار سەرمامە. لە ستالینگراد ماڵەکەتان بۆ گەرم دەکەم.

**شڤایک:**

جارێ ئێوە دەبێ بگەنە ئەوێ.

**مەستەکە:**

من ئومێدم زۆر نەماوە.

(بەهێمنیی، وەکو ناشتا):

دەزانی– ناوت چییە؟– کە بە ڕوومدا پێ دەکەنن، بە قەشەی خوا، کاتێ هەڕەشەی دۆزەخیان لێ دەکەم؟ من تەنیا دەتوانم بەم جۆرەی بۆ خۆم ڕوون بکەمەوە، کە ئەو هەستەیان لەلا دروستبووە کە لە دۆزەخدان. ئاین پارچە پارچە دەبێ، ئەمە خەتای هیتلەرە، بە کەسی مەڵێ.

**شڤایک:**

من پێت دەڵێم، هیتلەر ترێکە و هیچی تر، لەبەرئەوەی تۆ سەرخۆشی. بۆ هیتلەر ئەوانە تاوانبارن کە لە میونیخ چیکوسلۆڤاکیایان بۆ کردە دیاری، بۆ "ئاشتیی بە درێژاییی ژیان"، کە وەکو برووسکە خێرا دەرکەوت. بەڵام شەڕ

درێژخـــایەن بـوو و کـــەم نـەبـوون ئەوانـەی شـــەڕ بـۆیان بـووە درێژاییی ژیان، مرۆڤ ئاوا فریو دەخوا،

**مەستەکە:**

کەواتە تۆ دژی شەڕی، کە دەبێ دژی بۆلشەڤییە خوانەناسەکان بکرێ، چەپەڵ. دەزانی کە لە ستالینگراد دەڵێم بتکوژن؟

**شڤایک:**

ئەگــەر ئێـوە بـەســەر خـۆتـاندا زاڵ نەبن و بەڕێکوپێکی بەرەو پێشەوە هەنگاو نەنێن، ناگەنە ستالینگراد. من دژی شەڕ نیم، من بۆ گەمە بەرەو ستالینگراد ناڕۆم، بگرە لەبەرئەوەی هاچەکی ئاشپەز لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا وتی: "لە هەر شوێنێ گوللە ببارێ، متبەخەکانی بەرەی شەڕ لەوێدان."

**مەستەکە:**

هیچ بۆ من باس مەکە. لە چارەت دەیبینم تۆ بە دزییەوە بە خۆت دەڵێی: "گوو بە دەمی خۆت و شەڕت".

(بەتوندی دەیگرێ).

بۆچی دەتەوێ لەگـەڵ شـەڕدا بی، چ سـوودی بۆت هەیە، دانی پێدا بنێ، تۆ گوو دەکەیتە شەڕ!

**شڤایک:**

(بە ڕەقیی):

من دەچم بۆ ستالینگراد، هەروەها تۆش، لەبەرئەوەی فەرمانە و ئێمە وەکو گەشتیاری تەنیا لەوانەیە لە برسا بمرین. من جارێک ئەمەم پێ وتی.

(لە ڕێکردن بەردەوام دەبن).

**مەستەکە:**

بەپێ شەڕ خەمهێنەرە.

(دەوەستێ):

ئەوا کوخـەکە دەبینم، دەچین بۆ ئەوێ، تفەنگەکەت هێناوەتە سەر پێ؟

(کوخێک دەردەکەوێ، بەرەو کوخەکە دەچن).

**شڤایک:**

بەڵام تکا دەکەم، هەراوهوریا نەکەن، ئەوانیش مرۆڤن و ئێوەش زۆرتان خواردووەتەوە.

**مەستەکە:**

تفەنگەکەت بۆ تەقە ئامادە کە، ئەمانە کافرن، بەرهەڵستی مەکە.

(لە کوخەکەوە پیرەژنە جووتیارێک و ژنێکی گەنج بە منداڵێکی بچووکەوە دەردەچن).

**مەستەکە:**

سەیر کە دەیانەوێ هەڵبێن. دەبێ ڕێیان لێ بگرین. بپرسە لە کوێ ڤۆدکاکەیان لە چاڵ ناوە و سەیرکە چ سەرپۆشێکی بە سەرەوەیە، ئەوە بۆ خۆم دەبەم، من دژوار سەرمامە.

**شڤایک:**

سەرماتانە، لەبەرئەوەی سەرخۆشن و خۆ دوو پاڵتۆی کەوڵتان لە بەردایە.

(بە ژنە گەنجەکەی کە بێ جووڵە وەستاوە):

ڕۆژ باش، چیی ڕێیەک لێرەوە دەچێ بۆ ستالینگراد؟

(ژنە گەنجەکە بە ئاراستەیەک پێشان دەدا، بەڵام داڵغەی لێ داوە).

**مەستەکە:**

دانی پێدا دەنێت، کە ڤۆدکایان هەیە؟

**شڤایک:**

تۆ دانیشە، من مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم و دوایی دەڕۆین، من هیچ شەڕ و هەرایەکم ناوێ.

(بە ژنەکە، بە میهرەبانییەوە):

بۆ وا لە بەردەم خانووەکەدا وەستاون؟ دەتانویست بڕۆن؟

(ژنەکە سەر دەلەقێنێ).

بەڵام دەستماڵەکە تەنکە. هیچی ترت نییە لە بەریکەی؟ ئەمە کەمە.

**مەستەکە:**

(لەسەر زەوییەکە دانیشتووە):

تفەنگەکە بەرە، ئەمانە هەموو گۆریلان، کافرن.

**شڤایک:**

(بە ڕەقیی):

تۆ دەمت داخە.

(ڕوو دەکاتە ژنەکە):

ڤۆدکا؟ ئەو بەڕێزە نەخۆشە.

(شڤایک هەموو پرسیارەکان بە ئاماژە ڕوون دەکاتەوە. ژنەکە سەر ڕادەوەشێنێ).

**مەستەکە:**

(بە بەدناکییەوە):

سەرت ڕادەوەشێنی؟ من پێشانتی دەدەم. من سەرمامە و تۆش سەر ڕادەوەشێنی.

(بە زەحمەت هەڵدەستێ و بە لەتردان بە مشت بەرزکردنەوە بەرەو ژنەکە دەچێ. ژنەکە ڕادەکاتە کوخەکەوە، دەرگەکە لەسەر خۆی دادەخا. قەشەی لەشکر بە پێلەقە دەرگەکە دەکاتەوە و دەچێتە ناو کوخەکەوە).

دەتکوژم.

**شڤایک:**

(بەبێ ئاکام هەوڵی دا بیگرێ):

ئێوە لە دەرەوە بمێننەوە. ئەوە ماڵی ئێوە نییە.

(شڤایک بە دوای قەشەدا دەچێتە ژوورەوە. پیرێژنەکەش دەچێتەوە ژوورەوە. ئەمجا قیژەی ژنەکە و تەق و تۆقی لە یەکدان دەبیسترێ. شڤایک لەناو کووخەکەوە):

ئێوەش چەقۆکە دانێن. واز بێنە! من دەستت دەشکێنم، مالۆس. ئێستا بۆ دەرەوە.

(ژنەکە بە منداڵەکەوە لە کووخەکەوە دەردەچێ. یەکێک لە پاڵتۆکانی قەشەی لەشکری لە بەردایە. پیرێژنەکە لە دوایەوەیە).

**شڤایک:**

(بۆ دەرەوە بە دوایان دەکەوێ).

با بنوێ هەتا مەستییەکەی بەری دەدا. هەوڵ بدەن خۆتان بشارنەوە.

**پیرێژنەکە:**

(بە نەریتی کۆن لە بەردەم شڤایکدا دادەچەمێتەوە):

خوا پاداشتت بداتەوە، سەرباز، تۆ مرۆڤێکی باشی، ئەگەر نانمان هەبوایە، نانێکم دەدایتێ. لەوانەیە پێویستت پێی بێ. بۆ کوێ دەچی؟

**شڤایک:**

ئاخ، بۆ ستالینگراد، دایکە. بۆ شەڕ. دەتوانن پێم بڵێن، چۆن بۆ ئەوێ بچم؟

**پیرێژنەکە:**

تۆ سلاڤیت، وەکو ئێمە قسە دەکەی، تۆ بۆ کوشتار نەهاتووی، لەگەڵ هیتلەرییەکان نیت. خوا بتپارێزێ.

(دەست بە نزاکردن دەکا بۆی).

**شڤایک:**

(بە بێشەرم):

دایکە، دڵت نەیەشێ، من سلاڤیم، دوعاکانت بۆ من بە فیڕۆ مەدە، من سەر بە لەشکری کۆمەککردنم.

**پیرێژنەکە:**

کوڕم، خوا بتپارێزێ، تۆ دڵت پاکە، هاتووی بۆ کۆمەککردنی ئێمە، بۆ لێدانی هیتلەرییەکان یارمەتی دەدەی.

**شڤایک:**

(بە جەختکردنەوە):

مەبەستت خراپ نییە، دەبێ بڕۆم، من ئەمەم هەڵنەبژاردووە، دایکە من زۆر لەو بڕوایەدام کە تۆ کەڕی.

**پیرێژنەکە:**

(لەگەڵ ئەوەشدا کچەکەی هەردەم قۆڵی ڕادەکێشێ):

یارمەتیمان دەدەی دز و جەردە قڕ بکەین، سەرباز خێراکە، خوا بتپارێزێ.

(کچە گەنجەکە پیرێژنەکە ڕادەکێشێ، دەڕۆن. شڤایک بە دەم سەر ڕاوەشاندنەوە دەڕوا. شەو داهاتووە، ئاسمان پڕە لە ئەستێرە. شڤایک لە بەردەم ڕێنوێنییەک ڕاوەستاوە و بە لایتەکەی ڕووناکی دەخاتە سەر. بەسەرسوورمانەوە دەیخوێنێتەوە: "ستالینگراد ٥٠ کیلۆمەتر و لە ڕێکردن بەردەوام دەبێ. لە پڕ تەقە دەبیسترێ. شڤایک یەکسەر تفەنگەکەی بەرز دەکاتەوە، بۆ ئەوەی خۆی بە دەستەوە بدا. بەڵام کەس نایەت و تەقەش نامێنێ. شڤایک خێراتر ڕێ دەکا. کاتێ لە ڕۆیشتنە بازنەییەکەیدا دەردەکەوێتەوە هەناسەبڕکێی پێ کەوتووەو لەسەر کلیلە بەفرێک دادەنیشێ).

**شڤایک:**

(گۆرانی دەڵێ):

کاتێ ئێمە بۆ کۆڤنۆ هاتین

بە دڵمان نەبوو.

بۆ پەرداخێک مەی

جووتێ پۆستاڵیان لێ سەندین.

(شاورەکە لە دەمی دەکەوێتە خوارەوە، خەوی لێ دەکەوێ و خەون دەبینێ. لە تیشکێکی زێڕینندا مێزەکەی شڤایک لە "بادە"دا دەردەکەوێ. بە دەوری مێزەکەدا کۆپێچکا خان بە جلی

بووکێنییەوە، پرۆخاسکای لاو بە قاتەوە، کاتی، ئانا و بالوون، کە قاپێکی پڕی لە بەردەمە دانیشتوون).

**کۆپێچکا خان:**

بۆ خواردنی زەماوەندیش گێزێلخەکەت دەدەینێ، جەنابی بالون. بەبێ گۆشت سوێندتان خوارد، ئەمە شەرەفە بۆ ئێوە، بەڵام بۆ ئەوەی سوێندەکە نەشکێن، جاروبار گرتکە گۆشتێک لە جێی خۆیدایە.

**بالون:**

(بە دەم نانخواردنەوە):

من زۆر حەزم لە نانخواردنە، لە خوا بەزیاد بێ. خوای گەورە هەموو شتێکی ئەفراندووە، هەر لە خۆرەوە هەتا زیرە.

(سەیری قاپەکە دەکا):

ئایا ئەمە گوناهە؟ کۆترەکان دەفڕن، مریشکەکان بە دەنووک دانەوێڵە لە زەوی هەڵدەگرنەوە. خاوەن میوانخانەی "هوس" بە ١٧ جۆری دەیزانی مریشک ئامادە بکا. ٥ شیرین، ٦ مزر، ٤ ئاخنراو. قەشەکە لە بودڤایس وتی، وەکو نان شەرابم لە زەوییەوە بۆ دەڕوێ، لەبەر نەخۆشی شەکر بۆی نەبوو بیخوا، منیش لە توانامدا نییە. لە پیلسن لە ساڵی ٣٢دا لە شلۆسبرۆی کەروێشکێکم خوارد، ئاشپەزەکە مردووە، ئیتر ناچن بۆ ئەوێ، کەروێشکی وام هەرگیز بە چاوی خۆم نەبینییەوە. لەگەڵ سۆس و کفتە پەتاتەدا بوو. ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی نائاسایی نییە، بەڵام ئەمەیان لە سۆسدا بوو، کە کفتەکە وا دەرچووبوو ئاشپەزەکە وەکو شێتی لێ هاتبوو، کە خۆی خۆی نەدەناسییەوە،

وەکو بە سەریدا هاتبێ، بە ڕاستیش خۆشە، هەرگیز جارێکی تر نەمبینییەوە، ئاشپەزەکە ڕاچێتەکەی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵەوە. ئەو خواردنە بۆ مرۆڤایەتی کۆتایی هاتووە.

**ئانا:**

گازندە مەکە. دەبێ ئێستا جەنابی شڤایک چی لەبارە بڵێ، کە ئێستا ڕەنگبێ پەتاتەیەکی سوورەوەکراویشی نەبێ.

**بالون:**

ئەمە ڕاستە. مرۆڤ هەموو کات دەتوانێ فریای خۆی بکەوێ، لە پودۆنیتس، کاتێ خوشکەکەم شووی کرد، جارێکی تر بە ڕێژە کردیان، ٣٠ کەس، لەلای خاوەن میوانخانەکەی مۆدینیتس، کوڕ و کچ و پیرەکانیش، وازیان نەهێنا، شلە، گۆشتی گوێرەکە، گۆشتی بەراز، مریشک، دوو گوێرەکە و دوو بەرازی چەور، هەر لە سەریانەوە هەتا کلکیان، بە کفتە و کەلەرمەوە لە بۆشکە دا و یەکەم جار بیرە ئەمجا مەی. لە ئێستاوە دەزانم قاپەکەم خاڵی نابێ و دوای هەموو پارووێک سەتڵێک بیرە یان پەرداخێک مەی بە سەریدا. جارێکیان بێدەنگییەک بوو، وەکو لە کڵێسادا، کاتێ گۆشتی بەرازیان هێنا. هەموویان مرۆڤی باش بوون، چۆن لەلای یەکەوە نانیان خوارد و گەدەیان پڕ کرد، بۆ هەر یەکەیان دەستم بە ئاگردا دەکرد. هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدا بوو، دادوەرێک لە دادستانی پیلسنەوە، لە ژیانی شەخسیدا سەگێکی چەشە بۆ دز و کرێکار. خواردن مرۆڤ بێ وەی دەکا.

**کۆرێچکا خان:**

بۆ شەرەفی جەنابی بالون ئێستا گۆرانی "بادە" دەڵێم.

(گۆرانی دەڵێ):

**گۆرانی بادە**

میوانی ئازیز وەرە دانیشە
لە لامان لە دەوری مێزەکە دانیشە
بۆ ئەوەی شلە و گۆشت بە کەلەرمەوە بخۆی
یان ماسی مۆڵداو.

ئەگەر شتێکت لە مەنجەڵەکەدا دەوێ
دەبێ بنمیچێکت بە سەرەوە بێ
وەکو مرۆڤ ئەوە شایانتە
بە خێر هاتی و گەورەت کردین
بۆ تەنیا ٨٠ هێلەر.

پێویستت بە پشت و پەنا نییە
شەرەف تەنیا زیانی بە دواوەیە
ئەگەر لووتت لە ڕوودا هەیە و
بانگهێشت دەکرێی.
ئەگەر کەمێک میهرەبان بی
پێویستت بە نوکتە و سەروەریی نییە
پەنیری خۆت بخۆ و بیرەی خۆت بخۆرەوە
بە خێر بێی بۆ ئێرە
٨٠ هێلەرەکەش.

جارێک بەیانی زوو سەیری دەرەوە دەکەین

تا بزانین ئایا ئاووهەوا خۆش دەبێ
ماڵەکە بە خۆڵی مرۆڤ
بووە شوێنی شایانی میوان.
هەموو کەسێک وەکو مرۆڤ سەیری دەکرێ
هیچ کەسێک لە بیر ناکرێ
بنمیچێکمان دژی بەفر و با هەیە
لەبەرئەوەی دژوار سەرمابردوین
بە ٨٠ هێلەریشەوە!

(هەموو ڕیفرەینەکەیان لەگەڵ دەڵێنەوە).

**بالون:**

کاتێ باپیرم لە لیژنەی حیسابات باجگر بوو لە نەخۆشخانەی پانکراز پێیان گوتبوو، کە، کەمێک سنوور دانێ، ئەگینا کوێر دەبێ، لە وەڵامدا گوتبووی: "من زۆرم بینیوە، بەڵام هێشتا پڕ بە دڵی خۆم نانم نەخواردووە."

(لەپڕ دەست لە خواردن هەڵدەگرێ).

حەزرەتی مەسیح، تەنیا لەو سەرما سەختەی ئەوێدا شڤایک ڕەق نەبێتەوە.

**ئانا:**

نابێ ڕاکشێ. دەڵێن کاتێ گەرمایان دەبێ، ڕەق دەبنەوە.

("بادە" ون دەبێ، دیسان ڕۆژ بووەتەوە. کڕێوەیەک دەست پێ دەکا. شڤایک لەژێر کلووە بەفردا دەجووڵێتەوە. هاڕەی زنجیری زرێپۆشێک دەبیسترێ).

**شڤایک:**

(قیت دەبێتەوە):

خەریک بوو خەوم لێ بکەوێ. بەڵام ئێستا دەرچۆ، بۆ ستالینگراد! (هەڵدەستێ و دەکەوێتەوە ڕێ. لەناو کرێوە بەفرەکەوە ماشێنێکی زرێپۆش بە سەربازی ئەڵمانییەوە دەردەکەوێ، سەروچاویان سپی وەک گەچ یان شینباو لە ژێر خودە ئاسنینەکانەوە دەردەکەوێ، هەموویان بە هەموو جۆرە قوماشێک، کەوڵ، تەنانەت بە تەنوورەی ژنان دەمامکیان کردووە).

**سەربازەکان:**

(گۆرانی دەڵێن):

**بەزەیی پێداهاتنەوەی ئەڵمانی**

ڕۆژێکی خۆش سەرۆکەکانمان فەرمانیان پێ کردین
شاری بچووکی دانتسیگیان بۆ داگیر بکەین.
ئێمە بە زرێپۆش و تۆپ وەشێنەوە چووینە ناو پۆڵۆنیاوە
بە سێ هەفتە داگیرمان کرد.
خوایە بمانپارێزی.

ڕۆژێکی خۆش سەرۆکەکانمان فەرمانیان پێ کردین
نەرویج و فەڕەنسایان بۆ داگیر بکەین.
ئێمە بە زرێپۆش و تۆپ وەشێنەوە چووینە ناو نەرویج و فەڕەنساوە
لەساڵی دووەمدا بە پێنج هەفتە داگیرمان کرد.

خوایە بمانپارێزی.

ڕۆژێکی خۆش سەرۆکەکانمان فەرمانیان پێ کردین
سێربیا، یۆنان و ڕووسیایان بۆ بگرین.
ئێمە چووینە ناو سێربیا، یۆنان، ڕووسیاوە
وا ئێستا بۆ دوو ساڵی درێژ دەچێ بۆ ژیانێکی ڕووت تێ دەکۆشین.
خوایە بمانپارێزی.

ڕۆژێکی خۆش سەرۆکەکانمان فەرمانمان پێ دەکەن
بنی دەریای قووڵ و شاخەکانی مانگیان بۆ بگرین.
قورسە لێرە لە وڵاتی ڕووسەکاندا.
دوژمن بەهێز و زستانەکان سارد و ڕێگەی ماڵەوە نادیارە.
خوایە بمانپارێزە و بمانبەرەوە بۆ ماڵەوە.
(ماشێنە زرێپۆشەکە لە کرێوەدا دیار نامێنێ. شڤایک لە ڕێکردن بەردەوام دەبێ.
ڕێنوێنییەکی ڕێگە دەردەکەوێ، ئاراستەیەکی ڕاست و چەپ پێشان دەدا. شڤایک ئافەرۆزی دەکا. بەڵام لەپڕ دەوەستێ و گوێ دەگرێ. ئەمجا دادەچەمێتەوە، بە دەنگی نزم فیکە لێ دەدا و چەقەنە لێ دەدا. لە دەوەنە بە بەفر داپۆشراوەکەوە سەگێکی برسی دەردەکەوێ).

**شڤایک:**

خۆ من زانیم تۆ لەناو ئەو دەوەنەدا خۆت شاردووەتەوە و بیر

دەکـەیتـەوە دەرچی یان نـا، وا نیـیـە؟ تۆ تێکەڵـەیەکی لە نـێـوان شناوتسـەر[١٥] و سـەگی شـێـفـەر[١٦]دا و کـەمـێک دۆگـە[١٧] شت تێدایە، من بـە ئەیاکس بانگت دەکـەم. هـەڵمـەتروشکێ و واز لەو هەڵلەرزینە بهێنە، من تەحەمولی ئەوە ناکەم.

(لە ڕێکردن بەردەوام دەبێ، سەگەکە دوای دەکەوێ).

ئێـمـە دەچین بـۆ سـتـالینگراد. لەوێ سـەگی تر دەبینـی، ئەوێ جموجۆڵی لێیە. ئەگەر دەتەوێ لە شەڕ تیا نەچی، نزیکی ئەوانی تر و شـتـە بـاوەکان بمێنەرەوە، ئەمـلا و ئەولا مـەکە، بگرە دەمت داخە هەتا دەتوانی قەپ بگری. شەڕ بۆ هەردەم درێژە ناکێشێ، ئەوەندە کـەم وەکـو ئاشـتی، دوای ئەوە لەگـەڵ خـۆم دەتبـەم بۆ "بادە" دەبێ ئاگـەداری بالون بین نـەتخـوا، ئەیاکس. خـەڵکی دەیانەوێ سـەگیـان هـەبێ و ڕەچەڵەکت سـاختـەی تێ دەکـرێ، لەبـەرئەوەی پاکـڕەسـەنیـان دەوێ، شـتـێکی بێ مـانایە، بەڵام دەیانەوێ. مەیەرە نێوان لاقەکانمەوە، ئەگینا خواردن نییە. دەی بۆ ستالینگرد!

(کرێوەی بەفر خەستتر دەبێ، شڤایک و سەگەکە دادەپۆشێ).

(١٥) جۆرە سەگێکی ئەڵمانی لمۆز درێژە. (وەرگێڕ).

(١٦) سـەگێکی گەورەی ئەڵمـانیـیـە پتر بـۆ پاسـەوانیی مێگەڵ بەکـار دەهێنرێ. (وەرگێڕ).

(١٧) جۆرە سەگێکی گەورەی تووک کورتی ئەڵمانییە. (وەرگێڕ)

## پاشگەمە

(شڤایکی سەربازی سەلاری هیتلەر ماندووییەناسانە بەرەو ستالینگرادی هەموو کات یەکسان دوور ڕێ دەکا، کاتێ لەناو کرێوەی بەفرەوە دەنگی مۆسیقایەکی درِندە دێ و بوونەوەرێکی زۆر گەورە دەر دەکەوێ: ئەدۆڵف هیتلەر. بەیەکگەیشتنی مێژوویی شڤایک و هیتلەر ڕوو دەدا).

**هیتلەر:**

ڕاوەستێ! دۆستی یان دوژمن؟

**شڤایک:**

(بەو جۆرەی ڕاهاتووە سلاوی سەربازی بۆ دەکا):

هایتلەر!

**هیتلەر:**

(بەناو زریاندا):

چی؟ یەک وشە تێ ناگەم.

**شڤایک:**

(بە دەنگی بەرزتر):

من وتم هایتلەر. ئێستا لێم تێ دەگەن؟

**هیتلەر:**

بەڵێ.

**شڤایک:**

بایەکە لەگەڵ خۆی دەیبا.

**هیتلەر:**

ڕاستە. بەوە دەچێ زریان بێ. دەمناسیتەوە؟

**شڤایک:**

تکایە، ئەوەیان نا.

**هیتلەر:**

من پێشەوام.

(شڤایک، کە دەستێکی بەرز کردبووەوە، بە ترسەوە تفەنگەکەی فڕێ دەدا و دەستەکەی تریشی بەرز دەکاتەوە، وەکو بیەوێ خۆی بە دەستەوە بدا).

**شڤایک:**

حەزرەتی پیرۆزی یوسف!

**هیتلەر:**

ئارام بن! ئێوە کێن؟

**شڤایک:**

من شڤایکم خەڵکی بودڤایسم، لەو شوێنەی مۆڵداو پێچ دەخواتەوە. بە پەلە خۆم گەیاندە ئێرە، بۆ ئەوەی لە ستالینگراد یارمەتیتان بدەم. تکایە تەنیا پێم بڵێ: ستالینگراد لە کوێیە؟

**هیتلەر:**

لەعنەت لە شەیتان بێ من لە کوێوە بزانم لە کوێیە

لەم ڕێگەوبانە بۆلشەڤییە وێرانانە!

لەسەر نەخشەکە ڕێگەی ڕۆتۆڤ–ستالینگراد ڕێک و ڕاست بوو
زۆر لە پەنجە بچووکم درێژتر نەبوو.
ئێستا دەردەکەوێ ڕێگەکەی ئەوێ درێژترە.
جگە لەوەش ئەم زستانە زۆر زوو دەستی پێ کرد.
لە جیاتی لە پێنجی نۆڤەمبەردا لە سێی نۆڤەمبەردا دەستی پێ کرد،
ئەمساڵ دووەم ساڵە.
ئەم زستانە فێڵێکی بۆلشەڤی ڕاستەقینەیە
لە ئێستادا نازانم بۆ نموونە پێشەوە لە کوێیە و دواوە لە کوێیە.
من لەو بڕوایەدا بووم، کە بەهێزتر سەردەکەوێ.

**شڤایک:**

هەر ئاوایش بوو.
(دەستی بەوە کردووە پێ بە زەویدا بکوتێ و قۆڵی بە بە ناوقەدیدا بدا، لەبەرئەوەی زۆر سەرمایەتی).

**هیتلەر:**

جەنابی شڤایک، ئەگەر ئیمپراتۆریەتی سێیەم ژێر بکەوێ
تەنیا هێزەکانی سروشت لەم بەدبەختییەدا گوناهبار بوون.

**شڤایک:**

بەڵێ، وەکو بیستوومە زستان و بۆلشەڤیک.

**هیتلەر:**

(دەست بە ڕوونکردنەوەیەکی درێژ دەکا):

مێژوو فێرمان دەکا، دەوترێ: ڕۆهەڵات یان ڕۆئاوا.
وەکو هێرمانی چێروسکی...

**شڤایک:**

باشــتــرە بەدەم ڕێوە بـۆمی ڕوون بکەیتـەوە، ئـەگـینا لێـرە ڕەق دەبینەوە.

**هیتلەر:**

باشـە، دەی بۆ پێشـەوە.

**شڤایک:**

بەڵام لەگەڵ ئێوەدا بۆ کوێ بڕۆم؟

**هیتلەر:**

با بەرەو باکور تاقی بکەینەوە.
(چەند هەنگاوێک بەرەو باکور دەبڕن).

**شڤایک:**

بەفر هەتا ئەژنۆیە.

**هیتلەر:**

دە بەرەو باشوور!
(چەند هەنگاوێک بەرەو باشوور دەبڕن).

**شڤایک:**

(دەوەستێ، فیکە دەکێشێ):
ئەوانە چیاکانی مردووەکانن.

**هیتلەر:**

دە بەرەو ڕۆهەڵات دەڕۆم.

(چەند هەنگاوێک بەرەو ڕۆهەڵات دەبڕن).

**شڤایک:**

(دەوەستێ، فیکە دەکێشێ).

سوورەکان لەوێ وەستاون.

**هیتلەر:**

ئەوە ڕاستە.

**شڤایک:**

لەوانەیە باشتر بێ بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە؟ ئەمە مانایەکی تێدایە.

**هیتلەر:**

ئەوێ گەلی ئەڵمانیمی لێیە. ناتوانم بچم بۆ ئەوێ.

(هیتلەر خێرا بە دوای یەکدا بە هەموو ئاراستەکاندا دەڕوا.

شڤایک بە فیکە دەیگێڕێتەوە).

**هیتلەر:**

بۆ ڕۆهەڵات. بۆ ڕۆئاوا، بۆ باشوور، بۆ باکور.

**شڤایک:**

ناتوانن لێرە بمێننەوە، نایشتوانن بڕۆن.

(جوڵانەوەکانی هیتلەر بە هەموو ئاراستەکان خێراتر دەبن).

**شڤایک:**

(دەست بە گۆرانی گوتن دەکا):

بەڵێ، تۆ ناتوانی بگەڕێیتەوە و ناتوانی بەرەو پێشەوە بڕۆی.

لە سەرەوە نابووتی و لە خوارەوە فەوتاو.

بای ڕۆهەڵاتت بۆ ساردە و خاکی ژێر پێت بۆ گەرمە

زۆر بە ڕاشکاوی پێت دەڵێم، تەنیا ئێستا نازانم
ئێستا بەر گوللەت بدە م یان گووت پێدا بکەم.
(هێرشە دڕدۆنگەکانی هیتلەر بوونەتە سەمایەکی دڕندانە).
کۆرسی هەموو نمایشتکارەکان:
(کە دەمامکەکانیان دادەکەنن و دەچنە سەر سەکۆکە):

**گۆرانی مۆڵداو**

لە بنی مۆڵداودا بەردەکان دەگەڕێن.
سێ قەیسەر لە پراگ نێژراون.
گەورەکە گەورە نامێنێتەوە و بچووک بچووک نامێنێتەوە.
شەو دوازدە سەعاتە و ئەمجا ڕۆژ دادێ.
کاتەکان دەگۆڕێن. پلانە گەورەکان دەگۆڕێن.
دەسەڵاتدارەکان لە کۆتاییدا دەوەستن.
وەکو کەڵەشێری خوێناوی دەڕۆن
کاتەکان دەگۆڕێن، زەبروزۆر داد نادا.

لە بنی مۆڵداودا بەردەکان دەگەڕێن.
سێ قەیسەر لە پراگ نێژراون.
گەورە گەورە نامێنێتەوە و بچووک بچووک نامێنێتەوە.
شەو دوازدە سەعاتە و ئەمجا ڕۆژ دادێ.

پێڕست

پێشەکی – کەریم پەڕەنگ ........ 5
پێشنمایش لە دەڤەرە بەرزەکاندا ........ 22
نمایشی نێوبڕ لە دەڤەرە نەوییەکاندا ........ 62
نمایشی ناوبڕ لە دەڤەرە بەرزەکاندا ........ 84
گەمەی ناوبەند لە دەڤەرە بەرزەکاندا ........ 130
پاشگەمە ........ 170